
ریچارد ستێنگەل

پانزە وانەی ژیان، خۆشەویستی و بوێری

# ڕێگای ماندێلا



ماندێلا
پێشەکی
بۆ نوسیووە

و.لە ئینگلیزییەوە: بەرهەم ناودەشتی

Scanned with CamScanner

238 posts | 19.2k followers | 7 following

Promote | Edit Profile

پەڕەی فەرمی 📚 کتێبی PDF 📚

Public Figure

لێرە

باشترین و بەسودترین و پڕ خوێنەرترین کتێبەکان

بە خۆڕایی و بە شێوەی PDF داگرە

.


Ganjyna

.

لینکی کتێبەکان 👇 ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان

drive.google.com/folderview?id=1gk8e3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSVslbo_

Ktebi_PDF




Scanned with CamScanner

ریچارد ستێنگەل

# ڕێگای ماندێلا

## پانزە وانەی ژیان، خۆشەویستی و بوێری

نیلسۆن ماندێلا پێشەکی بۆ نوسیووە

و.لە ئینگلیزییەوە:ڕبەرهەم ناودەشتی

چاپی یەکەم

٢٠١٤



Scanned with CamScanner

لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما

زنجیرە 503

## ناسنامەی کتێب

### ڕێگـــــای مانێلا

نوسینی: ریچارد ستێنگەل

وەرگێڕانی: بەرهەم ناودەشتی

نەخشەسازیو بەرگ : فواد کەولۆسی

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم

ساڵی چاپ: ٢٠١٤

شوێنی چاپ: چاپخانەی کەنج

تیراژ: ١٠٠٠

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی: (١٠٦٧)ی ساڵی ٢٠١٤ی پێدراوە.

ناونیشان

سلێمانی ـــ بازاڕی سلێمانی ـــ بەرامبەر بازاڕی خەفاف.

ژمارەی مۆبایل: (٠٧٧٠١٥٧٤٢٩٣) (٠٧٥٠١١٩١٨٤٧)

Scanned with CamScanner

پێڕست


پێشەکی ........................................ ٥
پیاوێکی ئاڵۆز ........................................ ٦
١ ........................................ ٢٥
بوێری، نەبوونی ترس نییە ........................................ ٢٥
٢ ........................................ ٣٨
هاوسەنگ بە ........................................ ٣٨
٣ ........................................ ٥٤
لە پێشەوە ڕێبەرایەتی بکە ........................................ ٥٤
٤ ........................................ ٧١
لەدواوە ڕێبەرایەتی بکە ........................................ ٧١
٥ ........................................ ٨١
کە چوویتە شاری کوێران دەست بە چاوتەوە بگرە ........................................ ٨١
٦ ........................................ ٩٦
پرەنسیپێکی جەوهەریت هەبێت- هەموو شتێک ........................................ ٩٦
٧ ........................................ ١٠٨
باشی لەوانیتردا ببینە ........................................ ١٠٨
٨ ........................................ ١٢٣
دوژمنەکەت بناسە ........................................ ١٢٣
٩ ........................................ ١٣٩
با ڕکابەرەکانت لێتەوە نزیک بن ........................................ ١٣٩
١٠ ........................................ ١٤٨
بزانە کەی دەڵێیت نا ........................................ ١٤٨




Scanned with CamScanner

١١ ..................................................................... ١٥٣
ئەمە گەمەیەکی درێژخایەنە ........................................ ١٥٣
١٢ ..................................................................... ١٦٠
خۆشەویستی جیاوازییەکە دروست دەکات ................................ ١٦٠
١٣ ..................................................................... ١٧٩
وازهێنانیش، ڕێبەرایەتییە............................................ ١٧٩
١٤ ..................................................................... ١٨٥
هەمیشە هەردووکیانە ................................................ ١٨٥
١٥ ..................................................................... ١٩٢
باخی خۆت بدۆزەرەوە ................................................ ١٩٢
دیاریی ماندێلا..................................................... ٢٠٠



Scanned with CamScanner

## پێشەکی

لە ئەفریقا چەمکێك هەیە بە (ئوبونتو) ناسراوە- واتە ئێمە تەنیا لە ڕێگەی مرۆڤبوونی ئەوانیترەوە مرۆڤین، ئەگەر ئێمە هەر دەستکەوتێکمان لەم جیهانەدا هەبێت، ئەوا بەهۆی دەستکەوت و کاری ئەوانیترەوەیە. "ریچارد ستێنگەل" یەکێکە لەو کەسانەی کە لەم بیرۆکەیە تێدەگات. ئەو نووسەرێکی دیارە و تێگەیشتنێکی قووڵی لە مێژووی ئێمە هەیە. ئێمە زۆر سوپاسی دەکەین لە بەرانبەر هاوکارییەکەی لە نووسینی کتێبی (گەشتی درێژ بەرەو ئازادی). ئێمە چەند سەعاتێکی گەرم و گوڕی پڕ یادەوەریمان لە گفتوگۆ و کاری سەخت بەسەر برد بۆ پێکەوەنانی ئەو پرۆژەیە. ئەو تێگەیشتنێکی قووڵی بەرانبەر ئەو تەحەدییە زۆرانەی بەردەم ڕێبەرایەتی خستووەتەڕوو کە هێشتا ڕووبەڕووی جیهانی ئەمڕۆ و کەسەکانی ناوی دەبنەوە. هەموو کەسێك دەتوانێ وانەی لێوە فێر ببێت.

نیلسۆن ماندێلا،

تشرینی دووەمی ٢٠٠٨



Scanned with CamScanner

# پیاوێکی ئاڵۆز

ئێمە ئاوات بۆ پاڵەوانەکان دەخوازین بەڵام ژمارەیەکی کەممان هەیە. لەوانەیە نیلسۆن ماندێلا دوایین پاڵەوانی پاك و بێگەرد بێت لەسەر ئەم هەسارەیە. ئەو رەمزی دەم بە خەندەی قوربانیدان و کرداری چاکە، ملیۆنان کەس وەکو قەدیسێك رێزی لێ دەنێن، بەڵام ئەم وێنەیە تاکڕەهەندە. ئەو دەبێتە یەکەم کەس کە پێت دەڵێت ئەو لە قەداسەتەوە دوورە– ئەم خاکیبوونەش لە شوێنی خۆیدایە.

نیلسۆن ماندێلا پیاوێکە زۆر هاودژی تیایە. کەسێکی سارد و سڕە، بەڵام بە ئاسانی بریندار دەبێت. ئەو هەستیارە بەرانبەر ئەوەی کە ئەوانیتر هەستیان چۆنە، بەڵام زۆرجار نزیکترین کەسانی دەوروبەری پشتگوێ دەخات. ئەو لە بواری پارەدا کەسێکی بەخشندەیە، بەڵام کاتێك بەخششێك ئەدات فلس فلس حسابی دەکات. پێ لە جاڵجاڵۆکەیەك یان سیسرکێك نانێت، بەڵام فەرماندەی یەکەمی باڵی سەربازیی حزبی (کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقا) بووە. ئەو پیاوی گەلە، بەڵام تەنیا لەگەڵ کەسە بەناوبانگەکاندا دەردەکەوێت. ئەو تامەزرۆیە دڵت خۆش بکات، بەڵام ناترسێت بڵێت نا. حەزی لەوە نییە پیایدا هەڵبوترێت، بەڵام پێت



Scanned with CamScanner

دەڵێتەوە چ کاتێك پێویستە ستایش بکرێت. ئەو دەستی یەك بە یەکی ئەوانە دەگووشێت کە لەناو مەتبەخەکەدان، بەڵام ناوی هەموو پاسەوانەکانی نازانێت.

کەسایەتییەکەی تێکەڵەیەکە لە شاهانەیی ئەفریقی و خانەدانیی بەریتانی. هەڵسوکەوتی نەرم و نیانی هەیە- دواجار، ئەو لە قوتابخانە کۆلۆنیالە بریتانییەکان فێری بووە، لەو مامۆستایانەی کە (دیکنز)یان خوێندووەتەوە کاتێك دیکنز هێشتا خەریکی نووسین بوو. ئەو کەسێکی رەسمییە: کەمێك دەچەمێتەوە و دەستت بۆ رادەکێشێت تا یەکەم جار برۆیت. بەڵام بەهیچ شێوەیەك ئەوەندەش شت لێکناداتەوە و جددی نییە. ئەو تەقریبەن بەشێوەیەکی کلینیکی دەچێتە ناو باسی رۆتینی تۆیلێت لە بەندیخانە لە دوورگەی (رۆبێن) یان ئەمەی کە هەستی چۆن بووە کاتێك لە سروتی خێڵەکیدا و لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا چەرمی ئەندامی نێرینەیان بڕیووە. ئەو کاتێك لە لەندەن یان جۆهانسبێرگە، قاپ و قاچاخی زیوی سەرنجراکێش بەکار دێنێت، بەڵام کاتێك لە ناوچەی زێدی خۆیەتی لە (ترانسکی)، بە دەست چێشت دەخوات کە نەریتێکی ناوچەکەشە.

نیلسۆن ماندێلا زۆر وردەکارە. ئەو خۆی کلێنس لەناو پاکەت دەردەهێنێت و خۆی قەدی دەکات پێش ئەوەی بیخاتە ناو گیرفانی پێشەوەی. خۆم لە چاوپێکەوتنێکدا بینیوومە کە پێڵاوەکەی دادەکەنێت بۆئەوەی گۆرەوییە بەرئاوەژووەکەی چاك بکاتەوە. لە بەندیخانەدا، نوسخەی لە یەك بە یەکی ئەو نامانەی نوسیووەتەوە کە بەدرێژایی زیاتر



Scanned with CamScanner

له دوو دەیە نوسیوونی و لیستێکی درێژی له هەر نامەیەك كە بە دەستی گەیشتووە لای خۆی پاراستووە لەگەڵ تۆمارکردنی بەرواری بەدەست گەیشتن و کاتی وەڵامدانەوەشی. تاوەکو هاوسەرگیریکردنی لەگەڵ (گراسا ماشێل)، لەسەر لایەکی پێخەفە گەورەکەی دەخەوت، لەکاتێکدا کە لایەکەی تری بە خاوێنی و دەست لێنەدراوی مایەوە. ئەو پێش بەرەبەیان لە خەو هەڵدەستێت و تەقریبەن هەموو بەیانییەك جێگەکەی ڕێکدەخات، جا چ ئەوەی لە هۆتێل بێت یان لەماڵەوە. من هەستم بە واق ورمانی کارگوزارەکان کردووە کاتێك بینیوویانە ئەو سەرینەکەی ڕێکدەخات. رقی لە دواکەوتنە و لەسەرمەوعید نەبوون بە کەموکورییەکی ئەخلاقی لەقەڵەم دەدات.

من قەت کەسێکی هێمنی وەکو ماندێلام نەبینیووە. کاتێك دادەنیشێت یان گوێ دەگرێت، پەنجەکانی یان پێیەکانی ناجوڵێنێت و ئەملاوئەولا ناکات. ئاماژەی نیگەرانی لە جەستە و روخساریدا دەرناکەوێت. کاتێك بۆینباخەکەیم چاك دەکرد یان دەستم بە چاکەتەکەیدا دەهێنا یان مایکرۆفۆنی سەر یەخەیم دادەنا، وەکو ئەوە وابوو کە رەفتار لەگەڵ پەیکەرێکدا بکەم. کاتێك گوێت لێ دەگرێت، وەکو ئەوە وایە کە بڕوانیتە فۆتۆکەی نەك خۆی. بە ئەستەم دەزانیت کە هەناسە دەدات. ئەو جادووگەرێکی بەدەسەڵاتە- دڵنیایە لەوەی سیحرت لێدەکات، جا بە هەر ئامرازێك بێت. ئەو هۆشمەندە، بەگفت و لفتە و سەرنجڕاکێشە. ئیش لەسەر ئەم تایبەتمەندییانەش دەکات. ئەوەندەی بتوانێت خۆی فێر

دەكات پێش ئەوەی لەگەڵ تۆدا دابنیشێت. كاتێك ئەو بۆ یەكەمجار لە زیندان ئازاد بوو ، بابەتی ڕۆژنامەنووسانی دەخوێندەوە و خۆی ستایشی دەكردن.

ئەو نەك تەنیا جادوویەكی خودی، بەڵكو جادوویەكی سیاسیشی هەیە. سیاسەت سەرەنجام پەیوەندی بە ڕازیكردنەوە هەیە و ئەو چەندەی خۆی بە كۆمەڵایەتییەكی مەزن دادەنێت ئەوەندەش خۆی بە ڕازیكەرێكی مەزن هەژمار دەكات. ئەو یان لە ڕێگەی لۆژیك و بەڵگاندن یان لە ڕێگەی سیحرەكەیەوە ڕازیت دەكات– زۆرجاریش تێكەڵەیەك لەم دووانە بەكار دێنێت. هەمیشە ڕازیت دەكات شتێك بكەیت نەك ئەمەی كە ناچارت بكات. بەڵام ئەگەر پێویست بكات ئەوا فەرمانت پێدەكات.

ئەو دەیەوێت خۆش بویسترێت. دەیەوێت پەسەند بێت. ڕقی لە نائومێدبوونە. دەیەوێ لە دیدارێكی لەگەڵ تۆدا بگەیتە ئەو قەناعەتەی كە ئەو هەموو ئەو شتەیە تۆ هیوات بۆ خواستبوو. ئەمە پێویستی بە وزەیەكی زۆر هەیە و ئەو دەیبەخشێت بە تەقریبەن هەر كەسێك كە دەیبینێت. تەقریبەن هەموو كەسێك ماندێلای بە تەواوی بۆ دەردەكەوێت. مەگەر ئەو كاتەی كە بێتاقەت بێت. پاشان پێڵووی چاوەكانی ئەكەونە سەر یەك و وا دەردەكەوێت كە بە ڕاوەستاوی خەوی پیا كەوتبێت. بەڵام لە قەت پیاوێكم نەبینیووە بە خەوی شەو ئەوەندە پڕ وزە و توانا بێت. لە سەعات ١٠ شەوەوە وەكو نیوەمردوو وایە، بەڵام هەشت سەعات دواتر و لە سەعات ٦ ی بەیانیدا ئەكەوێتە جۆش و بیست ساڵ گەنجتر دیارە.



Scanned with CamScanner

ئەو سیحر و بەکێشکردنەی هەیەتی لەگەڵ ئەو حاڵەتەدا نایەتەوە کە تۆ ناناسێت. گەرم و گوڕە لەگەڵ غەریبەکاندا و لەگەڵ کەسانی نزیکدا ساردو سڕە. خەندە بەسۆزەکەی بەسەر هەر کەسێکدا دەبارێت کە دێتە ناو فەزاکەیەوە. بەڵام خەندەکەی پارێزراوە بۆ کەسانی نەناسیاو. من زۆرجار لەگەڵ کوڕ، کچەکان و خوشکەکانیدا دەیبینم و ئەو نیلسۆن ماندێلایەی ئەوان دەیناسن زۆرجار زبر و وشکە کە زۆر بایەخ بە کێشەکانیان نادات. ئەو باوکێکی ڤیکتۆری/ئەفریقییە، نەك مۆدێرن. کاتێك تۆ پرسیاری شتێکی لێ دەکەیت کە نایەوێت قسەی لەبارەوە بکات، دەموچاوی گرژ دەکات و نابەدڵ دەردەکەوێ. نابێ هەوڵ بدەیت بابەتەکەی بەسەردا بسەپێنیت ئەگینا وەکو بەردی لێ دێت و رووی وەردەگێڕێت. کاتێك ئەمە روودەدات، وەکو ئەوە وایە رۆژێکی خۆرەتاو بێتە زریان و هەورەتریشقە.

ماندێلا تەقریبەن بەرانبەر هەموو شتە مادییەکان بێباکە- ئەو گرنگی بە ناوی ئۆتۆمبێلەکان و سەعاتەکان نادات یان نایانزانێت- بەڵام بینیوومە سەعاتێك دەوراندەور بە پاسەوانێك دەکات بۆ کڕینی قەڵەمەکە دڵخوازەکەی. ئەوەندەی پەیوەندی بە پارەوە هەیە، ئەو کەسێکی بەخشندەیە بەرانبەر مناڵەکانی، بەڵام ئەگەر تۆ کارگوزاری بیت هیچی وەهای لێ چاوەڕێ ناکەیت. جارێکیان من و ئەو لە ریستۆرانتێکی راقیی هۆتێلێك لە جۆهانسبێرگ نانی نیوەڕۆمان دەخوارد. هەتا بڵێی زۆر باش خزمەتیان کرد. قائیمەی حسابەکە هات و زۆر لەسەروو (هەزار راند)ەوە بوو و من چاوم لێبوو ماندێلا هەندێ دراوی ئاسنی لەناو دەستیدا هێنا و



Scanned with CamScanner

برد و چەند دراوێکی بچوکی لەسەر مێزەکە جێهێشت. پاش ئەوەی هەڵسابوو و ڕۆیشتبوو، من دراوێکی کاغەزیی سەد راندیم دایە کارگوزارەکە. ئەوەش یەکەم جار نەبوو ئەمە بکەم.

ئەو هەمیشە پابەندە بەوەی کە پێی وایە راست و دروستە و هەر بەو مکوڕییەش دەمێنێتەوە. من زۆرجار گوێم لێبووە دەڵێت (ئەمە راست نییە). جا ئەوە شتێکی سادە و ناچیزە بێت یان گرنگییەکی نێودەوڵەتی هەبێت، تۆنی دەنگی ناگۆڕێت. جارێك گوێم لەم قسەیەی بوو کاتێك کلیلی پاسەوانێکی ئاسایش دەرگای ئۆفیسەکەی نەدەکردەوە و جارێکیش گوێم لێبوو ئەو قسەی بەرانبەر (ئێف.دەبلیو.کلێك)ی سەرۆکی ئەفریقای باشوور کرد لەبارەی دانوستانە دەستوورییەکانەوە. ئەو ساڵانێکی زۆر ئەو رستەیەی لەسەر دوورگەی (رۆبێن) بەکارهێناوە کاتێك قسەی لەگەڵ پاسەوانێك یان سەرۆکی زیندان کردووە. بەشێوەیەکی بنچینەیی، ئەم تەحەمولنەکردنەی نادادپەروەری بوو کە هەراسانی دەکرد. ئەمە داینەمۆی نارەزایەتییەکەی بوو، تاکە حوکمی بوو بەرانبەر نەمرییە بنچینەییەکەی ئاپارتاید (جیاکاری نەژادی). ئەو شتێکی هەڵەی بینی و هەوڵیدا راستی بکاتەوە. ئەو نادادگەری بینی و هەوڵیدا چاکی بکات.

***

من لە بیرەوەرییەکانی ماندێلادا هاوکاریم کرد. بۆ نزیکەی سێ ساڵ پێکەوە کارمان کرد و لە بەشی هەرە زۆری ئەو کاتەدا نزیکەی هەموو رۆژێك دەمبینی. لەگەڵیدا سەفەرم کردووە، نانم لەگەڵ خواردووە،



Scanned with CamScanner

پێڵاوەکانیم بۆ توند کردووە، بۆینباخەکەیم بۆ راستکردووە- و چەندەها سەعاتم لە وتوێژ لەگەڵیدا بەسەر بردووە لەبارەی ژیان و کارەکانی.

رێگای من بەرەو ماندێلا رێکەوت بوو. سەرەتا بەرێکەوت چووم بۆ ئەفریقای باشوور: من شوێنی رۆژنامەنووسێکی ترم گرتەوە کە لە دوایین ساتدا گەشتەکەی هەڵوەشاندەوە. بە گوێرەی ئەو گەشتە، کتێبێکم لەبارەی ژیانی شارۆچکەیەك نووسی لە ئەفریقای باشوور لەژێر سێبەری ئاپارتاید دا. کاتێك ئەبووایە ئامادەکاری بیرەوەرییەکانی ماندێلا بەسەر کتێبەکەی مندا تێپەڕێت، دەرفەتی ئەوەی پێدام تا لەبارەی چیرۆکی ژیانی ماندێلاوە کاری لەگەڵ بکەم.

بەو شێوەیە بوو کە لە کانوونی یەکەمی ١٩٩٢دا خۆم لە جۆهانسبێرگ دۆزییەوە، لە چاوەڕوانی ئەوەدا کە چاوم بە ماندێلا بکەوێت. کاتێکی قورس بوو و نەگونجاو بوو لە مێژووی ئەفریقای باشووردا، وڵاتەکە لە مەترسی خزاندا بوو بۆ ناو شەڕی ناوخۆ. کەمتر لە سێ ساڵ بوو ماندێلا لە زیندان ئازاد ببوو و لە ململانێدا بوو بۆ بونیادنانی دەسەڵاتەکەی و ئاراستەکردنی وڵاتەکەی بەرەو یەکەم هەڵبژاردنی دیموکراتی لە مێژوویدا. بێگومان ئیشکردن لەسەر بیرەوەرییەکانی یەکەم خاڵی ناو کارنامەکەی نەبوو- بەڵام دەیویست چیرۆکەکەی بگێڕێتەوە.

ئەو بۆ نزیکەی مانگێك منی لە چاوەڕوانیدا هێشتەوە بەر لەوەی بۆ یەکەمجار دیدار بکەین. کاتێکیش دواجار یەکتریمان بینی، پڕۆژەکەم ژێرەوژوو کرد. لەودیوی ئۆفیسە کۆنەکەی لە سەرکردایەتی کۆنگرەی

نیشتمانی چاوەڕێم دەکرد تا بێتە دەرەوە. لەبری ئەمە، سەرم هەڵبڕی و بینیم کە لە مامەڕەکەوە و بە ئاراستەیەکی تر بەرەو لای من دێت. ئەو بە خاوی و لەسەرخۆ دەجولا. یەکەم شت کە تێبینیم کرد پێستی بوو- رەنگێکی کارامێلی جوانە، قاوەییەکی زەردباوی نەرمە. بڕگەکانی بە جوانی بەرجەستە بوون، ئێسکی کوڵمەکانی بەرزن، نموونەیەکی ئاسیاییە. شەش پێ و دوو ئینچە و هەموو شتێکی، سەری، دەستەکانی، بەهێز دەردەکەون. لەکاتێکدا نزیکتر کەوتەوە، لەبەری هەڵسام.

وتی (ئاه، دەبێ تۆ....) ئینجا وەستا تا بۆشاییەکە پڕ بکەمەوە. وتم (ریچارد ستێنگەلم)و دەستی بۆ راکێشام. دەستەکانی گۆشتن، گەرم و وشك بوون، پەنجەکانی بەقەد سۆسج ئەستوور بوون، پێستی بەهۆی چەند دەیەیەك لە ئیشی قورس هێشتا زبر بوون.

چاوێکی تێگێڕام و و بە بزەیەکەوە وتی (ئاه، تۆ گەنجیت). روون بوو ئەم قسەیە بۆدڵخۆشکردن نەبوو. ئاماژەی بۆ کردم بچمە ئۆفیسەکەی. گەورە و رەسمی و بەتەواوی رێك و پێك بوو. وەکو ئۆفیسێکی سادە دیار بوو بەڵام وەها نەبوو. هەڵوەستەیەکی کرد تا قسەیەك لەگەڵ یاریدەدەرەکەی بکات کە ژنێکی چوست و چالاکی بچکۆلە بوو. کاغەزێکی دایە تا واژۆی بکات. ماندێلاش لەسەرخۆ و بەنیازەوە پەڕە کاغەزەکەی وەرگرت. دیار بوو کە ماندێلا هەموو شتێکی بەشێوەیەکی رێکخراو و بە مەبەست ئەنجام دەدا. پاشان لەسەر مێزەکەی دانیشت و دەستیکرد بە خوێندنەوەی. تەنیا چاوی پێدا نەدەخشاند، دەیخوێندەوە- وشە بە

وشه. پاشان لەسەرخۆ ناوی خۆی لە خوارەوە نووسی، وەك بڵێی خەریکی جوان دەرهێنانی وازۆکەی بوو.

هاتە لاوە و لەسەر کورسییەکی چەرم دانیشت لەبەرانبەر قەنەفەکەدا. پرسیاری لێکردم ئاخۆ کەی گەیشتووم. دەنگی کەمێك تەماوی بوو. وتی (تۆ تەنیا بۆ ئەم پرۆژەیە هاتوویت یان ئیشی تریشت هەیە؟) دڵم گیرا. پرسیارەکەی دەلالەتی لەوە دەکرد کە بابەتی بیرەوەرییەکانی بەس نییە بۆ پاساودانی گەشتێکی وەها درێژ بۆ ئێرە. وتم تەنیا و تەنیا لەبەر ئەم کتێبە هاتووم. سەری لەقاند. قسە بەفیڕۆ نادات.

پێی وتم خەریکی پلانی ئەوەیە ١٥ی کانوونی یەکەم پشوو وەرگرێت و ستافەکەی چوار پێنج ڕۆژی بۆ ئێمە داناوە بۆ قسەکردن. هەروەها وتی هیوادارە بتوانین پێش پشووەکە پرۆژەکە تەواو بکەین کە ١٠ ڕۆژی مابوو. من مانگێکم بە پەیوەندیی تەلەفۆنیی وەڵام نەدراوە بەسەر بردبوو لە هەوڵی ئەوەدا کە ببینم و چەند مانگێکم بە ئامادەکاری و توێژینەوە بەسەر بردبوو، بۆیە لەوانەیە بێزارییەکی پەنگخواردوو بووبێت وایلێکردبێتم بە دەنگێکی تا رادەیەك بەرز پێی بڵێم ( چوار پێنج ڕۆژ؟ ئەگەر پێت وابێت دەتوانیت کتێبێکی وەها لە دانیشتنێکی چوار پێنج ڕۆژەدا بەرهەم دێنیت، ئەوا تۆ...تۆ)- نەمدەتوانی بیر لە قسەیەکی گونجاو بکەمەوە- (خۆت *دەخەڵەتێنیت*).

کەمتر لە دە خولەك ئەبوو کە لای ماندێلا بووم و پێم وتبوو کە ئەو زۆر ئاگاداری واقیع نییە. برۆیەکانی کەمێك بەرز کردەوە و هەڵسایە سەر پێ.



Scanned with CamScanner

وابزانم چاوەڕێی ئەکرد ئیتر بڕۆم. پاشان گەڕایەوە بۆ لای مێزەکەی، بانگی یاریدەدەرەکەی کرد و وتی (بەڕێز ستێنگەل لێرەیە و هەوڵ دەدەین بەرنامەیەك دابنێین). وتی ئەم ئێوارەیە سەرم قاڵە و مەبەستم نییە پەلەپەلت لێ بکەم، بەڵام دەبێ سەر لە بەیانیی دووشەممە قسە لەگەڵ یاریدەدەرەکەمدا بکەیت. دواتر لە ئۆفیسەکەی دەرچووم- و لەوانەشە لە ژیانی چووبێتمە دەرەوە.

ئێوارەی دووشەممەی دواتر، پەیوەندییەکی تەلەفۆنیم پێگەیشت و پێم وترا کە ماندێلا دەیەوێ لە سەعات حەوتی بەیانیی دواتر بمبینێت. ڕێك لە سەعات حەوت، وەکو دوایین دیدار دانیشتینەوە. وتی (با دەست پێبکەین)، وەك بڵێی دادوەرێکە و دەیەوێت دادگاییەکەی دەست پێبکات. من قوڕگم پاك کردەوە و وتم داوای لێبووردن دەکەم لەبەرانبەر ڕەفتاری ئەو ڕۆژەم: (داوای لێبووردن دەکەم کە ئەوەندە...) پاشان هەڵوەستەم کرد، جارێکی تر وشە گونجاوەکەم بۆ نەهات (ئەو ڕۆژە زۆر *قسەڕەق* بووم بەرانبەرت). سەیرێکی کردم و خەندەیەکی کرد- خەندەیەك کە لە دڵەوە بوو، لێکتێگەیشتنی لەگەڵدا بوو و بێتاقەتییەکی پێوە دیار بوو.

وتی (لە ڕاستیدا پێدەچێت تۆ گەنجێکی زۆر بەڕێز بیت، ئەگەر پێت وابێت کە وتوێژەکەی ئەو ڕۆژەمان ڕەق بووە). وشەی (ڕەق)ی بە تۆخی دەربڕی. پێکەنیم.

ئەو بۆ ماوەی بیست و حەوت ساڵ لە زیندان بووە لەگەڵ ئەو پاسەوانانەدا کە زۆربەی کات بە کەمتر لە مرۆڤ مامەڵەیان لەگەڵ کردووە و



Scanned with CamScanner

ناوبەناو لەبەرانبەریشیدا زۆردار بوون لەکاتێکدا کە ئەو بێباک بووە. پێش ئەمە، ئەو لەلایەن ئەو پۆلیس و سەربازانەوە راو نراوە کە بە تیرۆریست لەقەڵەمیان داوە و ویستوویانە هەرچۆنێك بێ ئەبێ دەستگیری بکەن. ئەو لە وڵاتێکدا ژیاوە کە چینی سپی پێستی حوکمڕان بە مرۆڤێکی تەواو هەژماریان نەکردووە. هەموو ئەمە کەمێك لە (رەقی) توندتر بووە.

ئەمەش سەرەتای هاوڕێیەتیمان بوو. بەدرێژایی دوو ساڵی دواتر، زیاتر لە حەفتار سەعات گفتوگۆم لەگەڵیدا تۆمار کرد، بەڵام ئەمە هەر هیچ نەبوو بە بەراورد بەو سەعات، رۆژ و مانگانەی کە لەگەڵ یەکتریدا بەسەرمان برد. من هەر زوو بڕیارمدا چەندەی بەلایەوە ئاسایی بێت لە تەکیەوە بم- لە کۆبوونەوەکاندا، لە بۆنەکاندا، لە پشووەکاندا و لە گەشتەکانی دەوڵەتدا. من چەندین سەعاتم لە ماڵەکەی لە (هوگتۆن) بەسەر بردووە، سەفەرم کردووە بۆ ناوچەی زێدی خۆی لە (ترانسکی) و لەگەڵیدا چووم بۆ ئەمریکا و ئەورووپا و شوێنی تر لە ئەفریقا. لەگەڵیدا بەشداری هەڵمەتم کردووە، لەگەڵیدا چووم بۆ دانیشتنەکانی دانوستان، ئەوەندەی پێم کرابێت، بووم بە سێبەری خۆی. لەو ماوەیەی کە لەگەڵیدا بووم دەفتەرێکی یادداشتم لەگەڵ خۆمدا هەڵگرتووە کە دواجار ١٢٠,٠٠٠ وشەی لەخۆ گرتووە. بەشی زۆری ئەم کتێبە لەو تێبینییانەوە دێت.

هەر کەسێك کاتێکی زۆری لەگەڵ نیلسۆن ماندێلا بەسەر بردبێت دەزانێت کە ئەمە تەنیا ئیمتیازێکی گەورە نییە بەڵکو خۆشییەکی گەورەشە. ئامادەییەکەی، زێڕینە و درەوشاوەیە. هەست دەکەیت کەمێك



Scanned with CamScanner

بالآبەرزتریت، کەمێك کاڵتریت. زۆربەی کات پۆزەتیڤە، بڕوابەخۆیە، بەخشندەیە، سوعبەتچییە. تەنانەت ئەو کاتەی قورسایی جیهان لەسەر شانیەتی، بە سوکی وەریدەگرێت. کاتێك تۆ لەگەڵیدایت، هەست دەکەیت لە مێژوودا دەژیت لە حاڵەتی دروستبوونیدا. رێگەیدام بچمە ناو بەشی هەرە زۆری ژیانیەوە، هەندێ لە بیرکردنەوەکانیەوە و بەشێك لە دڵیشی. بووە ئەو پیاوەی وایلێکردم ژنێکی ئەفریقای باشوور بکەمە هاوسەرم و دواجار ئەو بووە باوکی رۆحیی کوڕەکەم. خۆشم ویست. ئەو هۆکاری زۆرێك لە باشترین ئەو شتانە بوو کە بەسەر ژیانمدا هاتن. کاتێك کتێبەکەم تەواو بوو و جێمهێشت، وەکو ئاوابوونی خۆر بوو لە ژیانم. بەدرێژایی سالانێك چەندین جار یەکتریمان بینیووە و ئەو کاتێکی لەگەڵ دوو کوڕەکەمدا بەسەر بردووە کە بەوپەڕیی دڵسۆزییەوە بە باپیرەیەکی بەتەمەن لەقەڵەمی ئەدەن. بەڵام ئەو چیتر ئامادەییەکی ئاسایی نییە لە ژیانی ئێمەدا. ئەم کتێبە هەم سوپاسێکە بۆ کات و دڵسۆزییەکەی بۆ من و هەم دیارییەکە بۆ ئەوانەیتر کە نەیانتوانیووە کەڵك لە بەخشندەیی و ژیرییەکەی وەربگرن.

***

ماندێلا لە ژیانیدا گەلێك مامۆستای هەبووە، بەڵام گەورەترینیان زیندان بووە. زیندان ئەو پیاوەی دروستکرد کە ئەمڕۆکە دەیبینین و دەیناسین. ئەو لە زۆر سەرچاوەوە فێری ژیان و سەرکردایەتی بووە: لەو باوکەیەوە کە تا رادەیەك دوورەدەست بووە، لە پاشای (تێمبو) کە وەکو کوڕی



Scanned with CamScanner

خۆی پەروەردەی کردووە، لە هاوڕێ و هاوکارە خۆگر و بەهێزەکانییەوە (والتەر سیسولو) و (ئۆلیڤەر تامبۆ)، لە کەسایەتییە مێژووییەکان و سەرکردەکانی دەوڵەتی وەکو (وینستن چەرچل) و (هەیل سێلاسی)، لە قسەکانی ماکیاڤیلی و تۆلستۆی-یەوە. بەڵام ئەو بیست و حەوت ساڵەی کە لە زیندان بەسەری برد وەکو قاڵبێکی گۆزەگەری، هەم توند و رەقی کرد و هەم زیادە ناپەیوەندیدارەکانی لێ فرێدا. زیندان فێری خۆکۆنترۆڵکردن، دیسپلین و تەرکیزی کرد- واتە ئەو شتانەی کە ئەو بە جەوهەرییان لەقەڵەم دەدات بۆ سەرکردایەتی- هەروەها فێری کرد چۆن مرۆڤێکی تەواو بێت.

ئەو نیلسۆن ماندێلایەی کە لە تەمەنی ٧١ ساڵیدا لە زیندان دەرکەوت پیاوێکی جیاواز بوو لەو نیسلۆن ماندێلایەی کە لە تەمەنی ٤٤ ساڵیدا چووە زیندانەوە. بزانە (ئۆلیڤەر تامبۆ)ی نزیکترین هاوڕێی و هاوپۆلی خوێندنی یاسای ئەو سەردەمانەی کە کاتێك ماندێلا خرایە زینداوە بوو بە سەرۆکی (کۆنگرەی نیشتمانیی ئەفریقا)، چۆن وەسفی ماندێلای گەنج دەکات: (وەکو پیاو، نیلسۆن ماندێلا بەسۆزە، هەستیارە، خێرا هەست بە چزوی تورەیی و تۆڵەسەندنەوە دەکات لەبەرانبەر ئیهانە و پاوانخوازیدا).

هەستیار؟ بەسۆز؟ خێرا هەست بە چزووکردن؟ ئەو ماندێلایەی لە زیندان هاتە دەرەوە ئەم تایبەتمەندییانەی تێدا نەبوو، لانی کەم بە رواڵەت. ئەمڕۆکە بەرانبەر هەموو ئەم سیفەتانە نارەزامەندە. لە راستیدا، یەکێك لە توندترین ئەو رەخنانەی کە لە کەسێکی دەگرێت ئەوەیە کە



Scanned with CamScanner

(هەستیاریت) یان (زۆر بەسۆزیت). چەندین جار گوێم لەو وشانەش بووە کە ئەوانیتری پێ ستایش دەکات: (هاوسەنگ)، (لەسەرخۆ)، (خۆگر). ئەو ستایشەی ئێمە ئاراستەی ئەوانیتری دەکەین وێنەدەرەوەی بۆچوونمانە لەبارەی خۆمان- ئەمانەش کتومت ئەو وشانە بوون کە بۆ وەسفکردنی خۆی بەکاریدەهێنان.

چۆن ئەم شۆڕشگێڕە بەسۆزە بوو بە دەوڵەتمەدارێکی هاوسەنگ؟ لە زینداندا، دەبووایە کاردانەوەکانی بەرانبەر هەموو شتێك هێور بکاتەوە. شتێك نەبوو زیندانیکراو بتوانێ کۆنترۆڵی بکات. تاکە شتێك کە دەتتوانی کۆنترۆڵی بکەیت- کە دەبووایە کۆنترۆڵی بکەیت- خۆت بوویت. بواری هەڵچوون یان خۆپێوەقاڵکردن یان بێ دیسپلینی نەبوو. بوار نەبوو بۆ شتی تایبەت و شەخسی. کاتێك بۆ یەکەم جار چوومە زیندانە کۆنەکەی ماندێلا لە دوورگەی (ڕۆبێن)، ئاهێکم هەڵکێشا. شوێنەکە بە قەبارەی مرۆڤ نەبوو، لە قەبارەی ماندێلا بچوکتر بوو. کاتێك پاڵ دەکەوت نەیدەتووانی ڕاکشێت. دیار بوو کە زیندان، هەم بە مانای وشە و هەم بە مانای ئامازە، لەقاڵبی دابوو: بوار بۆ جوڵە یان هەستی زیادە نەبوو، دەبووایە هەموو شتێك کلك و گوێی بقرتێت، هەموو شتێك فەرمانی پێبکرێت. هەموو بەیانییەك و هەموو ئێوارەیەك، بە وردەکارییەوە ئەو چەند شتانەی خۆی ڕێکدەخست کە لەو زیندانە بچوکەدا ڕێگەی پێدرابوو لای بێت. لەهەمان کاتدا، دەبووایە هەموو ڕۆژێك لەبەردەم لایەنی بەرپرسدا بوەستێت. ئەو سەرکردەی زیندانییەکان بوو و نەیدەتووانی



Scanned with CamScanner

کەسانی لای خۆی نائومێد بکات، هەموو کەسێك دەستبەجێ دەیزانی و دەیبینی ئاخۆ پشتگیری دەکرێت یان سازشی لەسەر دەکرێت. تەنانەت ئەو زۆر وردتر ئاگاداری ئەوە بوو کە هاوتاکانی چۆن لێی تێدەگەن. هەرچەندە ئەو لە جیهانی بەرفراوان لاتەریك ببوو، زیندان گەردوونەکەی ئەو بوو و دەبووایە لەوێ زۆرتر لەو کاتەی کە ئازاد کرا، رێبەرایەتی بکات. لەناو هەموو ئەمەشدا، کاتی هەبوو- کاتێکی یەکجار زۆر- بۆ بیرکردنەوە و پلان دانان و چاوپێداخشاندنەوە و ئینجا چاوپێداخشاندنەوەی زیاتر. بۆ ماوەی بیست و حەوت ساڵ، ئەو نەك تەنیا لە سیاسەتەوە راما، بەڵکو لە چۆنێتی رەفتارکردن، چۆنێتی سەرکردەبوون و چۆنێتی پیاوبوونیشەوە راما.

ماندێلا قاڵ نییە بە هەست و بیرکردنەوەی خۆیەوە- لانی کەم بەو مانایەی کە باسی هەست و بیرکردنەوەکانی بکات. ئەو زۆرجار بێزار - هەندێ جاریش هەراسان - بووە کاتێك هەوڵمداوە وایلێبکەم هەستەکانی خۆی شرۆڤە بکات. ئەو بە زمانی مۆدێرنی سایکۆلۆژیا و خۆپێگەیاندن رەوانبێژ نییە. ئەو جیهانەی کە ئەو تیایدا پەروەردە بوو سیگمۆند فرۆید تیایدا کاریگەر نەبوو. ئەو دالغەی زۆر بە رابردووەوە لێدەدات، بەڵام بەدەگمەن باسی دەکات. تەنیا ساتێکی بەزەیی بەخۆداهاتنەوەم لێ بینیووە. باسی منالێمان دەکرد و ئەو روانییە دوورایی و وتی (من پیرەپیاوێکم کە تەنیا دەتوانێت لە رابردوودا بژیت). ئەمەش کاتێك بوو



Scanned with CamScanner

که خۆی ئامادە دەکرد ببێتە سەرۆکی ئەفریقای باشووری نوێ و وڵاتێکی نوێ دروست بکات– ساتەوەختی گەورەترین سەرکەوتنی.

هەرچەندە چەندین جار پرسیاری ئەوەم لێکردووە کە زیندان چۆن گۆڕیوویەتی. ئەو پیاوەی کە ساڵی ١٩٩٠ لە زیندان هاتە دەرەوە جیاوازییەکەی چۆن بوو لەگەڵ ئەو پیاوەی لە ١٩٦٢دا چووە زیندانەوە؟ کەچی ئەم پرسیارە هەراسانی دەکرد. یا پشتگوێی دەخست، دەچووە سەر وەڵامی سیاسەت یان نکوڵی لە بیرۆکەکە دەکرد. دواجار، ڕۆژێکیان، بە توڕەییەوە وتی (بە پێگەیشتوویی هاتمە دەرەوە).

مەبەستی لەم قسانە چی بوو؟ (ئەندرێ مالرۆ) لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت دەگمەنترین شت لە جیهاندا پیاوێکی پێگەیشتووە. ماندێلا لەگەڵ ئەم قسەیەدا هاوڕا نەبوو. بەلای منەوە، ئەم قسانە قووڵترین ئاماژەن بەوەی نیلسۆن ماندێلا کێیە و چی فێر بووە. چونکە ئەو گەنجە هەستیارە سۆزییە لەناو نەچوو. ئەو هێشتا لەناو ئەو ماندێلایەدا هەیە کە دواجار بینیومانە. مەبەستی لە پێگەیشتوویی ئەوە بوو کە فێری کۆنترۆڵکردنی ئەو ئەنگێزانەی گەنجێتی بوو نەك ئەمەی چیتر بریندار نەبێت یان چیتر توڕە نەبێت. پەیوەندی نییە بەوەی کە تۆ هەمیشە دەزانیت چی بکەیت یان چۆن بیکەیت، بەڵکو ئەوەیە کە دەتوانیت ئەو هەست و شڵەژانە بەلاوە نێیت کە دەبنە ڕێگر لەبەردەم ئەوەی جیهان وەکو خۆی ببینیت.



Scanned with CamScanner

لە هەمان کاتدا، درکی بەوە کرد کە هەموو کەسێك ناتووانێت ببێتە نیلسۆن ماندێلا. زیندان کردی بە ئاسن، بەڵام زۆرێك لەوانیتری شکاند. تێگەیشتن لەمە، کردی بە کەسێکی بە بەزەییتر نەك بە پێچەوانەوە. ئەمەی نەکرد بە ئەفزەڵیەتێك بۆئەوەی خۆی بەسەر ئەوانیتردا هەڵبکێشێت. قەت لۆمەی کەسی نەکرد لەبەرانبەر تەسلیمبووندا. ملدانیش تایبەتمەندییەکی مرۆییە. بەدرێژایی ساڵانێك، هاوخەمییەکی قووڵ تیایدا دروستبوو لە بەرانبەر چارەڕەشی مرۆڤایەتیدا. بەشێوەیەك لە شێوەکان، ئەو لە پێناو مافی هەموو مرۆڤێکدا دەجەنگا بۆئەوەی ئەو مامەڵەیەی لەگەڵدا نەکرێت کە ئەم لەگەڵیدا کرا. ئەو قەت ئەو هەستیاری و نەرمییەی کە وەکو گەنجێك هەیبوو لەدەست نەدا، بەڵکو قەڵغانێکی رەقتر و بتەوتری پەیدا کرد بۆ پاراستنی.

لەم رۆژگارەدا قورسە لەبارەی ماندێلاوە بنووسیت و بەراوردی نەکەیت بە سەرکردەیەکی تری رەشپێست کە لەوانەیە ببێتە وەرچەرخێنەر، باراك ئۆباما. خاڵەکانی هاوتەریبی زۆرن. من ساڵی رابردوو لە هەڵبژاردنە بەراییەکانی سەرۆکایەتیی دیموکراتەکاندا چوومە دیدەنی ماندێلا و پرسیاری ئەوەم لێکرد ئاخۆ ئەو ئۆبامای بەلاوە پەسەندترە یان هیلاری کلینتۆن . ئەو بزەیەکی کرد و وەکو ئاماژەیەکی جیهانی، پەنجەی لێ راوەشاندم وەك ئەوەی بڵێت تۆ هەوڵ دەدەیت بمخەیتە ناو تەنگژەوە. وەڵامی نەدەدامەوە. خۆلادانی لە وەڵامدانەوە لە تایبەتمەندیی خۆی بوو.



Scanned with CamScanner

ئەو خۆکۆنترۆڵکردنە، ئەو فلتەرە هەمیشە دیارە، شتێکە هەردووکیان هەیانە. کاتێکیش کە بیست و حەوت ساڵی لە زینداندا خایاند تا ئەو ماندێلایەی دەیناسین دروست بکات، پێدەچێت سەرۆکی ئەمریکیی چل و هەشت ساڵە ئەو میزاجەی ماندێلای بەبێ ساڵانێکی درێژی قوربانیدان پەیدا کردبێت. خۆدیسپلینییەکەی ئۆباما، ئامادەییەکەی بۆ گوێگرتن و هاوبەشیپێکردنی ستایش، بەشداریپێکردنی رکابەرەکانی لە ئیدارەکەیدا و باوەڕی بەوەی کە خەڵکی خوازیاری روونکردنەوەن، هەموو ئەمانە لە نوسخەیەکی کەسایەتی و بەهاکانی ماندێلای سەدەی بیست و یەك دەچن. لەکاتێکدا کە جیهانبینی ماندێلا لە بۆتەی سیاسەتی نەژادیدا گەڵاڵە بوو، ئۆباما مۆدێلێکی سیاسی (ی پاش نەژادیی) گەڵاڵە دەکات. بیرکردنەوەی ماندێلا لەبارەی سەرۆکی نوێی ئەمریکا هەرچۆنێك بێت، ئۆباما لە زۆر رووەوە لەسەر گۆڕەپانی جیهانی جێگرەوەی راستەقینەی ئەوە.

بەڵام ژیانی ماندێلا نموونەیەکە نەك تەنیا بۆ سەردەمی ئێمە بەڵکو بۆ هەموو سەردەمەکان. ئەو وانانەی کە تۆ دەیانخوێنیتەوە ئەوانەن کە بڕوام وایە نەك تەنیا لە زیندان بەڵکو بەدرێژایی ژیان فێریان بووە. ئەم وانانە لەناو ئەوانەن کە کردوونی بە سەرکردە و مرۆڤێکی نموونەیی. نەخێر، هەموو کەسێك ناتووانێت نیلسۆن ماندێلا بێت. ئەو پێت دەڵێت کە دەبێ لەبەرانبەر ئەمەدا سوپاسگوزار بیت. خۆشبەختانە، ژمارەیەکی کەم لە ئێمە بەرگەی ئەوە دەگرێت لە ژیانیدا کە دەبوایە ئەو لە ژیانی خۆیدا بەرگەی بگرێت. بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە ئەم وانانە بەسەر ژیانی



Scanned with CamScanner

ڕۆژانەی ئێمەدا پیادە نابن. ئەم وانانە لەگەڵ ژیانی ئێمەشدا دێنەوە. دەزانم، چونکە ژیانی من بەهۆی ئەم وانانەوە قووڵ بووەتەوە. بەلای ماندێلاوە، زیندان، وانەکانی ژیان و سەرکردایەتی بۆ هەڵێنجاوە و من هەوڵمداوە هەمان شت لەم کتێبەدا ئەنجام بدەم. تۆ دەتوانیت ئەم وانانە بە تۆزقاڵێك لەو تێچوونەی کە ئەو دەبووایە بیدات، فێر ببیت.



Scanned with CamScanner

## ١

# بوێری، نەبوونی ترس نییە

زۆربەی خەڵکی دەڵێن نیلسۆن ماندێلا ڕەمزی ئازایەتییە. بەڵام ماندێلا خۆی بە شێوازێکی پرسیاربزوێن پێناسەی بوێری دەکات. ئەو بە شتێکی زگماکی یان بە خواردنەوەیەکی سیحری، یان شتێك کە بە شێوەیەکی تەقلیدی فێری ببیت، نایبینێت. ئەو وەکو ڕێگایەکی هەڵبژاردنی ئەو کەسەی کە دەمانەوێ ببین، وێنای دەکات. ئەو دەڵێت کەس لە ئێمە بە ئازایەتی لەدایك نابێت، بەڵکو ئەمە بەندە بە شێوازی کاردانەوەکانمان بۆ بارودۆخەکان.

چرکەساتی زۆر هەبوون لە ژیانی ماندێلادا کاتێك تاقی کرایەوە. ئەو ساتانەی کە خەڵکی لەبارەیانەوە دەیانزانی گەورە و ئاشکرا و دراماتیکی بوون. بەڵام ئەو دەڵێت بوێری چالاکییەکی ڕۆژانەیە و دەتووانین بە ڕێگای بچوك یان گەورە پیشانی بدەین. من لە ١٩٩٤دا ئەو کاتەی کە لە (ناتال) بووین لایەنێکی سروشتی ئازایەتی ئەوم بۆ دەرکەوت. لە نێوەندی ماوەی پێش یەکەم هەڵبژاردنی دیموکراتیی ئەفریقای باشووردابووین، کاتێك توندوتیژیی سیاسی لەوپەڕیدا بوو. ئەو فڕۆکەیەکی بچوکی پەروانەداری



Scanned with CamScanner

هەڵبژارد بۆ سەفەرکردن بەرەو (ناتال) بۆئەوەی وتار بۆ لایەنگرانی لەناو خەڵکی (زولو) بدات. لەوانەیە وا پێویستی بکردایە هەر نەچێت. لەو سەروەختەدا، زۆرێك لە پشتیوانانی ناو (زولو) لەلایەن (حزبی ئازادیی ئینکاتا)وە تیرۆر دەکران و بارودۆخەکە زۆر مەترسیدار بوو. بەڵام ئەو مکوڕ بوو.

من رازی بووم لەسەر ئەوەی لە فڕۆکەخانە چاوەڕێی نیشتنەوەی بکەم. کاتێك فڕۆکەکە بیست خولەکی مابوو بنیشێتەوە، کاربەدەستێکی فڕۆکەخانەکە هاتە لام و وتی یەکێك لە مەکینەکانی فڕۆکە بچوکەکە لەکار کەوتووە و پلان بۆ ئەوە دادەنێن کە ئاگرکوژێنەوە و ئامبولانس ئامادە بکرێن نەوەك رووداوێکی نەخوازراو بکەوێتەوە. کاربەدەستەکە وتی لە حاڵەتی وەهادا زۆرجار فڕۆکەوانەکە دەتوانێت بەبێ رووداو بنیشێتەوە.

ماندێلا لەگەڵ پاسەوانێکی درێژ- ناوی مایك بوو- و دوو فڕۆکەوانی تر لەناو فڕۆکەکەدا بوون. بیست خولەك دواتر، لەکاتێکدا کە بە ئامبولانس و ئاگرکوژێنەوە دەورە درابوو، فڕۆکەکە بە لەرزۆکی نیشتەوە. ماندێلا بە بزەیەکەوە هاتە ناو هۆڵی چاوەڕوانی و بە پاسێکی پڕ لە گەشتیاری ژاپۆنی دەورەی درا. ماندێلا بە گەرم و گوڕییەوە کەوتە تەوقەکردن لەگەڵ هەریەکەیان و بە بزەیەکی گەورەوە لەگەڵیاندا وەستا بۆ وێنەگرتن.

لەکاتێکدا کە ماندێلا خەریکی وێنەگرتن بوو، من لە مایك نزیك کەوتمەوە کە پێی وتم دوو لەسەر سێی ماوەی گەشتەکە، ماندێلا پاڵی دابوو بە پاڵی منەوە، ئاماژەی بە دەرەوەی پەنجەرەکە دەکرد و بە



Scanned with CamScanner

هێمنی.دەیگوت پێناچێت فڕۆکەکە بەباشی ئیش بکات. داوای لە مایك کردبوو فڕۆکەوانەکان ئاگادار بکاتەوە. مایك چووبووە ناو کابینی فڕۆکەوانەکان. هەڵبەت فڕۆکەوانەکان بە باشی دەیانزانی وەهایە و پێیان وتبوو پەیوەندییان کردووە بە فڕۆکەخانە بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی ئیمێرجێنسی نیشتنەوە. ئەوان وتبوویان بە ئەگەرێکی زۆر هیچ کێشەیەك دروست نابێت. مایك ئەمەی بە ماندێلا وتبوو، ئەمیش سەرێکی لەقاندبوو و بە بێدەنگی گەڕابووەوە لای ڕۆژنامەکەی. مایك کە خۆشی گەشتیارێکی ئاسمانی بەئەزموون نەبوو، وتی خۆشم لە ترسا ئەلەرزیم و تاکە شتێك کە ئارامی کردوومەتەوە سەرنجدان بووە لە ماندێلا کە بەردەوام بووە لە خوێندنەوەی ڕۆژنامە وەك بڵێی کارمەندێکی شارییە و بەرەبەیان بە شەمەنەفەر بەرەو فەرمانگەکەی دەڕوات. مایك وتی ماندێلا بە ئەستەم سەری لەسەر ڕۆژنامەکە هەڵدەبڕی کاتێك فڕۆکەکە خەریکی نیشتنەوە بوو.

کاتێك ماندێلا لە تەوقەکردن تەواو بوو، بە هەڵەداوان خۆمان گەیاندە ناو کوشنی دواوەی (بی ئێم دەبلیو) گوللە نەبڕەکە کە بەرەو گردبوونەوەکەی دەبردین. لێم پرسی گەشتە ئاسمانییەکەی چۆن بووە، خۆی بەلامدا چەماندەوە، چاوەکانی زەق کرد و بە دەنگێکی دراماتیکی وتی (کوڕە خۆ لەو سەرەوەیە زندەقم چووبوو!)

هەرچەندە لەوانەیە جێی سەرسوڕمان بێت بۆ ئەو خەڵکانەی کە تەنیا وەکو ئایکۆنێك دەیناسن، ناتووانم پێتان بڵێم لە گفتوگۆکاندا چەند جار



Scanned with CamScanner

پێی وتووم ترساوە. ئەو لە ماوەی (دادگایی ریڤۆنیا)دا ترساوە کە حوکمی ئەبەدی لە زینداندا بۆ بڕیووەتەوە، ئەو کاتەی کە پاسەوانەکانی دوورگەی ڕۆبێن هەڕەشەی لێدانیان لێکردووە ترساوە، کاتێك هەڵاتوویەکی ژێرزەمینی بووە ترساوە، ئەو کاتە ترساوە کە بە نهێنی دەستیکردووە بە دانوستان لەگەڵ حکومەتدا و لە ماوەی پڕ پشێویی پێش ئەو هەڵبژاردنەدا کە دەیکردە سەرۆکی ئەفریقای باشوور ترساوە. قەت نەترساوە لەوەی کە بڵێت دەترساوە.

هەستی بوێری لەو کابرایەدا هەر زوو دروستبووە. هەر لەو وەختەوە کە کوڕێکی بچوك بوو، ماندێلا حیکایەتەکانی ئازایەتی سەرکردە ئەفریقییە ئەفسانەییەکانی وەکو (دینگەین) و (بامباتا) و (ماکانا) گوێبیست بووە. پاش مردنی باوکی کاتێك ئەو تەمەنی نۆ ساڵان بوو، برایە گوندێکی شاهانە بەناوی (مقێکێزوێنی) بۆئەوەی لەلایەن (جۆنگینباتا)ی پاشای گەلی (تێمبو) بەخێو بکرێت. باوکی ماندێلا سەرکردەیەکی لۆکاڵی بوو کە بەهەمان شێوە راوێژکاری پاشاش بوو. پاشا ویستی ماندێلا گەورە بکات تا ببێتە راوێژکاری کوڕەکەی خۆی کاتێك کە دەبێتە پاشا. پاشا خۆی لە ریزی درێژی پاڵەوانەکانی ئەفریقادا بینییەوە و خۆی تەرخان کردبوو بۆ سۆراخکردنی سروت و ڕێوڕەسمە نەریتییەکانی (خوسییەکان). یەکێك لەو ڕێوڕەسمانە بەدرێژایی پاشماوەی ژیانی ماندێلا کاری تێکرد.

لە کانوونی دووەمی ١٩٣٤دا، کاتێك تەمەنی ١٦ ساڵان بوو، ئەو و بیست و پێنج کوڕی تری هەمان تەمەن لە دوو کۆڵیتی گیایی لەسەر



Scanned with CamScanner

جۆگاکانی رووباری (باشی) جێگیر ببوون. ئەمانە دەستەبژێری گوندەکە بوون. جەستەیان پاك تاشیبوو، لەشیان بە خۆڵی رەنگ گۆشتی داپۆشرابوو و تەنیا بەتانیان بەسەر شاندا دابوو. وەکو خێو دەهاتنە بەرچاو. شڵەژاو بوون، ئامادەی سروتی خەتەنەی خوسییەکان بوون، ئەوەی کە ماندێلا پێی دەگوت (هەنگاوی پێویستی جەوهەری لە ژیانی هەموو نێرینەیەکی خوسی). ئەمە سروتێکی تایبەت نەبوو، بەڵکو گشتی و بەئاشکرا بوو و پاشا و ژمارەیەك لە سەرکردە لۆکاڵییەکان و کۆمەڵێك لە هاورێیان و خزمان لە تەك یەکتری و لە لێواری رووبار دادەنیشتن. ئەمە تەنیا سروتێکی گوزەر نەبوو بەڵکو تاقیکردنەوەیەکی گشتیی بوێری بوو. هەریەك لە کوڕەکان بە نۆرە لەلایەن شارەزایەکی خەتەنەکردنەوە خەتەنە دەکرا. ماندێلا لە یادداشتە بڵاونەکراوەکانیدا لەمبارەیەوە دەڵێت:

لەپڕ جۆش و خرۆشێك پەیدابوو و پیرەپیاوێکی باریکەڵە بەرەو لای چەپی من هات و لەبەردەم یەکەم کوڕدا هەڵتروشکا. پاش چەند چرکەیەك گوێم لە کوڕەکە بوو دەیگوت: (من پیاوم!) پاشان دادوەر (کوڕی پاشا و باشترین هاورێی ماندێلا) قسەکەیان دووبارە کردەوە، پاشان ئەو سێ کوڕەی نێوانمان یەك لەدوای یەك قسەکەیان وتەوە. پیرەپیاو بە خێرایی دەجولا و پێش ئەوەی من بزانم چی روودەدات رێك لە بەردەمم قوت بووەوە. رێك چاوم بڕیە نێو چاوانی. رەنگی زەرد هەڵبزرکابوو هەرچەندە رۆژەکەش سارد بوو، روخساری ئارەقی لێ دەچۆڕا. بەبێ دەربڕینی تاقە وشەیەك، چەرمی ئەندامەکەمی گرت و رایکێشا و سەرەرمەکەی پێداهێنا.

برینێکی کامڵ، پاك و ئەڵقەیی بوو. لە ماوەی هەفتەیەکدا برینەکە چاك بووەوە، بەڵام بەبێ بەنج، خودی برینەکە وەکو ئەوە وابوو قورقوشمی تواوە بەسەر دەمارەکانمدا بکەن. بۆ چەند چرکەیەك وتنەوەی دروشمەکەم بیر چووەوە و لەبری ئەمە هەوڵمدا بەسەر شۆکی ڕمەکەدا زاڵ ببم بەوەی سەر و شانم بخەمە ناو دیوارێك لە گژوگیا. من چاك بوومەوە و ئینجا قسەکەم وتەوە (من پیاوم!) کوڕەکانی تر زۆر بەهێزتر دیاربوون و دەستبەجێ و بە روونی قسەکەیان دەوتەوە کاتێك یەك لەدوای یەك نۆرەیان دەهات.

---

کاتێك تەقریبەن شەست ساڵ پاش ئەو نیوەڕۆ زستانییە بەسەرهاتەکەی بۆ من گێڕایەوە، ماندێلا هەستی بە پەشیمانی و تەقریبەن ئازار کرد. نەك لەبەر ئەوەی ئازاری جەستەیی نەشتەگەرییەکەی بیر دەهاتەوە بەڵکو لەبەرئەوەی بڕوای وابوو کاردانەوەکەی گونجاو نەبووە. ئازاری نەشتەرگەییەکە ئیتر نەمابوو، بەڵام ئازاری لاوازییەکە هەرمابوو. سەرنجەکانی بڕییە زەوی و وتی (لاواز بووم). (بە دەنگێکی بەهێز هاوارم نەکرد). ئەو پێی وابوو کوڕەکانی تر ئازاتر و بەهێز بوون. ئەو دەڵێت وای بۆ دەرکەوتبوو کە بەشێوەیەکی سروشتی ئازا نییە– لەوانەشە کەسمان بەشێوەیەکی سروشتی ئازا نەبین– و دەبووایە فێر ببێت چۆن بەشێوەیەکی سروشتی ئازا بێت. ئەو بەدرێژایی چەندین ساڵی دواتر لە

خۆی نائومێد ببوو، بەڵام سروتەکە کاریگەری خۆی پیشاندابوو: ئەو ئاواتی خواستبوو کە هەمیشە بەهێز دەربکەوێت، قەت سڵ نەکاتەوە.

***

لە مانگەکانی سەرەتای چاوپێکەوتنەکەماندا، کاتێك باسی تەنگوچەڵەمەکانیمان دەکرد لەگەڵ پۆلیسدا، یان خۆشاردنەوەیدا، پرسیاری ئەوەم دەکرد ئاخۆ ترساوە. ئەو سەیرێکی دەکردم وەك بڵێی گەمژەم و دەیگوت (بێگومان دەترسام). تەنیا دەبەنگێك نەدەترسا. بەڵام هەموو جارێك دەیگوت ئەوەی لە توانایدابایە دەیکرد بۆئەوەی ترسەکەی کپ بکاتەوە– ئەو نەیویستووە کەس ترسانەکەی بەدی بکات.

ئەو فێری کردم کە، ئازایەتی، نەبوونی ترس نییە. بەڵکو فێربوونی زاڵبوونە بەسەریدا.

لە ١٩٥٠کاندا، جارێکیان بە ئۆتۆمبێل چووە (ویلایەتی ئازاد) بۆ بینینی دکتۆر جەیمز مۆرۆکا، سەرۆکی کۆن و بەڕێزی (کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقی). دەبووایە دکتۆر مۆرۆکا نامەیەکی ناڕەزایی قبوڵ بکات کە ماندێلا نوسیبووی بۆسەرۆکی ئەفریقای باشوو. لە ڕێگادا بەرەو ئەوێ، لە گوندێکی بچوکی (ویلایەتی ئازاد) کە موحافیزکارترین ناوچەی ئەفریقای باشوور بوو، ئۆتۆمبێلەکەی ماندێلا کوڕێکی سپی پێستی بایسکلسواری شێلا. کوڕەکە تووشی شۆك ببوو بەڵام ئازاری پێ نەگەیشتبوو. یەکەم شت کە ماندێلا کردی ئەوە بوو نوسخەی ڕۆژنامەی (نییو ئەیج) بخاتە ژێرەوە و بیشارێتەوە کە ڕۆژنامەی دڵخوازی ئەندامانی کۆنگرەی



Scanned with CamScanner

نیشتمانی بوو. لەوانەبوو تەنیا هەبوونی نوسخەیەکی بڵاوکراوەیەکی قەدەغەکراو لەو رۆژگارەدا حوکمی زیندانیی پێنج ساڵی لێ بکەوێتەوە.

پاش چەند ساتێك پۆلیسێك گەیشت، سەیرێکی ئەو و مناڵە بریندارەکەی کرد و وتی (کافر، ئەمرۆ تۆ گو دەکەیت!) ماندێلا لە وەڵامدا وتی (من پێویستم بەوە نییە پۆلیسێك پێم بڵێت لە کوێ گو بکەم). لەکاتی گێڕانەوەکەدا هەڵوەستەیەکی کرد و پاشان وتی (بڕیارمدا توند بم، بەڵام تۆقیم. دەتووانم وا دەریخەم کە ئازام و دەتووانم لە هەموو جیهان بدەم...) و پاشان دەنگی بەرەو کزی رۆیشت.

*دەتووانم وا دەریخەم کە ئازام.* لە راستیدا هەر وایکرد. بەمشێوەیەش وەسفی بوێری دەکرد. نەترسان، گەمژەییە. بوێری ئەوەیە لێ نەگەڕێیت ترس پەکت بخات. کاتێك پۆلیس لەسەر قسەکانی رۆیشت، ماندێلا پێی وت ئاگادار بێت کە ئەم پارێزەرە و دەتووانێت پۆلیسەکە لە کار بخات. پاشان بەو شێوەیەی کە ماندێلا لە یادداشتەکانی دوورگەی رۆبێن-دا دەیگێڕێتەوە: (کەس ئەوەندەی من سەری نەسوڕما کاتێك تێبینی شڵەژانی پۆلیسەکەم کرد). قسەکەی کاریگەر بوو. درەنگانی ئێوارە، پۆلیسەکە ئازادی کرد و ئەویش بە رێگاکەی خۆیدا گەڕایەوە.

ماندێلا بەسەرهاتێکی تری لەو شێوەیە لەبارەی یەکەم گەشتی بۆ دوورگەی رۆبێن دەگێڕێتەوە کە لە مایسی ١٩٦٢دا بوو. ئەو لەماوەی (دادگایی ریڤۆنیا)دا لە زینداندا بوو- کەیسێك کە دواجار بەدرێژایی ژیانی دووری خستەوە.



Scanned with CamScanner

له نیوەی شەودا، ئەو و چەند کەسێکی تر لەلایەن پاسەوانێکی قۆشمەچییەوە پێیان وترا دەچنە شوێنێکی جوان. ماندێلا کەسێکی تری لەگەڵدا بوو بەناوی (ستیڤ تێفو) کە ئەندامی حزبی کۆمەنیست بوو و تورە ئەبوو. ماندێلا دەڵێت کاتێك ئەوان گەیشتنە دوورگەکە، وەکو گاڕان ئاراستە دەکران. ماندێلا و تێفو خاوەخاویان دەکرد لە رۆیشتندا. لە درێژەی گێڕانەوەکەیدا دەڵێت، پاسەوانێك وتی: (بڕوانن، ئێمە لێرە دەتانکوژین و دایك و باوك و کەس و کارتان قەت نازانن چیتا بەسەر هاتووە. دواجاریش ئاگادارتان دەکەینەوە!) کاتێك گەیشتوونەتە زیندانە سەرەکییەکە، پاسەوانەکان هاواریان کردووە (دایکەنن!)

کاتێك زیندانییەکان رووت بوونەتەوە، پاسەوانەکان بەشێوەیەکی دیاریکراو دەستیانکردووە بە هەراسانکردنی یەکێکیان. ماندێلا دێتەوە بیری: (کاپتنەکە بە یەکێکمان دەڵێت، ئێستا بۆچی قژت درێژە؟) ئێستا روو دەکاتە کابرا، کەسێك کە زۆر بەرێز بوو، بەرێزێك کە نەیدەویست لەگەڵ کەس دەمەقاڵێ بکات، ئازاری مێشوولەیەکی نەدەدا و بەلایەوە قورس بوو وەڵام بداتەوە. بۆیەم ئەم کاپتنە دەڵێت (من لەگەڵ تۆمە! خۆ یاساکان دەزانیت! دەبێ قژت ببڕدرێت! بۆچی قژت وەکو ئەم کوڕە هێشتووەتەوە) ئینجا راستەوخۆ ئاماژە بە ماندێلا ئەکات. ماندێلا لە قسەکانی بەردەوام دەبێت: (بۆیە من پێی دەڵێم، ئێستا بڕوانە...ئۆه، ئەمە ئیتر بەس بوو، نەمدەتووانی رستەکە تەواو بکەم. کاپتنەکە دەڵێت، قەت بەم شێوەیە قسەم لەگەڵدا مەکە! و ئێستا بەرەو رووم دێت).



Scanned with CamScanner

ماندێلا لێرەدا هەڵوەستەیەك دەكات و پاشان لەسەر كورسییەكەی بەرەو پێشەوە دەچەمێتەوە. نیگاكان بەرەو دوور ڕۆیشتن. (ڕوون بوو كە دەیویست دەستم لێ بوەشێنێت و دەبێ دان بەوەدا بنێم كە...دان بەوەدا بنێم كە دەترسام. تۆ ناتووانیت بەرگری لە خۆت بكەیت، ناتووانێت دەست بوەشێنیتەوە).

لەگەڵ ئەوەشدا دەستی وەشاند. وتی (بە كاپتنەكەم وت، ئەگەر ئازایت دەستم لێدە، شەرت بێ بتبەمە بەرزترین دادگاكانی ئەم وڵاتە و بە تەواوبوونی كارەكەم تۆ لە مشكی كەنیسەیەك داماوتر دەبیت. ئەویش وەستا...من تۆقیبووم. لەبەرئەوە نەبوو كە ئازا بووم، بەڵكو دەبووایە وا خۆت دەرخەیت).

*دەبووایە وا خۆت دەرخەیت.* هەندێ جار تەنیا لەوەدایە خۆت ئازا دەردەخەیت كە بوێریی ڕاستەقینە ئەدۆزیتەوە. هەندێ جار واخۆدەرخستن ئازایەتیی تۆیە.

لە زینداندا، بوێری لە ڕۆژێكدا جارێك دەردەخرا. ئەوە تەنیا لەو بارانەدا نەبوو كە دەبووایە ڕووبەڕووی پاسەوانێك بێتەوە، بەڵكو لە سەربەرزیدا بوو، لە شكۆی ڕۆژانەتدا بوو، لە هەستی گەشبینی و هیواتدا بوو. ڕۆژێكیان لە ١٩٦٩دا، پاسەوانێك بە هەواڵێكی كارەساتبارەوە هاتە زیندانەكەی ماندێلا: كوڕە گەورەكەی ماندێلا كە ناوی (تێمبی) بوو لە ڕووداوێكی ئۆتۆمبێلدا گیانی لەدەستداوە. ئەمە یەكێك بوو لەو جارە كەمانەی بەدرێژایی ئەو هەموو ساڵە كە ماندێلا لە زیندانەكەی



Scanned with CamScanner

نەچووەدەرەوە. (والتەر سیسولو)ی کۆنترین هاوڕێی، تاکە کەس بوو سەردانی کرد و بەبێدەنگی دانیشتن و دەستیان خستە ناو دەستی یەکترییەوە.

ڕۆژی دواتر، ماندێلا چووە کانە بەردەکە بۆ کارکردن وەکو زیندانییەکانی تر. کاتێك لەبارەی مردنی کوڕەکەی پرسیارم لێی کرد، وتی ئەمە شتێك بوو کە تەقریبەن لەوە زیاتر بوو بەرگەی بگیردرێت، بەڵام دەبووایە هەم پیشانی پاسەوانەکان و هەم پیشانی هاوتا زیندانییەکانی بدات کە ئەمە پەکی ناخات. جارێکی تر، وادەریخست کە ئازایە. هەستیکرد کە هیچ چارەیەکی تری نییە.

ئێمە پێمان وایە ئەوانیتر لە دیدارکردنی ماندێلادا دەشڵەژێن، بەڵام زۆرجار ئەو لە دیداری ئەوانیتردا دەشڵەژێت. بەتایبەت ئەو یەکەم جار کە (پی.دەبلیو.بۆتا)ی سەرۆکی دەوڵەتی ئەفریقای باشووری بینی شڵەژا. بۆتا، بەهۆی ڕەفتارە ڕەق و زبرەکەی و حوکمڕانییە تاکڕەوییەکەیەوە بە (تیمساحی گەورە) ناو دەبرا. ماندێلا ئەو کاتە لە دوایین ساڵەکانی حوکمەکەیدا بوو و یەکەم جار بوو ئەندامێکی زیندانیکراوی حزبی کۆنگرەی نیشتمانی بچێتەی لای سەرۆکی دەوڵەتی ئەفریقای باشوور. لە مێشکی خۆیدا پرۆڤەی لەسەر ئەو شتانە کرد کە بیانڵێت و بیانکات. ئەگەر بیتوانیایە، ئەم دەستپێشخەری دەکرد. هەربۆیە، بە مەبەستەوە بەرەو ئەوبەری ژوورەکە هەنگاوی نا، بە تەوقەیەکی توند و خەندەیەکی گەورەوە سڵاوی لە بۆتا کرد. ماندێلا بەرەفتارە دۆستانەیی و

نارەسمییەکەی خۆی، سەرۆکی باشووری ئەفریقای هێور کردەوە، شتێك کە پلانی بۆ دانا بوو و پراوەی لەسەر کردبوو. وا لە خۆی دەرخست.

لە سەرەتاکانی ۱۹۸۰دا، زۆری پێنەچووبوو ماندێلا بۆ دوورگەی رۆبێن گواسترابووەوە، زیندانییەك کۆپییەك لە ئیشەکانی شەیکسپیری برد بۆ لای هەموو زیندانە سیاسییەکان لە بەندیخانەی (بلۆکی سی) و داوای لێکردن پارچەی دڵخوازی خۆیان نیشانە بکەن. ماندێلا دوودڵ نەبوو. چووە سەر شانۆنامەی (جولیەس قەیسەر)، پەردەی ۲، دیمەنی ۲ و ئەم پارچەیەی خوارەوەی نیشانە کرد:

ترسنۆکەکان پێش مردنیان چەند جارێك دەمرن

ئازاکان قەت تامی مردن ناکەن یەك جار نەبێت.

لەو هەموو سەیر و سەمەرەیەی کە تاوەکو ئێستا بیستوومە

پێدەچێ ئەوە لەهەمووی سەیرتر بێت کە پیاوان بترسن

کاتێك دەشبینن مردن کۆتاییەکی زەرووره

کە هات ئیتر دێت

لەوانەیە ترسنۆکێك ئەو رێڕەوە هەڵبژێرێت بۆ ئەوەی ئەو بۆچوونە دروست بکات کە ئەم ئازا بوو، بەڵام بەلای ماندێلاوە رێڕەوەکە فشەکردن نییە، بەڵکو دۆخێکی واقیعە. وا خۆت دەرخە کە ئازایت، ئەو کاتە نەك تەنیا ئازا دەبیت، بەڵکو هەر خۆت ئازایت. ماندێلا پێی وا نییە کە ئازایەتی موڵکی چەند کەسێکی دیاریکراو بێت. هەندێ کەس تووشی تاقیکردنەوەی قورس دەبن، بەڵام هەموو کەسێك بەشێوەیەك لە



Scanned with CamScanner

شێوەکان بە تاقیکردنەوەدا تێدەپەڕێت. هەمیشە پێی دەگوتم (وینی)ی ژنی زۆر لە خۆی ئازاترە، تەنانەت ئەگەرچی ئەم زۆر زیاتر لە ژنەکەی لە زینداندا بووە. وتی، لەکاتێکدا کە ئەم کێشەکانی ڕۆژانەی وەستابوون، دەبووایە ژنەکەی بکەوێتە ململانێ لەگەڵ گرفتەکانی ژیان لەژێر سێبەری ئاپارتاید و دوو کچەکەشی بەخێو بکات.

گەورەترین ستایشی ماندێلا بۆ کەسێك کە بە بوێری دادەنێت ئەمەیە: (زۆر باشی کرد). مەبەستی ئەوە نییە کە خۆی پاڵەوانێکی دراماتیکی بووە یان ژیانی لە تەقەلایەکی گەورەدا ژیانی خستووەتە مەترسییەوە، بەڵام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە بارودۆخی سەختدا بە خۆگری ماوەتەوە. ئەو ڕۆژ لەدوای ڕۆژ، بەرەنگاری کردووە لە بەرانبەر ترس و شڵەژاندا. هەموومان دەتووانین ئەو جۆرە ئازایەتییەمان هەبێت-و خۆشبەختانە، ئەمە تاکە ئازایەتییە کە زۆربەمان داوامان لێدەکرێت دەریخەین.



Scanned with CamScanner

## ٢

# هاوسەنگ بە

جارێکیان لەناو (بی ئێم دەبلیو)ە زرێپۆشەکەیدا لە کوشنەکانی دواوە لە تەك ماندێلاوە دانیشتبووم و شۆفێرەکەی رێگای بزر کرد. ئەمەش شتێکی نائاسایی نەبوو– زۆرجار کاروانەکەی رێگای لێ غەڵەت دەبوو. شۆفێرەکە پێی نا بە سکلێتەری بەنزینەکەدا و لەگەڵ هەر پێچێکدا دەیکردەوە قوونی ئۆتۆمبێلەکەی دەسوڕاند وەك بڵێی دەیەوێ کاتی لەدەستچوو باربوو بکاتەوە. ماندێلا کەمێك بەرەوپێش چەمایەوە و بە کابرای شۆفێری گوت (ئارام بەرەوە کابرا).

*ئارام بەرەوە*. لە نێوەندی بارودۆخە پەشێوەکاندا، ماندێلا ئارامە و لەوانیتریشدا بە دوای ئارامیدا دەگەڕێت. لە راستیدا، ئارامی و هێمنی لێ دەبارێت. کۆنترۆڵ لەدەست بدەیت، بارودۆخەکە لەدەست دەدەیت. (ئەحمەد کاسرادا) تەقریبەن بۆ ماوەی سێ دەیە لەگەڵ ماندێلا لە زینداندا بوو و دەڵێت تەنیا لە دوو حاڵەتدا ماندێلای بە توڕەیی بینیووە — لە هەردوو حاڵەتیشدا پاسەوانەکانی زیندان ئیهانەی (وینی)یان کردووە. بەڵێ، لەوانەیە هەندێ جار هەبن لە ژیاندا کە کاردانەوەیەکی تەقینەوەئاسا پێویست بکەن، بەڵام ماندێلا دەڵێت ئەم حاڵەتانە زۆر



Scanned with CamScanner

دەگمەن و دەبێ بە بەرنامە بن نەك ڕەمەكی. كۆنترۆڵ پێوەرە بۆ سەركردە- لە ڕاستیدا بۆ هەموو مرۆڤێكیش. ئەو هەمیشە دەڵێت هێمنی ئەو شتەیە كە خەڵكی لە بارودۆخە پڕ تەنگژەكاندا بەدوایدا دەگەڕێن، جا بارودۆخەكە سیاسی بێت یان كەسی. ئەوان دەیانەوێ ببینن تۆ ڕاناچڵەكێیت، تۆ هەموو فاكتەرەكان هەڵدەسەنگێنیت و كاردانەوەكەت هاوسەنگە.

لە ساڵی ١٩٩٣دا، ئەفریقای باشوور لە دۆخێكی مەترسیدار دابوو. لەكاتێكدا كە ماندێلا بەردەوام بوو لە دانوستانەكانی لەگەڵ حكومەتدا لەسەر دەستوورێكی نوێ و بەروارێكی هەڵبژاردنی دیموكراتییانە، هەندێ هێز هەبوون لەناو وڵاتدا هەوڵیان دەدا ئەم كەلالە نوێیە لەبار ببەن، لەوانەش گروپە سەربازییە ڕاستڕەوە توندەكان كە هێزی خۆیان كۆ دەكردەوە و هەڕەشەی توندوتیژییان دەكرد. لەناو بزاڤەكەی خۆیدا، كۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقی، هەندێكیان دەسەڵاتی ماندێلایان دەخستەژێر پرسیارەوە و دەیانگوت زۆر موحافیزكارە، زۆر متمانە دەكاتە سەر حكومەت، و سەركردە گەنجەكانی وەكو (كریس هانی)ی سەرۆكی باڵی سەربازیی كۆنگرەی نیشتمانی دەبێ بەرز بكرێنەوە.

هانی لەو سەروەختەدا پاش ماندێلا دووەم ناسراوترین سەركردە بوو لەناو كۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقیدا. هەمیشە جلی سەربازی شل و شۆڕ و كڵاوێكی پانی لەسەر دەنا و وەكو كەسێكی چالاك و بڕوابەخۆ دەردەكەوت. پێدەچوو پێچەوانەی ماندێلا بێت: لەو شوێنەی ماندێلا

دەیگوت لێبووردە بە و لەبیر بکە، هانی دەیگوت بیرت بێت و تۆڵە بکەرەوە، لەو شوێنەی ماندێلا بە دەنگی کپ ئەدوا، هانی هاواری دەکرد، لەو شوێنەی ماندێلا باسی لە درێژەدان بە ئابووریی تەقلیدی سپی پێست دەکرد، هانی کە کۆمەنیستێکی دڵسۆز بوو، باسی لە دابەشکردنەوەی سامان دەکرد بەسەر خەڵکدا. کەسانێك هەبوون لەناو کۆنگرەی نیشتمانیدا کە پێیان وابوو هانی لاوی تەمەن پەنجاویەك ساڵ، ئایندەی ئەفریقای باشوورە نەك ماندێلا. پێدەچوو ئەمە چرکەساتی هانی بێت. ئەفریقای باشوور لە مەترسیی گەورەی شەڕێکی ناوخۆی سەراپاگیردا بوو لەنێوان سپی پێست و رەشپێستدا. باڵی راستڕەوی سپی پێست خۆیان بۆ شەڕ چەکدار دەکرد و خەڵکانی وەکو هانی لەناو باڵی چەپدا هەبوون کە خەڵکیان هان دەدا خۆیان بۆ شەڕ ساز بکەن. پێدەچوو مۆتەکەی شەڕێکی نەژادیی نیشتمانی ببێتە واقیع.

لە مانگی نیسانی ئەو ساڵەدا، چوومە لای ماندێلا لەماڵەکەی لە (ترانسکی)، ئەو بەشە دێهاتییەی ئەفریقای باشوور کە ئەو تیایدا گەورە بوو. ماڵی ماندێلا لە ترانسکی لەناو ئەو دۆڵەدایە کە تیایدا لە دایك بوو. ئەو جارێکیان پێی وتم (پێویستە هەموو پیاوێك ماڵێکی لە نزیك ئەو شوێنە هەبێت کە لێی لەدایك بووە). ئەو کاتە خانووەکە ساکار و شێوە (ئێڵ) و یەك نهۆمی بوو. دەکەوتە ناو لێژاییەکی سەوز و گردۆڵکەی بەرداوییەوە کە بە منداڵی راهاتبوو گەمەی لێبکات. ئەوەی کە زۆرێك خەڵکی دەیانەوێ لەبارەی خانووەکەوە بیزانن ئەوەیە کە چۆنە لەشێوەی

ئەو خانووەدا هەڵکەوتووە کە ئەو لە زیندانی (ڤیکتۆر ڤێرستەر) تیایدا مایەوە، شوێنێك کە دوایین مەنزڵی بوو بەر لەوەی لە ساڵی ۱۹۹۰ بەرەڵا ببێت. من جارێکیان لەمبارەیەوە لێم پرسی و بزەیەکی هات. ئەو وتی زۆر کەیفی بەو خانووە هاتووە و کاتێك زانیوویەتی نیازی ئەوەی هەیە خانوویەك لە ترانسکی بۆ خۆی دروست بکات، داوای لە خزمەتگوزارانی زیندان کردووە دیزاینێکی نەخشەکەی بدەنێ.

خانووەکە خۆی لە دەرەوەی ڕێگای سەرەکییە و لەناو ماڵەکانی تردا دیار نییە. دەروازە و ڕێڕەوێکی جوانی هەیە. ئەگەرچی تا رادەیەك لاتەریکە و ماڵی کەسێکی ناسراو و مێژووییە، خەڵکی گوندەکانی دەوروبەر– ژنان خۆداپۆشیو بە بەتانی، پیرەپیاوانی گۆچان بەدەست– بەو ناوەدا دێن و دەچن و لە حەوشەکەی پێشەوەدا پیاسە دەکەن، یان چاوەڕوانی نوواندنی ڕێزن یان داوای خواردن دەکەن یان هەردووکی. ئەوە نەریتێکی ناوچەییە و سەدان ساڵە باوە. خەڵکی مەوعید وەرناگرن، لەپڕ پەیدا دەبن.

ماندێلا لە ترانسکی گەورە بووە– لەوێ کەمتر داهێزراوە و زیاتر پشووی داوە. هەمیشە وەکو کوڕە دێهاتییەك ئاماژەی بە خۆی داوە کە هەندێ کەس بە کەمێك زیادەڕەوی دەبینن، بەڵام کاتێك لە گوند دەیبینیت دەتوانیت ڕواڵەتی کوڕە گوندییەکەی تێدا بەدی بکەیت. خۆشی بینیووە لە قسەکردن لەگەڵ دێهاتییەکاندا– ئەو خەڵکەی کە لەوانەیە هەرگیز لەو شوێنەی خۆیانەوە پانزە کیلۆمەتر زیاتر دوور

نەکەوتبنەوە. زۆرتر پێکەنیووە، بە زمانە خۆجێیەکەی (خوسییەکان) نوکتەی گێڕاوەتەوە، منالّی لەسەر ئەژنۆی هەڵپەڕاندوون. زۆربەی خەڵکەکە زۆر ژیان لەکاتێکدا کە ماندێلا خۆی پێشتر زیاتر لە نیو سەدەی تێپەڕاندبوو.

ئەو شتەی تر کە ماندێلا خۆشی لێ بینی کاتێك لە ترانسکی بوو پیاسەکانی دەمەو بەیان بوو لە دێهاتەکە. ماندێلا بەشێوەیەکی رۆتینی لە نزیکی چوار و نیوی سپێدەی بەیان لە خەو هەڵدەستا و لەنێوان پێنج و پێنج و نیودا دەستیدەکرد بە پیاسەکردن. ئەو بە گشتی سێ بۆ چوار سەعات پیاسەی دەکرد و لەنێوان سەعات نۆ و دە دەگەڕایەوە. پێشتر جارێك لەمانگی کانوونی یەکەمدا لەگەڵیدا چوومەتە ترانسکی. چەندەی توانیبێتم، لە پیاسەی بەیانیان لەگەڵیدا چوومەتە دەرەوە. بەیانییەکی ئەو بەهارە- ١٠ی مانگی نیسان بوو- لە سەعات پێنجی بوێ بۆ پێنج گەیشتمە خانووەکەی. هێشتا تاریك بوو. دووان لە پاسەوانەکانی لەناو ئۆتۆمبێل دانیشتبوون گوێیان لە مۆسیقا دەگرت. لە چاو وەرزەکە زۆد سارد بوو و دەمتووانی لە جامە تەماوییەکەوە بیانبینم بە هەڵمی دەمیان دەستەکانیان گەرم دەکەنەوە. ماندێلا کەمێك پاش سەعات پێنج لە خانووەکە هاتە دەرەوە، تراکسوتە رەش و ئاڵتونییە دڵخوازەکەی لەبەردابوو. دەستیکرد بە پیاسە بەرەو باشوور.

هەموو بەیانییەك، رێچکەیەکی جیاوازی هەڵدەبژارد بەو هیوایەی هەندێ دیمەنی سەردەمی منالّی ببینێت یان بەسەر گوندێکدا بکەوێت کە پێشتر



Scanned with CamScanner

سەردانی نەکردووە. کەیفی بەوە دەهات ئاماژە بە خاڵە جوگرافییەکان بکات و مێژووەکەیان روون بکاتەوە. ئەو بەیانییە، وەکو هەمیشە، لەگەڵ پاسەوانەکانیدا کەوتینە رێ. زۆرجار، دوو کەس لە پێشییەوە دەڕۆیشتن و دووانیش لەدوایەوە. من تەقریبەن دە پێ لە تەکیەوە دەڕۆیشتم، بایی ئەوەندە لێیەوە نزیك بووم گوێم لێی بێت ئەگەر بیەوێ قسە بکات، ئەوەندەش دوور بووم کە بتوانێ هەست بکات بەتەنیایە. پیاسەکان بۆ ئەو جۆرێك لە تێڕامان بوون و ئێمە زۆر جار لە بێدەنگیدا هەنگاومان دەنا.

پاش زیاتر لە سەعاتێك، گەیشتینە هەندێ (رۆنداڤێل)ی بچوك لە تەنیشت گردەکەوە. (رۆنداڤیل) کۆڵیتی بچوکن و سەربانەکەیان سێگۆشەییە کە ماندێلا تیایاندا گەورە بووە و خەڵکی ناوچەکە هێشتا تیایدا دەژین. دیوارەکان هێشتا بە ریخی مانگا نەرم دەکرێن و رووی ئەرزەکانیان قوڕی وشککراوەیە. ژنێکی هاوتەمەنی ماندێلا لە یەکێك لەو کۆڵیتانە دەرکەوت و بە گومانەوە لە ئێمەی روانی. (زۆرجار خەڵکی ماندێلایان نەدەناسییەوە و پێیان وابوو ئەوە سەرگەورەیەکی ناوچەکانە و بۆ سەردان هاتووە). ژنەکە دەستەکانی خستە سەر سمتەکانی و پاشان بە زمانی خوسی پرسیار لە ماندێلا کرد ئاخۆ ئێمە بە پێ هاتووین. ماندێلا وتی بەڵێ. سەیرێکی پێیەکانی ماندێلای کرد و وتی (ئەی بۆ پێڵاوەکانت بە شەونمی بەیانیان تەڕ نەبووە؟) ماندێلا سەیرێکی پێڵاوەکانی خۆی کرد کە وشك بوون و ئینجا دایە قاقای پێکەنین. ئەمە ئەو شتە بوو کە بە ژیریی دێهاتی لەقەڵەم دەدا.



Scanned with CamScanner

بوو بە سەعات هەشت، خۆر بەتین ببوو و زۆر گەرم بوو. ماندێلا هەمیشە بەهێزتر دەردەکەوت لەکاتێکدا کە دەڕۆیشتین. ئەو بە هێمنی دەستی پێدەکرد و پاشان شەقاوەکانی بڵندتر و تۆکمەتر دەبوون. ئەم دۆخە بۆ ئەوانەیتر لە ئێمە پێچەوانە دەبووەوە- کە هەمووشمان چەند دەیەیەك لاوتر بووین. ئێمە لە بازنەیەکی درێژی تەمەڵدا دەڕۆیشتین و تەقریەن چوار سەعات دواتر، کاتێك لە خانووەکەی نزیك بووین، ئەو ئاماژەی بە ترۆپکی گردێکدا کە بەسەر (کونو)دا دەیڕوانی، واتە گوندێی زێدی خۆی و لەوێ پاشەواری خانوویەکمان بینی کە خشتەکانی سپی بوون.

وتی (ئەمە یەکەم قوتابخانەی من بوو).

وتی ئەمە قوتابخانەیەکی یەك ژووری بوو بە پەنجەرەی بچوك لە هەردوو لایەوە و رووی ئەرزەکەی قوڕێکی نەرم بوو. سەربانەکەی لە قەلایی بوو و کاتێك باران دەباری تەپە تەپی دەهات. لەم شوێنەدا (خاتوو میدگەین)ی مامۆستای یەکەمی ناوی نا نیلسۆن. لەو رۆژگارەدا، هەموو منالێك لە قوتابخانە ناوێکی ئینگلیزی لێ ئەنرا.

ئەو بەرەو گردەکە رۆیشت کە لە پشت قوتابخانەکە بوو و ئاماژەی بە بەردێکی گەورەی خڕ دا، کە حەفتا و حەوت پێ دەبوو. ئەوان بەردێکی پانی بەقەد ژێرپیاڵەیەکیان ئەدۆزییەوە و لەسەری دادەنیشتن و بەرەو رووی بەردە گەورەکە خۆیان دەخلیسکاند. دەڵێت پاشەڵی پانتۆڵەکەی

هەمیشە بەم گەمەیە دەدرا. دەڵێت (من بەهۆی دڕانی جل و بەرگی قوتابخانەمەوە خۆم لەدایکم دەشاردەوە).

پاش زیاتر لە چوار سەعات لە دەستپێکردنمان، بە هەنگاوی قورس بەرەو خانووەکە گەڕاینەوە. نزیکەی پێنج شەش کەس لە پێشەوە دەهاتن و دەچوون و کاتێك چووینە ژووری دانیشتن، هەشت نۆ کەس لەوێ دانیشتبوون. وەکو چۆن هەموو جارێ خانەخوێیەکی دۆستانە بووە، ماندێلا بەخێرهاتنی کردن و منیش چوومە ژووری خوێندنەوە بۆ ئامادەکاریی دانیشتنەکەمان. کاتێك پاش چەند خولەکێك پەیدا بوو، لێم پرسین ئەوانە کێ بوون. وتی، مریەمی کارگوزاری ماڵەکەم دەیگوت ئەمانە هاتوونەتە بەر دەرگا و وتوویانە برسیمانە. ماندێلا وەها مامەڵەی لەگەڵدا کردبوون وەك بڵێی میوانی پابەرزن.

مریەم خەریکی هێنانی نانی بەیانی بوو و ماندێلا وتی (با دەست پێبکەین). نزیکەی پاش بیست خولەك-کە هێشتا نانی نەخواردبوو- یەکێك لە پاسەوانەکان بە ماتی لە پشت دەرگاکە وەستابوو. ماندێلا وتی (هیچت دەوێ؟) پاسەوانەکە بە زمانی خوسی وتی تیمی یاریی (ڕەگبی)ی (ئیست لەندەن) لە حەوشەی پێشەوە وەستاون. ماندێلا وتی (ئاه) ڕۆژێك پێشتر، ئەو بەڵێنی بە دۆستێکی دابوو کە سڵاو لە تیمی (ڕەگبی)ی ئیست لەندەن دەکات کە بە سەردان هاتبوونە ناوچەکە. هەروەها وتی (بەڵێ، لەبیرمە). پاشان بە ئاماژەیەکی کەمێك بێزارانەوە مایکرۆفۆنەکەی لە خۆی کردەوە.



Scanned with CamScanner

یەکێك لەو شتانەی کە من لەبارەی ئەوەوە بۆم دەرکەوتبوو، ئەوە بوو تەنانەت ئەگەرچی بەلایەوە گرنگ بوو مرۆڤ لەسەر مەوعید بێت، هەر حاڵەتێك کە تیایدا بووایە ئەیپچڕاند لەپێناو ئەم سڵاو یان دیدارە لەپڕانەدا. پێم وا نییە خۆشی لە دیدارەکە بینیبێت، بەڵام بۆی دەرکەوتبوو بە چوونەناو هەر شتێك لەو ساتەی کە روویدەدا، کات بۆ خۆی دەگەڕێنێتەوە. هەندێ جار بە گاڵتەوە ئەمەی بە (کاتی ئەفریقی) ناو دەبرد بەو مانایەی کە ئەوانیتر وەکو ئەم لەسەرمەوعیدبوون بە هەند وەرناگرن.

بیست و پێنج پیاوی رەشپێستی بەهێز لە جلی سەوز و زەردی (رەگبی)یەوە لە دەرەوە چاوەڕێ بوون. سڵاوی لە یەك بە یەکیان کرد و تەوقەی لەگەڵ کردن و چەند پرسیارێکی خێرای لێکردن. پاش دە خولەك لە دیدارەکە، خۆی کرد بە ژووردا بۆئەوەی پەیوەندییەکی تەلەفۆنیی یەکێك لە نزیکترین یاریدەدەرەکانی وەربگرێت. پەیوەندییەکەی لە مەتبەخدا وەرگرت کە پڕ بوو لە قاپ و مەنجەڵی نەشۆردراو. لەکاتێکدا کە گوێی گرتبوو و وەك بت رەق وەستابوو، رووخساری گرژ بوو و نیگەران بوو. کاتێك نیگەرانە، لێوەکانی بەرەو خوارەوە شۆڕ دەبنەوە و گرژ دەبن. دواجار وتی (سوپاس) و تەلەفۆنەکەی داخستەوە.

وتی (کریس هانی تەقەی لێکراوە و کوژراوە). وتم کێ ئەمەی کردووە. وتی نازانم و پاشان بە نیگایەکی ساردەوە لە مەتبەخ دەرپەڕییە دەرەوە و گەڕایەوە بۆ لای میوانەکان و بەردەوام بوو لەگەڵیاندا.



Scanned with CamScanner

ولآت له سەر قەراغێكی خەمناك بوو و لەوانەبوو تیرۆركردنی هانی بیخاتە ناو شەڕێكی ناوخۆوە. ملیۆنان پشتیوانی هانی دەیانتوانی بە ئاسانی بانگەوازی تۆڵە بكەن و شەڕێك لەنێوان رەش پێست و سپی پێستدا هەڵایسێنن. ئەمە شتێك بوو ماندێلا دەیویست هەرچۆنێك بێ خۆی لێ لادات- بەڵام لەو ساتەدا، بڕیاریدابوو كە گونجاوترین شت ئەوەیە كارەكەی لەگەڵ تیمی (رەگبی)ی ئیست لەندەن تەواو بكات.

من لە پەنجەرەكەوە چاوم لێ بوو كاتێك ماندێلا پێكەنی و نوكتەی گێڕایەوە و دیدارەكەی لەگەڵ تیمەكەدا تەواو رد. لەبارەی ئەوەی كە روویدابوو هیچی پێیان نەوت. چەند ساتێك دواتر، ماندێلا دەموچاو تێكچرژاو گەڕایەوە ژووری خوێندنەوە. ئەو دانیشت و یەكەم شت كە وتی ئەمە بوو (دەتووانی بچیت بزانی خواردنەكە دێنن؟) چوومە مەتبەخ و كاتێك نانەكە گەیشت، بە بێدەنگی خواردمان. ماندێلا بەقووڵی لە بیركردنەوەدابوو.

كاتێك نانەكەی تەواو كرد، داوای دەفتەری یادداشتەكەی كرد و كۆمەڵێك پەیوەندیی تەلەفۆنی لەگەڵ نزیكترین دۆستەكانی ئەنجامدا: رێكخستنی گەڕانەوەیەكی دەستبەجێ بۆ جۆهانسبێرگ، داواكردنی وردەكاریی لێكۆڵینەوەی پۆلیس، پێشنیاركردنی ئەمەی كە ئەو ئێوارەیە بچێتە سەر تەلەڤزیۆنی نیشتمانی بۆ قسەكردن لەسەر رووداوی تیرۆرەكە. كاتێك تەواو بوو، هەستایە سەر پێ و بە ڕێزەوە پۆزشی بۆ هێنامەوە لەبەرانبەر بڕینەوەی دانیشتنەكەمان و لە ژوورەكە چووە دەرەوە.



Scanned with CamScanner

له رۆژانی دوای تیرۆرکردنەکەدا، راپۆرتی رۆژنامەوانی و گێڕانەوە هەبوون تەنانەت لەناو کۆنگرەی نیشتمانیشدا لەمەڕ ئەوەی کە ماندێلا (تێکشاو)ە و (نیگەران)ە لەبەرانبەر مردنی هانی-دا. لە راستیدا، بەشێوەیەکی ساردوسڕ هێمن و سەرکز بوو، پلانی بۆ ئایندەی نزیك و دەرهاویشتەکانی تیرۆرەکە دادەنا. لەو ساتانەدا کە من لە قەیرانەکەدا لەگەڵ ماندێلا بووم، هەمیشە لە قرِوقەپێکی بێسنووردابوو، کە پێدەچوو رووداوەکانی دەوروبەری خاو بکاتەوە.

ئەوە ماندێلا بوو نەك (ئێف.دەبلی.کلێك)ی سەرۆکی دەوڵەت کە ئەو شەوە چووە سەر تەلەڤزیۆنی نیشتمانی بۆ قسەکردن لەسەر تیرۆرەکە. ئەو بوو نەك سەرۆکی دەوڵەت کە ویستی موخاتەبەی ترس و هیواکانی گەل بکات نەك تەنیا نیگەرانییەکی حزبەکەی خۆی یان دەنگدەرەکانی. (دو کلێك) بەیاننامەیەکی رۆژنامەوانی دەرکرد. لە سەعاتەکانی پاش تیرۆرکردنەکەدا، پۆلیس ئەوەی دەرخستبوو کە بکوژەکە کۆچبەرێکی پۆلۆنیی سپی پێست بوو و لەبەرئەوە دەستگیر کرابوو کە ژنێکی ئەفەریقی ژمارەی تابلۆی ئۆتۆمبێلەکەی لەبەر کردبوو و بە پۆلیسی گەیاندبوو. ئەو شەوە، ماندێلا روخسارێکی خەمناکی هەبوو لەکاتێکدا کە دەستی بە وتاردانەکەی کرد:

ئەمشەو من تاکەتاکی خەڵکانی ئەفریقای باشوور، رەش و سپی، لەوپەڕی قووڵایی بوونمەوە دەدوێنم. پیاوێکی سپی پێستی پڕ لە لوتبەرزی و رق، هاتە وڵاتەکەمان و کردارێکی وەها هەڵەی ئەنجامدا کە



Scanned with CamScanner

تەواوی وڵاتەکەمان ئێستا بەرەو کارەسات شۆڕ دەبێتەوە. ژنێکی سپی پێستی بە رەچەڵەك ئەفریقی ژیانی خۆی خستە مەترسییەوە بۆئەوەی ئێمە بزانین و ئەم تیرۆریستە بدەینە دادگا. کوشتنی دڵڕەقانەی (کریس هانی) سەرانسەری وڵات و جیهانی تووشی شۆك کرد. خەفەت و تووڕەییمان پارچەپارچەمان دەکات. ئەوەی کە روویداوە تراژیدییەکی نیشتمانییە کە کاری کردووەتە سەر ملیۆنان کەسی سیاسی و رەنگی جیاواز.

---

وتارەکەی بەمشێوەیە بە کۆتا گەیاند:

ئەمە چرکەساتێکی خاڵی وەرچەرخانە بۆ هەموومان. بڕیارەکانمان و کردارەکانمان ئەوە دیاری دەکات ئاخۆ ئازارمان، خەفەتمان و ئازایەتیمان بۆ جوڵان بە ئاراستەی تاکە چارەسەری درێژخایەن بەکار دێنین بۆ وڵاتەکەمان– حکومەتێکی هەڵبژێردراوی خەڵك لەلایەن خەڵك و بۆ خەڵك.

---

ئەو وشەی دیسپلینی چوار جار لە وتارەکەیدا بەکار هێنا بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە هانی سەربازێك و پیاوی (دیسپلینی پۆڵایین) بوو و ئەمەی کە پێویستە خەڵکی ئەفریقای باشووریش بە دیسپلین رەفتار بکەن بۆ رێزنان لە یادەوەرییەکەی. دیسپلین بۆ ئەو دروشم بوو– و لە رێگەی قەیرانەکەی هانییەوە ئەو دیسپلینێکی توندی بەرقەرار کرد لە سۆنگەی ئەوەی کە دەیکرد و دەیگوت. لەو ساتەدا، چەند مانگێك بەر لە



Scanned with CamScanner

یەکەم هەڵبژاردنی دیموکراتی لە مێژووی ئەفریقای باشوور، ئەو بووە سەرکردەی هێشتا هەڵنەبژێردراوی سپی پێست و ڕەش پێستەکانی ئەفریقای باشوور.

هەروەکو ساڵانێك دواتر بۆی باس کردم، پاش ئەوەی ببووە سەرۆکی ئەفریقای باشوور، بڕوای وابوو ئەو چەند ڕۆژەی یەکەمی پاش تیرۆرکردنی هانی ئەو ساتە بوو کە ئەفریقایەکی باشووری دیموکرات و ئازاد لەهەموو کاتێکی تر زیاتر لە مەترسیدا بوو، ئەو ساتەی کە ئەو بڕوای وابوو ئەو وڵاتەی کە ئەم ئەوەندە خۆشی دەویست زۆر نزیك بوو لە جەنگی نەژادیی ڕەش پێست لەدژی سپی پێست لە ئاستێکدا کە پێشتر نەبینراوە. کاردانەوە هاوسەنگەکەی بەرانبەر ئەم قەیرانە بەشێکی گەورەی هۆکاری ئەوە بوو کە ئەفریقای باشوور نەکەوتە ناو شەڕی ناوخۆ.

***

هەندێ جار هێمنبوون بەشێوەیەکی ترسناك بە مانایەکی نزیك لە بێزارکەربوون دێت، بەڵام پێناچێ ئەمە مایەی گرفت بێت بۆ ماندێلا. ئەو هەمیشە وای پێباشە بەلای هێمنی و بێزارکەرێتیدا بێت نەك جۆش و خرۆش و هەڵچووندا. حەز دەکات چیرۆکی نامەیەك بگێڕێتەوە کە لە ژنێکی (کەیپ تاون) وەریگرتووە، ئەو ژنەی لە یەکەم گردبوونەوەی نزیك بینایەی پارێزگا ئامادە ببوو پاش ئازادبوونی. ژنەکە وتی دڵخۆش بووە بەوەی ماندێلا لە زیندان ئازاد بووە و خوازیارە سەرکەوتوو بێت لە یەکخستنی ئەفریقای باشوور، بەڵام وتارەکەی (زۆر بێزارکەر) بووە.



Scanned with CamScanner

ماندێلا هەمیشە قاقا پێدەکەنێت کاتێك ئەم بەسەرهاتە دەگێڕێتەوە. لە ڕاستیدا، کەس ماندێلای پاش زیندانی لەگەڵ خەتیبێکی مەزندا لێ تێکەڵ نەدەبوو. ئەو زۆرجار عەینەکێکی قەبەی لە چاو دەکرد بۆ خوێندنەوەی واترە درێژەکان بە تۆنێکی نەگۆڕی نەپساوە. جارێکیان لێم پرسی (هەرچەندە بە جدیشمە، بەڵام خەڵکی هەندێ جار لەبەر بێزارکەرێتیی وتارەکانت ڕەخنەت ئاراستە دەکەن. ئەڵێی چی؟)

(ئەزانیت، هەوڵ نادەم خەڵك بوروژێنم. خەڵکی دەیانەوێ ببینن تۆ چۆن دەست و پەنجە لەگەڵ بارودۆخەکاندا نەرم دەکەیت. دەیانەوێ شتەکانیان بەشێوەیەکی ڕوون و ئەقڵانی بۆ ڕوونبکرێتەوە. من نەرم بوومەتەوە. کە گەنج بووم زۆر توندڕەو بوو، لەگەڵ هەموو کەسێك ئەمکردە شەڕ، زمانشڕ بووم).

بەڵێ، کە گەنج بووە زۆرجار هەوڵی داوە ئاژاوە بنێتەوە، بەڵام ئێستا پێی وایە باشترە کەمێك بێزارکەر و جێ متمانە بیت نەك ئاگراوی و تەماوی. تێبینییەکانی دژن لەگەڵ لێدوانەکاندا، دەیەوێ وەڵامەکانی ڕوون و ڕەوان بن. بڕوای وایە خەڵکی ئارەزوومەندن بۆ هەڵکردن لەگەڵ کەمێك بێزارکەرێتیدا لەبەرانبەر بەدیکردنی متمانە و واقیعیبووندا.

دەشێ هەندێ جار ستایلە بە بەرنامەکەی تاکتیکێك بێت، جۆرێك لە یاری بێت. ئەحمەد کەسرادە جارێکیان پێی وتم ماندێلا لە زینداندا خۆشی لە گەمەی دامە دەبینی و ئەو پاڵەوانی دامە بوو لە دوورگەی ڕۆبێن. کاسادرا دەڵێت بەشێك لە ستراتیژی ماندێلا ئەوە بوو لە ڕووی



Scanned with CamScanner

دەروونییەوە لەڕێگەی ستایلی یاریکردنییەوە رکابەرەکانی لاواز بکات. ئەو هەمیشە کاتێکی زۆری لەنێوان جوڵەکانیدا بەسەر دەبرد و بیری لە ئەگەرەکان دەکردەوە. هەندێ جار کاتێکی زیادەی تەرخان دەکرد ئەگەر پێی وابووایە دەتووانێ بەمشێوەیە رکابەرەکەی هەراسان دەکات.

یەکێك لە رکابەرە باوەکانی ناوی (دۆن داڤیس) بوو کە زۆرجار تەحەدای ماندێلای دەکرد بۆ گەمەکردن. ئەو سوور بوو لەسەر ئەوەی کە ئەم نەك ماندێلا پاڵەوانی دوورگەکە دەبێت. جارێکیان لەبارەی (داڤیس) پرسیارم لە ماندێلا کرد و ئەویش بە (کابرایەکی جێی بایەخ) وەسفی کرد کە لە بەرەنگاریکردن بەرانبەر دەسەڵاتدا. بەڵام ماندێلا وتی ئەوەی کردی بە چەکدار لە بەرەنگاریکردنی دەسەڵاتدا، ناپکات بە بلیمەتی دامە. جارێکیان ماندێلا بە خەندەیەکی گەورەوە پێی وتم (ئەو میزاجی وەرزشکارێکی نەبوو و کاتێك ئەهاتە سەر پێشبڕکێ، میزاجی بە تەواوی دەگۆڕا. لەڕادەبەدەر شەڕانگێز دەبوو. کاتێك من گەمەم دەکرد، هەمیشە زۆر هاوسەنگ بووم. ئەمە زۆرێك لە رکابەرەکانمی تێکدەشکاند و ئەویش بەرانبەر ئەم تاکتیکە زۆر لاواز بوو).

ئێمە پێمان وایە میزاج شتێکە کە لەگەڵیدا لەدایك بووین. بەڵام لە حاڵەتی ماندێلا دا، ئەمە شتێك بوو ئەو دروستیکردبوو. وەکو گەنجێك، ئەو کەللەڕەق بوو و بەئاسانی تووڕە دەبوو. ئەو پیاوەی کە لە زیندان دەرچوو پێچەوانە بوو و ئەستەم بوو تووڕە بکرێت. پێش بڕیاردان چاوەڕوان ئەبوو. هەموو بژارەکانی لەبەرچاو دەگرت. مەحاڵە زانیارییەکی



Scanned with CamScanner

تەواوت لە هەموو بارودۆخێك هەبێت پێش ئەوەی بڕیار بدەیت و ئێمە خۆمان ئیفلیج دەکەین ئەگەر لەسەر ئەمە سوور بووین. بەڵام نموونەی ماندێلا، بەهای پێکهێنانی وێنەیەکی تەواو پێش هەنگاونان، پیشان دەدات. زۆربەی ئەو هەڵانەی لە ژیانیدا ئەنجامیداون لەوەوە دێن کە زۆر بەپەلە هەنگاوی ناوە نەك ئەو کاتەی کە بە خاوی هەنگاوی ناوە. ئەو دەڵێت پەلە مەکە، بیر بکەرەوە، شی بکەرەوە و ئینجا هەنگاو بنێ.



Scanned with CamScanner

# ٣

# لە پێشەوە ڕێبەرایەتی بکە

بەدرێژایی ژیانی، ماندێلا سەرکێشی کردووە بۆ ڕێبەراتی کردن. ئەگەر سەرباز بووبێت، ئەو دەبووە ئەو کەسەی کە خۆی دەهاوێتە ناو سەنگەر و بەرپرسیارێتی گۆڕەپانی شەڕ لە ئەستۆ دەگرێت. بۆچوونی ئەوەیە کە پێویستە سەرکردەکان نەك تەنیا سەرکردایەتی بکەن، بەڵکو پێویستە سەرکردایەتیکردنیان ببینرێت– ئەمە بەشێکە لە ئەرکەکە. تەقریبەن وەکو ئەوە وایە کە لەوە بترسێت کەسێك بڵێت یان بیر لەوە بکاتەوە کە ئامادەیی ئەو سەرکێشییانەی تێدا نییە. تەنانەت لە پەیوەندییە کەسییەکانیشدا بڕوای وابووە کە پێویستە تۆ سەرکردایەتی بکەیت. ئەگەر شتێك هەبێ گرفتت بۆ دروست بکات، ئەگەر هەست بکەیت بە نادادپەروەرانە مامەڵەت لەگەڵدا کراوە، دەبێ ئەوە بڵێیت و دەریبڕیت. ئەمەش ڕێبەرایەتیکردنە.

ڕێبەرایەتیکردن لە پێشەوەڕا کۆمەڵێك مانای هەبوو. هەندێ جار بە مانای وشە مەبەستەکەی دەگەیاند، وەکو ئەو کاتەی بۆ یەکەم جار هاتە دوورگەی ڕۆبێن: بەرەو هێڵی پێشەوەی زیندانییەکان هەنگاوی نا، لەبەرچاوی پاسەوانەکان، بۆئەوەی پیشانی ئەوانیتری بدات کاردانەوەیان



Scanned with CamScanner

چۆن بێت. بە دۆستەکانی وت دەبێ هەر لە سەرەتاوە بە ڕووی پاسەوانەکاندا بوەستیتەوە. لەمەشدا ڕێبەرایەتی خستەڕوو.

بەڵام بەهەمان شێوە، ڕێبەرایەتیکردن بە مانای کردنی ئەو شتانە بوو کە مەرج نەبوو سەرنج رابکێشن. بە مانای قبوڵکردنی هیچ ئەفزەڵیەتێکی تایبەت نەبوو و کردنی هەمان ئەو شتانە بوو کە زیندانییەکانی تر دەیانکرد– وەکو پاککردنەوەی قاپ و مەنجەڵێ ژووری پاسەوان، یان هی زیندانییەکانی تر. هیچ شتێك لەژێر ڕێبەردا نییە. (ئێدی دانێڵز) ئەو کاتە دێنێتەوە بیر کە بۆ یەکەم جار لە سەرەتاکانی شەستەکاندا هاتە دوورگەکە، ماندێلا بەرەو گۆڕەپانەکە چوو تا خۆی بناسێنێت. دانێڵز بە ماندێلا سەرسام بوو و دەیگوت تەنیا تەماشاکردنیشی ئیلهامبەخش بوو. (ئەمە بوو جوانی ماندێلا. تەنیا شێوازی ڕۆیشتنی. شێوازی جوڵانی. مەعنەویاتی زیندانییەکانی تری بەرز دەکردەوە. هی منی بەرز کردەوە، تەنیا بەوەی کە تەماشای هەنگاونانیم دەکرد). ماندێلا تەنیا بەشێوازی بەڕێداڕۆیشتنی، لە پێشەوەڕا ڕێبەرایەتی دەکرد.

(دانی)، هەروەکو بەو ناوە بانگیان دەکرد، دەگێڕێتەوە کە ئەو نەخۆش بوو و توانای خاوێنکردنەوەی قاپی ژوورەکەی نەبوو. ماندێلا بەلای ژوورەکەیدا تێپەڕی، چەمایەوە و قاپەکەی هەڵگرتم و بەرەو حەمام ڕۆیشت بۆ ئەوەی بیشوات. کەس ئارەزوومەندی خاوێنکردنەوەی پیسی کەسێکی تر نییە. بەیانیی دواتر، نیلسۆن هات. ئەو سەرکردەی گەورەترین ڕێکخراوی ناو زیندان بوو. دەیتووانی بە هەر کەسێك بڵێت



Scanned with CamScanner

یارمەتیم بدات. ئەو بەیانییە هات و قاپەکەی لەژێر هەنگڵیدا هەڵگرتبوو. وتی (دانی، چۆنیت؟) هات و قاپەکەی خۆمی لێوەرگرتم.

بێگومان رێبەرایەتیکردن لە پێشەوەڕا بەهەمان شێوە واتای قۆستنەوەی دەستپێشخەری دەگەیاند و ماندێلاش لە وێستگە هەستیارەکانی ژیانیدا ئەمەی دەکرد. ئەو رێبەرایەتیی یانەی گەنجانی (کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقی) دەکرد، سەرۆکی خۆبەخشان بوو لە (هەڵمەتی بەرەنگاری)ی ١٩٥٢دا، ئەو رێبەری بڕیاری رووکردنە ململانێی چەکداری بوو و ئەو لە دادگایی (ریڤۆنا)ی ١٩٦٣-١٩٦٤ تەحەدای حکومەتی کرد لەسێدارەی بدات. لەو دادگاییەدا کە رەوانەی زیندانی تاهەتایی کرد، بێتاوان دەرچوو- بەڵام، ئەو وتی من تاوانبارم بە شەڕکردن لەپێناو مافەکانی مرۆڤ و ئازادیدا، تاوانبارم بە شەڕ لەدژی یاسا نادادگەرەکان، تاوانبارم بە شەڕ لەپێناو گەلە سەرکوتکراوەکەم. دانی بەوەدانا کە پلانی هەبووە بۆ هەوڵی زیانگەیاندن بە حکومەت. ئەو دەیزانی سەرکێشی کردووە بە وەرگرتنی سزای مەرگ و سڵی لەوە نەدەکردەوە. لە دوایین گەواهیدانەکەیدا لە دادگا، بۆ ماوەی چوار سەعات قسەی کرد، بەم قسانەش کۆتایی هێنا- دوایین ئەو قسانەی کە بە ئاشکرا کردنی تا ئەو وەختەی کە لە ١٩٩٠ لە زیندان ئازاد کرا:

بەدرێژایی ژیانم خۆم بۆ ئەم ململانێیەی گەلی ئەفریقا تەرخان کردووە. لەدژی داگیرکاریی سپی پێست جەنگاوم و لەدژی داگیرکاریی رەش پێستیش جەنگاوم. گرنگیم داوە بە خەونی کۆمەڵگەیەکی دیموکرات و



Scanned with CamScanner

ئازاد کە تیایدا هەمووان پێکەوە بە دەرفەتی یەکسان لە ئاشتیدا دەژین. ئەمە خەونێکە کە هیواخوازم بۆی بژیم و بەدەستی بێنم. بەڵام ئەگەر پێویست بکات، ئەمە خەونێکە ئامادەم بۆی بمرم.

---

کاتێك قسەکانی تەواو کرد، بێدەنگی هۆڵی دادگای داگرت. ئەمە قسەکانی کەسێك بوو کە دەیزانی لەوانەیە ئەمە کۆتاییەکەی بێت. بەڵام شتێك ئەوەندەی ئەو گفتوگۆ نهێنییانەی لەگەڵ حکومەتی سپی پێست لە ١٩٨٥دا ئەنجامیدا مەترسی بۆ ئەو نەبوو کاتێك هێشتا لە زینداندا بوو. ئەمە پێشێلکردنی هەموو پرەنسیپێکی بزاڤەکەی و لێدوانە ئاشکراکانی بوو بەدرێژایی چەند سەدەیەك. ئەگەری هەبوو بە ناپاك لەقەڵەم بدرێت و ببێتە قێزەونێك لەناو بزووتنەوەکەی خۆیدا و ئەگەری هەبوو وڵات بەرەو هەڵدێری شەڕی ناوخۆ ببات. بەڵام دەیزانی دەبێ هەنگاو بنێت. بۆچوونی وابوو کە، کاتێك رووبەڕووی حەتمیەت دەبێتەوە، بۆ چاوەڕێ بێت؟ لەوانەیە ئەم گۆڕانە چارەنووسسازە لە دەرەوەڕا کتوپڕ دیار بووبێت، بەڵام وەکو زۆرێك لە بڕیارەکانی تری ناو ژیانی، مێژوویەکی درێژ و ناهەمواری هەبوو.

***

ئەمە لە زیندانی (پۆڵسمور) دەستیپێکرد کە ماندێلا لەساڵی ١٩٨٢دا تیایدا زیندانی کرا پاش ئەوەی هەژدە ساڵی لە دوورگەی رۆبێن بەسەر برد. پۆڵسمور لە ناوچەیەکی خۆشی دەوروبەری (کەیپ تاون) بوو و لە



Scanned with CamScanner

پێدەشتی چیاکانی (ستینبێرگ) هەڵکەوتبوو کە ڕێك لە باکووری دیوارە گەچکاریکراوەکانی زیندانەکەوە بەرز دەبوونەوە. بۆ گەیشتن بە زیندانەکە، دەبێ بە ڕێڕەوە تاك سایدەکانی شارۆچکەکەدا بڕۆیت و بەلای ئەو خانووە بچوکە ئەندازەییانەدا بڕۆیت کە بایسکیل لە فریزی پێش دەروازەکانیان ڕاگیراوە. پاشان، لە کۆتایی شەقامێکی نیشتەجێبوونی نیشانە نەکراودا، بەلای ڕاستدا پێچ دەکەیتەوە و لەوێوە دەروازەیەك دەردەکەوێت بەرەو زیندانی گەمارۆدراو بە هێزی چروپڕی ئاسایش.

ئەگەر بڵێین دەشێ زیندانێك خۆش دیار بێت، ئەوا پۆڵسمۆر وەها بوو. ڕێگای ئۆتۆمبێل بەلای باخچە ڕازێنراوەکان و پەڵە گوڵەکاندا دەتبات و دەتگەیەنێتە بینایەکی کۆنکریتی خۆڵەمێشیی کاڵ. لە پۆڵسمۆر، ماندێلا بیری جوانی سروشتیی دوورگەی ڕۆبێن و دەرفەتی کەوتنە بەر خۆرەتاوی دەکرد، بەڵام لایەنی باشی تری هەبوون. خێزانەکەی دەیانتووانی ئاسانتر سەردانی بکەن. خواردنەکەی باشتر بوو. دواجار ئەوان لەسەر خاکی سەرەکیی وڵات بوون و هەستیان کرد بە جیهانەوەی گرێدراونەتەوە. ئەو و چوار دۆستەکەی دوورگەکەی– والتەر سیسولو، ئەحمەد کاسرادا، ڕایمۆند ملابا و ئەندرو ملانگێنی– زیندانێکی گەورەی هاوبەشیان هەبوو کە بە قەبارەی هۆڵێکی تۆپی سەللەی قوتابخانەیەك دەبوو و لە نهۆمی سێ بوو. ڕووبەرێکی کراوەشی هەبوو کە ماندێلا ڕێگەی پێدرابوو باخچەیەکی تێدا چێ بکات.



Scanned with CamScanner

به هاتنی ١٩٨٥، ماندێلا بیست و دوو ساڵ بوو زیندانی کرابوو و بزاڤی دژەئاپارتاید لەناو باشووری ئەفریقادا توندتر و سەرکەشتر ببوو. هەڵمەتی (کۆنگرەی نیشتمانی) بۆئەوەی ئەفریقا پەشێو بکات، شارۆچکەکانی دەکردە ناوچەی شەڕ. راپەڕینەکانی رۆژانە دەبوونە مانشێتی هەواڵەکانی ئێوارە لە سەرانسەری جیهاندا. بزووتنەوەی رێکخراوەکان و (بەرەی دیموکراتی یەکگرتوو) کە رێکخراوێکی چەتر بو بۆ سەدان رێکخراوی دژەئاپارتاید، فشاری بەردەوامیان دەخستە سەر حکومەت. ناو و وێنەی ماندێلاش ببووە رەمزی بزووتنەوەی جیهانیی دژە ئاپارتاید.

هەر لە هەمان ساڵدا، ماندێلا حاڵەتی گەورەبوونی پرۆستاتی لێدەرکەوت و دکتۆرەکانی پێشنیاری نەشتەرگەرییان بۆ کرد. لەژێر ئەمنیەتێکی توند دا، برایە نەخۆشخانەی (ڤۆکس) لە (کەیپ تاون) بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەکە. لەو چەند جارەی دوورگەی رۆبێندا کە پێویست بوو ماندێلا ببرێتەوە وڵات، رقی لێبوو. بە بەراورد بە زیندانییەکانی تر مامەڵەیەکی جیاوازی لەگەڵدا نەدەکرا. جارێکیان پێی وتم خراوەتە بنەوەی بەلەمێك کە سپی پێستەکانی ئەفریقای باشووری تێدا بوون و دەچوونە دوورگەکە و رێبوارەکانی ناوی لەسەرەوەڕا تفیان لێکردووە. لەگەڵ هەموو ئەو سوکایەتییەی کە لە دوورگەی رۆبێن پێکراوە، زۆرجار ناگاتەوە ئەو ریسواییەی کە لە دەرەوەی دوورگەکە رووبەڕووی کراوەتەوە.



Scanned with CamScanner

بەڵام ئەم جارەیان جیاواز بوو. پێگەکەی گۆڕابوو. ئەو خانەیەکی جودای نەخۆشخانەکە و ژوورێکی هەتاویی رازاوە بەگوڵی بۆ تەرخان کرابوو. پەرستارەکان بەبێدەنگییەوە رێزیان لێدەگرت. نەشتەرگەرییەکە سەرکەوتوو بوو و بۆ ماوەی حەوت رۆژ لە دۆخی چاکبوونەوەدا بوو بەر لەوەی ببرێتەوە بۆ (پۆڵسمور). لەگەڵ دەرچوونیدا لە نەخۆشخانە لەلایەن ئەفسەری بەرپرسی زیندان خرایە ناو سیدانێك. ئەمە زۆر نائاسایی بوو، لە رابردوودا ئەو لەلایەن پاسەوانە ئاساییەکانەوە بە ڤان دەگوازرایەوە. لە گەڕانەوەیاندا، ئەفسەرەکە پێی وت نابرێتەوە لای دۆستەکانی، بەڵکو دەبرێتە ژوورێکی جیاواز. ماندێلا لێی پرسی بۆچی، ئەفسەرەکە شانی هەڵتەکاند و وتی فەرمانە لە (پریتۆریا)وە هاتووە.

ژوورە نوێکەی ماندێلا لە نهۆمی زەویی زیندانەکە بوو و لە سێ ژووری تاریکی شێدار پێکهاتبوو. لە چاو ئەو زیندانەی دوورگەی رۆبێن کۆشك بوو، بەڵام بەم گۆڕانکارییە سەرگەردان بوو. لەهەموو گۆشەنیگایەکەوە بارودۆخە نوێکەی هەڵسەنگاند. بۆچی لە دۆستەکانی جیا کراوەتەوە؟ بۆچی ئەفسەرە بەرپرسەکە لە نەخۆشخانە هەڵیگرت؟ ستراتیژی حکومەت چی بوو؟ بەشێوەیەکی ئاسایی، لەوانەیە نارەزایەتی دەربڕیبێت یان لێکۆڵینەوەیەکی رەسمی ئەنجام دابێت، بەڵام شتێ پێی ئەوت ئەبێ لەمبارەیەوە زیاتر بیر بکاتەوە.

کاتێك دەستیکرد بە تێبینیکردنی بارودۆخەکەی، بیری نەك لەو شتانەی کە لە دەوروبەری نین بەڵکو لە دەرفەتەکان کردەوە. گەیشتە ئەو



Scanned with CamScanner

ئەنجامەی کە تەنیاییەکەی دەرفەتێکی پێدەدات شتێك بکات کە ساڵانێك بوو بیری لێ دەکردەوە، شتێك کە لێکۆڵینەوەی وردی لەبارەوە کردبوون، شتێك کە لە ڕوانگەی حزبی کۆنگرەی نیشتمانییەوە ناکۆك بوو. دەیتووانی لەگەڵ حکومەتدا دەست بە گفتوگۆ بکات. بۆ ماوەی چەند دەیەیەك، کۆنگرەی نیشتکانی دانوستانی لەگەڵ حکومەت ڕەت کربووەوە تا ئەو کاتەی کە رازی دەبوو یاساکانی ئاپارتاید هەڵبوەشێنێتەوە و زیندانە سیاسییەکان ئازاد بکات. بەڵام ئێستا بۆی دەرکەوتبوو کە جیهان گۆڕاوە و دەبێ ئەمیش لەگەڵیدا بگۆڕێت. لەمێژ بوو گەیشتبووە ئەو ئەنجامەی کە کۆنگرەی نیشتمانی لە ڕێگەی خەباتی چەکدارییەوە حکومەت ناڕووخێنێت. تەنیا دانوستان کاریگەرە. ئێستا دەیتووانی لەم سۆنگەیەوە هەنگاو بنێت.

لە زیندانێکدا لەگەڵ هاوتا زیندانییەکانی، هیچ شتێك شاراوە نەدەبوو، دەبووایە بۆ هەر دەرچوونێك یان وتوێژێك لەگەڵ دەسەڵاتدا ڕاوێژ بکات لەگەڵیاندا. بەڵام ئێستا ئیتر تەنیا بوو. ڕوون بوو بەلایەوە کە حکومەتیش وەکو دەرفەتێك دەیڕوانییە بارودۆخە نوێکەی.

بڕیارەکەی چارەنووسساز بوو. بەدرێژایی ژیانی لەدژی حوکمی زۆرینەی سپی پێست دەجەنگا. کۆنگرەی نیشتمانی حەفتا و پێنج ساڵ بوو لەدژی ئەم حوکمە دەجەنگا و بیست ساڵ ئەبوو چووبووە ناو ململانێی چەکدارییەوە. بەدرێژایی ئەو ماوەیە، سیاسەتەکە ئەوە بوو کە دانوستان نەکرێت و تەنیا لەسەر بنەمای یەکسانی دەکرێ دانوستان



Scanned with CamScanner

بکرێت. ماندێلا، بێ ئەوەی پرس بە کەس بکات، نیازی بوو رەوگەی تەواوی مێژوو بگۆڕێت. ئەو لە ستراتیژیی ئاشکرای کۆنگرەی نیشتکانی لایدەدا، ئەو رێکخراوەی کە ئەو خۆشی دەویست و بەهۆیەوە پێگەیشتبوو و ئەوپەڕی وەفادار بوو بەرانبەری.

لەگەڵ ئەوەشدا نیگەران بوو و نیگەرانییەکەشی لە جێی خۆیدا بوو. ئەمە یەکەم جار نەبوو بیرۆکەی وتوێژ دەهاتە گۆڕ. سەرەتاکانی ئەو ساڵە، لە کانوونی دووەمدا، (پی.دەبلیو.بۆتا)ی سەرۆکی دەوڵەتی ئەفریقای باشوور بە ئاشکرا پێشنیاری ئەوەی کرد ماندێلا ئازاد بکرێت ئەگەر بێ مەرج توندوتیژی وەکو ئامرازێکی سیاسی رەت بکاتەوە. ماندێلا دەستبەجێ پێشنیارەکەی رەت کردبووەوە و لێدوانێکی دابوو کە بەم شێوەیە بوو (تەنیا پیاوانی سەربەست دەتووانن دانوستان بکەن. زیندانییەکان ناتووانن رێککەوتن بکەن. من ناتووانم هەنگاوێك بنێم لەکاتێکدا کە من و ئێوە، گەل، ئازاد نین. ئازادی من و ئێوە لێك جودا ناکرێنەوە). وەڵامە سەربازی و راشکاوانەکەی ماندێلا حکومەت و سەرۆك بۆتای شەرمەزار کردبوو.

بەڵام ئەمجارەیان جیاواز دیار بوو. ئەو بەبڕوابەخۆبوونەوە و بە دەستپێشخەریی خۆی وتوێژەکانی دەست پێدەکرد. بزافی دژە ئاپارتاید لەرووی هێزەوە گەشەی دەکرد. حکومەت بەرەبەرە نووسینی سەر دیوارەکانی دەبینی. بۆتا بە هاوڵاتییەکانی وتبوو (دەبێ خۆبگونجێنن یان بمرن). لەهەمان کاتدا، ماندێلا دەیزانی دەشێ وەزعی هەنوکەیی چەندین



Scanned with CamScanner

دەیە بخایەنێت و ئەویش گەنجتر نەدەبووەوە. هەروەها دەیزانی دەکرێ لەکاتی دەستپێکردنی دانوستانەکاندا لەلایەن دۆستەکانی، حزبەکەی و جیهانەوە نەبینرێت. ئەوەی ئەو کردی، نووسینی نامەیەك بوو بۆ (کۆبی کوێستی)ی وەزیری داد، تیایدا نوسیبووی حەز دەکات وتوێژەکانی لەگەڵ حکومەتدا دەست پێبکات.

بەرەوپێشچوونەکە زۆر سارد بوو. هەر لەو ساتەوە کە یەکەم نامەی نووسی تا کاتی یەکەم کۆبوونەوە تەقریبەن دوو ساڵی خایاند. ئەو نەیدەزانی ئاخۆ حکومەت پێشنیارەکەی لەبەرچاو دەگرێت یان نا و بەردەوام بوو لە نووسینی نامەکان. بەڵام لە تەمووزی ١٩٨٦دا، شتەکان لەپڕ جوڵەیان تێکەوت.

ئەو گێڕایەوە و وتی (هێشتا زۆر باش لەبیرمە. چوارشەممە بوو کاتێك نامەکەم پێدان، بە کاربەدەستەکەم وتبوو دەمەوێ لەبارەی پرسێکی نیشتمانیی گەورە بتبینم). یەکشەممەی دواتر، ماندێلا خۆیکرد بەماڵی کاربەدەستەکەدا کە لەسەر زەویی زیندانەکە بوو. کاتێك ماندێلا لەگەڵ کاربەدەستەکەدا رووبەڕوو بوو، وتی ئەوەی بە راستی دەمویست ئەوە بوو کە وەزیری داد ببینم. کاربەدەستەکە پرسی بۆچی.

ماندێلا وتی (دەمەوێ تەواوی پرسیاری وتوێژەکانی نێوان کۆنگرەی نیشتمانی و حکومەت بوروژێنم). کاربەدەستەکە دەستبەجێ تەلەفۆنی بۆ (کۆوێتسی) کرد کە لە کەیپ تاون بوو. بە پێی گێڕانەوە ماندێلا، کۆوێتسی وتی (هەر ئێستا بیهێنن بۆ ماڵەکەم). ماندێلا قەت نەگەڕایەوە



Scanned with CamScanner

بۆ زیندانەکەی بەڵکو برایە شوێنی رەسمیی (کۆوێتسی) لە کەیپ تاون و هێشتا جلە تۆزاوییەکانی زیندانی لەبەردابوون و لەوێش سێ سەعاتی پێچوو.

ماندێلا قەت حەزی نەکردووە دیدار لەگەڵ کەسدا بکات مەگەر ئەوەی کە لەسەر بنەمایەکی یەکسان بێت. ئەو کەیفی بەو راستیە نەدەهات کە هێشتا جلی زیندانی لەبەردایە، بەڵام لێگەڕا ئەمەش تێپەڕێت.

بەردەوام بوو لە گێڕانەوەکەی و وتی ( ئێستا بەویشم وت دەمەوێ پی.دەبلیو.بۆتای سەرۆك دەوڵەت ببینم). ماندێلا تەنیا بۆئەوە داوای دیداری لەگەڵ وەزیری داد کردبوو کە پێی بڵێت ئەوەی بە راستی دەیەوێ دیدارە لەگەڵ سەرۆکی دەوڵەت. ماندێلا هەرکام لەو کەسانەی بەکار دەهێنا تا شتەکان بباتە ئاستێکی دواتر. داواکەی ماندێلا لە (کۆوێتسی) دانوستانەکانی گەیاندبووە بەرزترین ئاست- دیدارێکی نهێنی لەنێوان بەناوبانگترین زیندانی سیاسیی جیهان و ئەو پیاوە دواجار ئەوی خستبووە پشت شیشەکانی زیندانەوە. کۆوێتسی دەستبەجێ بۆی دەرکەوت کە ئەم دانیشتنە چەنێك مێژووییە. ئەو رۆژە زنجیرەیەك رووداو دەستیانپێکرد کە نەك تەنیا لە بەربوونی ماندێلادا بەرجەستەبوون، بەڵکو ئەو دانوستانەشیان لێکەوتەوە کە بوونە هۆی یەکەم هەڵبژاردنی ئازاد و دیموکرات لە مێژووی ئەفریقای باشووردا.

***



Scanned with CamScanner

کاتێك تۆ لەپێشەوەڕا ڕێبەرایەتی دەکەیت، ناتووانیت لێگەڕێیت دۆستەکان ئەوەندە لەدواوە دوور بکەونەوە. بۆیە پاش ئەوەی ئەم وتوێژە تایبەتانە دەستیانپێکرد، ماندێلا داوایکرد دۆستەکانی ببینێت. ویستی پێیان بڵێت کە چی کردووە و دڵنیا بێتەوە کە لەگەڵیدان. هەرچەندە ئەوان سێ نهۆم لێك دوور بوون، دەبووایە داوای بینینی ئەوان بگەیەنرێتە کاربەدەستانی زیندان، پاشان بگاتە کاربەدەستانی کەیپ تاون و پاشان بۆ دواجار بگاتە بارەگای سەرەکی حکومەت لە (پریتۆریا). ئەمجارەیان حکومەت تەنیا ڕێگەی بە ماندێلا دەدا کە بە تاك تاکە هاوڕێکانی ببینێت. لەبری بەرەنگاریکردن، ماندێلا ڕازیبوو. یەکەم دیداری لەگەڵ واڵتەر بوو، کۆنترین هاوڕێ و ئامۆژگاریکەری، ئەو پیاوەی کە سەرکردەیەکی جەماوەری لە گەنجێکی درێژی کرچ و کاڵی خەڵکی ترانسکی-دا بینیبوو. ئەو وتوێژە نهێنییەکەی لەگەڵ واڵتەردا باس کرد.

ماندێلا کاردانەوەکەی واڵتەری بۆ باس کردم کە پۆزەتیڤ نەببوو. (ئەو وتبووی من لە بنەمادا لەدژی دانوستان نیم، بەڵام هیوادار بووم ئەوان دەست پێبکەن نەك ئێمە). ماندێلاش وتبووی (ئەگەر تۆ لە بنەمادا لەدژی دانوستان نیت، کەواتە گرنگ نییە کێ دەست پێدەکات. من دەستم پێکردووە).

پاشان ماندێلا ملابا، کاسادرا و ملانگێنی، یەك لەدوای یەك بینی. کاسادرا لەگەڵ واڵتەردا هاوڕا بوو و لەدژی دانوستان بوو. ملابا و ملانگێنی هەمان کاردانەوەیان هەبوو: ئەو لە چاوەڕێی چیدایە؟



Scanned with CamScanner

بەڵام ئەمە کاردانەوەی سەرکردایەتی کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقی نەبوو کە لە (لوساکا)ی زامبیا بوو. لە ڕاستیدا، کاتێك (ئۆلیڤەر تامبۆ)ی هاوڕێی کە سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانی بوو، گوێبیستی ئەو دەنگۆیانە بوو کە ماندێلا وتوێژ لەگەڵ حکومەت دەگات، زۆر بایەخی بەمەدا. کەسانێك هەبوون پێیان وابوو ماندێلا تێکشکاوە یان خۆی فرۆشتووە. تامبۆ نامەیەکی بۆ ناردبوو و داوای ڕوونکردنەوەی لێکردبوو.

ماندێلا دەڵێت ( پێم وت هاوڕێ ئۆ.ئار- من بەم کورتکراوەیە بانگم دەکرد- من تەنیاوتەنیا لەسەر یەك شت مشتومڕ لەگەڵ حکومەتدا دەکەم، ئەویش دیداری نێوان کۆنگرەی نیشتمانی و حکومەتە و هیچی تر).

لەبڕیاردان لەسەر دەستپێکردنی دانوستانەکان، ئەو باش دەیزانی ئەمە مەترسییە بۆ سەرکردایەتییەکەی خۆی، جگە لە تامبۆ، کەسانێك لەناو کۆنگرەی نیشتمانیدا هەبوون- هەندێکیان لە ئاستی باڵادا بوون- پێیان وابوو ئەو ناپاکی بەرانبەر بزووتنەوەکە کردووە. تەنانەت هەندێکیان بە ناپاك ناودێریان دەکرد. گومانی تیا نییە ئەمە ڕۆڵی دیاری ئەوی وەکو ڕێبەری سەرەنجامی کۆنگرەی نیشتمانی و بزاڤی دژەئاپارتاید خستەمەترسییەوە. هەنوکە کەسانێك لەناو کۆنگرەی نیشتمانیدا هەبوون کە پیلانیان لەدژی دەگێڕا و ئەمەش زیاتر زەمینەی بۆ خۆش دەکردن.



Scanned with CamScanner

ماندێلا زۆر جار بە منی وتووە کە کۆنگرەی نیشتمانی حزبێکی دەستەجەمعی بوو و کەس دوا بڕیاردەر نەبوو. بۆیە لەبارەی ئەو بڕیارە وەرچەرخێنەرەوە لێم پرسی کە بەشێوەیەکی کاریگەر و بە تەنیا دابووی.

ماندێلا رێك و رەوان بوو. (هەندێ جار زۆر پێویستە بۆ رێبەر کرداری سەربەخۆیانە ئەنجام بدات بەبێ راوێژکردن بە کەس و خستنەڕووی ئەوەی کە کردوویەتی بۆ رێکخراوەکەی. هەندێ حاڵەتی ئەو سروشتە هەن کە تیایاندا بڕیارێك دەدەم و تۆی رووبەڕوو دەکەمەوە و تاکە پرسیارێك کە دەبێ لەبەرچاوی بگریت ئەوەیە ئاخۆ ئەوەی کردوومە لە قازانجی بزاڤەکەیە یان نا. من دەڵێم ئەگەر پرسەکە (دانوستانەکە)م لەگەڵ دۆستەکانم بخستایەتە بەر باس پێش ئەوەی دیدار لەگەڵ حکومەتدا ئەنجام بدەم، ئەوا رەفزیان دەکرد. ئەمڕۆکە ئێمە دانوستانمان نەدەبوو).

بەلای ماندێلاوە، رێبەرایەتیکردن لە پێشەوەڕا بەهەمان شێوە مانای بەرپرس بوون دەگەیەنێت. ئەو بیرۆکەیە پەسەند دەکات کە ئەگەر بە تەنیا بڕیار بدات ئەوا لێکەوتەکانی لە ئەستۆ دەگرێت. ئەگەر بەهەڵەدا بچێت، ئەزانیت کە لۆمەی کێ دەکەیت. تاوەکو ئەمڕۆش، ماندێلا بڕیاری دانوستان لەگەڵ (بۆتا) بە شۆڕشگێڕانەترین بڕیار لەقەڵەم دەدات. هەر کە بڕیاریدا سەرکەوتنێکی سەربازی لەئارادا نابێت بەڵکو تەنیا سەرکەوتنی سەربازی مومکینە، دوودڵ نەبوو لەوەی رێڕەوەکە بگۆڕێت.

***



Scanned with CamScanner

ماندێلا لە ژیانیدا زۆرجار بیرکردنەوەی خۆی گۆڕیووە کاتێك بارودۆخەکان گۆڕاون. بەلای ئەوەوە، ئەمە تەنیا لۆژیکە. کاتێك ئەو شتە دەبینێت کە بە حەتمی لەقەڵەمی دەدات، ئەوا تێڕوانینەکەی دەگۆڕێت. بەڵام پشتیش ناکاتە هیچ وردەکارییەك. حەز دەکات هەموو لێکەوتەکانی ڕا گۆڕینەکەی هەڵسەنگێنێت. تەنیا ئەو کاتە هەنگاو دەنێت. دەشێ هەندێ جار لە دەرەوەڕا کردارەکانی کتوپڕ دەرکەون– بەڵام لەناوەوەڕا هەنوکە هەموو شتێکی ورد کردووەتەوە. ئەو دەڵێت ئەو شتەی کە حەتمییە دوا مەخە ئەگەرچی ئەو چارەسەرەش نەبێت کە لە بنەڕەتەوە ویستووتە.

لەماوەیەدا کە پێکەوە کارمان دەکرد، لە گەشتێکدا لەگەڵی چوومە واشنتۆن دی.سی، لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا لەوێ، وتی کاتی ئەوە هاتووە ئەمریکا و جیهان کۆتایی بە سزاکانی دژ بە ئەفریقای باشوور بێنن. ئەم گۆڕانکارییەی سیاسەت بەلای زۆرێك لە دۆستەکانی ماندێلا لەناو کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقی و لە دەرەوەشڕا وەکو سورپرایزێك وابوو. ئەمە شتێکە کە چەند مانگێك بوو قسەیان لەسەر دەکرد، بەڵام لەبارەیەوە گەیشتبوونە بنبەست. ئەو دەڵێت هەندێ جار دەبێ بەستەڵەکەکە بشکێنیت. ئەو بەدوای کۆدەنگیدا گەڕابوو بەڵام بەدەستینەهێنابوو. ئەو کۆدەنگی بەلاوە باشە، بەڵام ئەگەر ئەستەم بێت، خۆی دەستپێشخەرییەکە دەکات. لە حاڵەتی سزاکاندا، لەبارەیەوە قسەی



Scanned with CamScanner

لەگەڵمدا کردبوو و دەیگوت بیری لێدەکەمەوە-کە زۆرجار بەو مانایە بوو هەنوکە بڕیاریداوە و خەریکی هەڵسەنگاندنی کاردانەوەکانە.

کاتێك لە ١٩٩٩دا وازی لە سەرۆکایەتی هێنا، سوێندی خوارد کە دەچێتە ناو خانەنشینییەکی کپ و بێدەنگەوە. بەڵام وەها نەدەبوو. نەیدەتوانی لەبەرانبەر ئەو بەڵایەدا بێدەنگ بێت کە ئایدز بەسەر ئەفریقای باشووریدا دەهێنا. ئەو شتێکی کەمی لەبارەی نەخۆشییەکەوە دەزانی کاتێك لە زیندان هاتە دەر. لە راستیدا، ئەو هێشتا دید و بۆچوونی ناتەواوی لەبارەی ئایدز و هاوڕەگەزبازی هەبوو و ئەمەش بۆ جیلی ئەو ئاسایی بوو. بەڵام پاشان ئەوەی ئۆفیسی سەرۆکایەتی جێ هێشت و تێبینی کرد کە (تابۆ مبێکی)ی جێگرەوەی رووبەڕوونەوەی لەگەڵ قەیرانی ئایدزی ئەفریقای باشووردا لاوازە، دەرکەوتەوە. مبێکی لەمێژە نکوڵی کردووە لە پەیوەندیی نێوان ڤایرۆسی (ئێچ ئای ڤی) و ئایدز و دابەشکردنی جیهانیی دەرمانی دژی ئەم ڤایرۆسە بەسەر نەخۆشەکانی ئایدز لە ئەفریقای باشوور رەتکردەوە.

دواجار لەساڵی ٢٠٠٢دا، ماندێلا بە رۆژنامەی (سەندەی تایمز)ی جۆهانسبێرگی وت (ئەمە جەنگە. هەر ئەم جەنگەش خەڵکێکی زیاتر لەوانەی کوشتووە کە لە هەموو جەنگەکانی پێشوو و کارەساتە سروشتییەکانی پێشوو کوژراون. پێویستە ئێمە لە مشتومڕ و وتوێژ بەردەوام نەبیت کاتێك خەڵکی لە گیانەلادان). (مبێکی) بەرانبەر ئەوەی کە ماندێلا وتی دڵخۆش نەبوو، بەڵام ئەو کارە لە جێی خۆیدا بوو. هەندێ



Scanned with CamScanner

جار رێبەرایەتیکردن لە پێشەوەڕا ئەوەیە بیسەلمێنیت تۆ هەڵە بووین- تەنانەت ئەو کاتەش کە هیچ کەسێك تۆمەتبارت نەکات. ماندێلا درکی بەوە کرد کە خاو بووە لە بینینی رووناکی، یارمەتییەکی تریشی لەدەست نەدەهات مەگەر ئەوەی کە رێڕەوەکە راست بکاتەوە.

تەنانەت لە قەراغەکانیشەوە، ماندێلا لە پێشەوەڕا رێبەرایەتی دەکرد.



Scanned with CamScanner

# ٤

# لەدواوە ڕێبەرایەتی بکە

چەندەی ماندێلا حەزی لە سەرنجڕاکێشان بوو، هەمیشە دەشیزانی کە دەبێ هاوبەشی پێبکات. ئەو دەیزانی بەشێکی -بەشێکی زۆر گەورە- ی ڕێبەرایەتی ڕەمزییە و ئەم ڕەمزێکی نایابە. بەڵام دەیزانی کە نابێت هەمیشە لە پێشەوە بێت و ئەمەی کە ئامانجە گەورەکەی دەرێت ئەگەر توانا بەوانیتر نەدات تا ڕێبەرایەتی بکەن. بە زمانی یاریی سەللە، ئەو تۆپەکەی دەویست، بەڵام تێگەیشتبوو لەوەی دەبووایە پاس بداتە ئەوانیتر و لێگەڕێ شووت بکەن. ماندێلا بە ڕاستی بڕوای بە فەزیڵەتەکانی تیم هەبوو و دەیزانی بۆئەوەی باشترین لە خەڵکەکەی خۆی بەدەست بخات، دەبێ دڵنیا بێتەوە کە بەشداری شکۆمەندییەکە دەکەن و تەنانەت لە هەمووی گرنگتر، ئەوان هەستیان کرد کە کاریگارییان لەسەر بڕیارەکانی هەیە.

بەیانییەك، سەعاتێك و نیوێك دەبوو بە ناو گردەکانی پشت خانووەکەیدا دەڕۆیشتین لە ترانسکی و تەمی بەرەبەیان ڕەوییبووەوە. ناوچەیەکی پڕ لە تاشە بەرد و وشك و گژوگیای کورت و درەختی کەمی



Scanned with CamScanner

لێبوون. ماندێلا وەستا، سەری بەرز کردەوە و لە دەوری خۆی روانی. وتی پێشتر ئەمە کێڵگەی گەنمەشامی بوو.

(زۆر خۆش بوو. ئێمە وا خۆمان دەردەخست کە تەماشای گاڕان دەکەین بەڵام هەندێ جار گەنمەشامیمان دەدزی و وا پیشانمان ئەدا کە تەماشای گاڕان دەکەین، بەڵام هەندێ جار گەنمەشامیمان دەدزی و دەمانبرژاند. بەدوای ئەو گردە مێروولانەدا دەگەڕاین کە چۆڵ کرابوون. هەمووی ئەو شتەی کە تیایدا بەجێمابوو چەند مۆرانەیەك و بڕێك گژوگیای وشك بوو. ئێمە لولەگەنمەشامییەکەمان دەبرد و دەمانخستە ناو کونەمێرووله کۆنەکە و گژوگیا وشکەکەی ژێرەوەمان گڕ دەدا. پاشان لوله گەنمەشامییەکانماندەخستە ناو کونەکە و دەمانبرژاندن لەکاتێکدا کە مۆرانەکان جۆرە رۆنێکیان لێ دەردەچوو کە گەنمەشامییەکانی زۆر بەتام دەکرد). وەکو ئەوە وابوو کە ماندێلا گوازرابێتەوە بۆ ناو دۆخی منالییەکەی و لەکاتی قسەکردنیدا خەریکی تامکردنی گەنمەشامییە برژاوەکەیە.

روویکردە من و وتی (تۆ قەت گاوانیت نەکردووە، وانییە ریچارد؟) وتم نەخێر. سەری لەقاند. ئەو کاتەی کوڕێکی گەنج بوو- هەشت بۆ نۆ ساڵ ئەبوو- پاش نیوەڕۆی دووردرێژی بە لەوەڕاندنی گاڕان بەسەر بردووە. دایکی چەند مانگایەکی خۆی هەبووە، بەڵام گاڕانێکی گەورە هەبووە هی دێیەکە بووە و ماندێلا و کوڕانی تر چاودێرییان کردووە. پاشان ئەو لایەنە سەرەکییەکانی گاوانی بۆ روون کردمەوە.



Scanned with CamScanner

(ئەزانیت، کاتێك تۆ دەتەوێ گارانێك بە ئاراستەیەکی دیاریکراودا ببەیت، لە پشتەوەڕا بە دارێکەوە ئەوەستیت، پاشان وا لە چەند مانگایەکی زیرەکتر دەکەیت بچنە پێشەوە و بەو ئاراستەیەدا بڕۆن کە تۆ دەتەوێ. پاشماوەی مانگاکان دوای ئەو چەند مانگا پڕ وزە و چالاکە دەکەون، بەڵام تۆ بە راستی لەدواوەڕا رێبەرایەتییان دەکەیت). هەڵوەستەیەکی کرد و وتی (رێبەر بەم شێوەیە دەبێ رێبەرایەتی بکات).

ئەمە تەنیا چیرۆکێکی پەندئامێزە، بەڵام بیرۆکەکە ئەوەیە کە رێبەرایەتی لە بنچینەدا پەیوەندی بەوەوە هەیە خەڵکی بە ئاراستەیەکی دیاریکراودا بجولێنیت–بەزۆریش لە رێگەی گۆڕینی ئاراستەی بیرکردنەوەیان و کردارەکانیان. رێگای ئەنجامدانی ئەمەش مەرج نییە دەرپەڕین بێت بۆ پێشەوە و بلێیت (دوام کەون)، بەڵکو لە رێگەی بەهێزکردن یان پاڵنانی ئەوانیترە بەرەو پێشەوەی خۆت. لە رێگەی بەهێزکردنی ئەوانیترەوەیە کە ئێمە رێبەرایەتی و بیرۆکەکانی خۆمان دەگەیەنین. ئەمە لە هەموو بوارێکی ژیاندا بەهادارە. ئەمە لە شوێنی کاردا بەدی دەکەین کاتێك بەڕێوەبەرێکی هانی کارمەندەکانی دەدات تا یارمەتیدەر بن بۆ گەڵاڵەکردنی ستراتیژی نوێ. لەماڵەوە دەیبینین کاتێك دایك و باوك کۆبوونەوەی خێزانییان هەیە بۆ رێنماییکردنی منداڵەکانیان بەرەو رێسا و رەفتاری مەعقول، نەك ئەمەی کە تەنیا یاسا دابنێن.

جارێکیان یەکێك لە دۆستە هەرە کۆنەکانی ماندێلا پێی وتم لەبەرئەوەی ماندێلا زۆر بەهێز و کاریزمابیە، قەت تەنیا لەبەر زیرەك بوونەکەی ستایش



Scanned with CamScanner

نەکراوە. زۆرجار خەڵکی تێبینی ئامادەییەکەیان کردووە نەک هۆشمەندییەکەی. بەڵام لەکاتێکدا کە ماندێلا هۆشمەندییەکەی بە کەم نەدەبینی، دەیزانی ئەو دەراخێك نییە. دەبوایە کاری لەسەر بکات.

ئەو هەمیشە چەندەها سەعاتی تەرخان دەکرد چونکە دەیویست بە راستی لە شتەکان تێبگات و لەهەموو گۆشەنیکایەکەوە لە پرسەکان بڕوانێت. ئەو قەت بایی ئەوەندە سادە نەبوو کە بتوانێت ئەو زانیارییە پیشان بدات کە لە راستیدا نییەتی. سەرەنجام، ئەو زۆرجار خۆی لەگەڵ ئەوانەدا رێکدەخست کە پێی وابوو شارەزایەتی راستەقینەیان هەیە و قەت ئەوەندە شەرمن نەبووە داوای روونکردنەوەی شتەکانیان لێبکات. بە داواکردنیش لێیان لە یارمەتی و راوێژیان، نەک تەنیا لێیانەوە فێر دەبوو بەڵکو بەهەمان شێوە بەهێزی دەکردن و دەیکردنە هاوپەیمان. ماندێلا لەوە تێگەیشتبوو کە هیچ شتێك ئەوەندەی داواکردنی یارمەتی، رەزامەندی ئەویترت بۆ مسۆگەر ناکات– واتە کاتێك رێز لەوانیتر دەنێیت، هاوسۆزییان بەلای خۆتدا رادەکێشیت.

***

مۆدێلی ماندێلا بۆ رێبەرایەتیکردن لە دواوە، باوکی نەبوو بەڵکو (جۆنگینتابا) بوو، ئەو پاشایەی کە لە (شوێنە مەزنەکە) بەخێوی کرد. پاش ئەوەی باوکی ماندێلا مرد، پریاسکەیەکی شتەکانی ماندێلای پێچایەوە و بەناو گردەکانی ترانسکی–دا بەرەو (مقێکێزوێنی)ی پایتەختی (تێمبەلاند) کەوتەڕێ کە بە (شوێنە مەزنەکە) ناسراوە. باوکی ماندێلا

راوێژكاری پاشا بووه و پاشا ویستی ماندێلا پەروەردە بكات و دواجار بیكاتە راوێژكاری (جەستس)ی كوڕی كە هاوسەردەمی ماندێلا بوو. ماندێلا گەشتە بێدەنگە درێژەكەی لەوێ لە (كونو)ی زێدی خۆی دێتەوە بیر كە بەپێ لەگەڵ دایكیدا كەوتە رێ. ئەو لەبەرانبەر جیهێشتنی ئەو تاكە جیهانەدا كە تا ئەو كاتە دەیناسی دڵتەنگ بوو، ئەو بە فراوانی و مەزنایەتییەكەی سەرسام بوو. هەروەكو لە دەفتەری یادداشتەكانی زیندانداا نووسیویەتی (بە زەحمەت دەمتووانی وینای هیچ شتێك لەسەر زەوی بكەم كە لەم رووبەرە تێپەڕ بكات). لە راستیدا (شوێنە مەزنەكە) لە ژمارەیەك كۆڵیت و باخێكی گەورە بەولاوە هیچی تر نەبوو. زۆر سادە بوو تەنانەت لە چاو كۆشكێكی شاهانەی ئەفریقیشدا. بەڵام پێی وابوو لە چەقی زەویدا گیرساوەتەوە.

لە پاش نیوەڕۆدا گەیشت، دێتەوە بیری كە ئۆتۆمبێلێكی درێژ بە دەروازەی خۆرئاوای گوندەكەدا تێدەپەڕی و هەموو پیاوانی گوندەكە كە لەژێر سێبەردا دانیشتبوون هەڵدەستانە سەر پێ و دەیانگوت (بژی جۆنگینتابا!) ئەمەش سڵاوێكی تەقلیدیی خوسی بوو لە سەركردە دەكرا. هەروەكو ماندێلا لە دەفتەری یادداشتەكانیدا نوسیوویەتی (پیاوێكی چوارشانە، رەشتاڵە كە قاتی لەبەردا بوو، دابەزی و چووە لە خەڵكی ژێر درەختەكان. سەنگێكی بێ چەندوچون و روخسارێكی هۆشمەندانەی هەبوو. بڕوابەخۆبوون و رەفتارە رەمەكییەكەی، وەكو كەسێكی راهاتوو لەسەر



Scanned with CamScanner

ستایشکردن و پراوەکردنی دەسەڵات نیشانەی کردبوو). ئەمە پاشا جۆنگینتابا بوو.

ئەم رۆژە بۆ تاهەتایە لە یادەوەریدا مایەوە. هەروەکو لە یادداشتەکانیدا دەڵێت، تا گەیشتە (مقهێکێزوێنی) تاکە ئاواتی ئەوە بوو ببێتە پاڵەوانێکی شەڕە دار یان راوچییەکی بەتوانا. هەروەها دەڵێت (بەڵام تەنانەت لەو یەکەم رۆژەشدا هەستم کرد درەختێکی لەڕەگ هەڵکێشراوم و فڕێ دراومەتە ناو رووبارێکی بەخوڕەوە). ئەم رووبارە رێڕەوی رێبەرایەتی بوو- بەڵام ئەمەی کە چۆن بەرەو جیهانی بەرفراوان ئاراستەی دەکرد، شتێك بوو نەیدەتووانی وێنای بکات.

ماندێلا لە نزیکەوە چاودێری رەفتار و ستایلی پاشای دەکرد. سەرگەورەیی، چەقێك بوو کە ژیانی کۆمەڵ-و ژیانی خۆی- بەدەوریدا نەشونمای دەکرد. پاشا پیاوێکی خوێندەوار نەبوو (نە دەیتووانی بنووسێت و نە بخوێنێتەوە)، بەڵام پارێزەری عورف و مێژووی (تێمبو) بوو. لەوانەیە پاشا بۆ ئەوە لەدایك بووبێت تا رێبەرایەتی بکات، بەڵام بەهەمان شێوە وەکو خزمەتکاری خەڵکیش دەبینرا. سەرگەورەیی، وەکو ئیمتیازێك هەژمار دەکرا، نەك بەتەنیا مافێك. ستایلی سەرەکیی رێبەرایەتی تەنیا ئەوە نەبوو باز بدەیتە پێشەوە، بەڵکو گوێگرتن و بەدەستهێنانی کۆدەنگی بوو.

دیدارەکانی کۆشکی شاهانە، کە وەکو کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی دیموکراتیکی پارێزگا بوو، چەقی رێبەرایەتی بوو. هەموو پیاوانی گوند دەهاتن و هەر کەسێك بیویستایە دەیتووانی قسە بکات. ئەوە نەریتی



Scanned with CamScanner

سەرگەورە بوو گوێ بۆ بۆچوونەکانی راوێژکارەکانی و کۆمەڵ بگرێت پێش ئەوەی رای خۆی بڵێت. پاشا هەمیشە بە سەربەرزی و شانازییەوە رادەوەستا و کاتێك لە کۆتایی کۆبوونەوەیەکدا قسەی دەکرد ئەو بۆچوونانەی گوێبیستیان دەبوو پوختی دەکردنەوە. پاشا ئیرادەی بەهێز بوو، بەڵام نەیدەهێشت ئیرادەی خۆی بەسەر هی کۆمەڵدا بسەپێت.

ئەمەیە مەبەستی ماندێلا لە رێبەرایەتیکردن لە دواوەڕا. سەرکردەیەکی باش رای خۆی ناسەپێنێت و فەرمان بەوانیتر ناکات دوای بکەون. ئەو گوێ دەگرێت، پوخت دەکاتەوە و پاشان سۆراخی بەرجەستەبوونی ڕاوبۆچوون دەکات و خەڵکی بەرەو کردار ئاراستە دەکات، وەکو ئەو کوڕە گەنجەی کە گاڕانەکەی لەدواوەڕا ئاراستە کرد. ماندێلا ئەمە بە باشترین نەریتی ئەفریقیی سەرکردایەتی لەقەڵەم دەدات. ئەو خۆرئاوا وەکو پەناگەی ئاواتی کەسی لەقەڵەم دەدات کە تیایدا خەڵکی ململانێ دەکەن بۆ چوونە پێشەوە و جێهێشتنی ئەوانیتر. بیرۆکەی تاکگەرایی رێنیسانس قەت دزەی نەکردە ناو ئەفریقا بەو شێوەیەی کە بە ئەورووپا و ئەمریکادا بڵاو بووەوە. مۆدێلی ئەفریقیی سەرکردایەتی بە (ئوبونتو) دەردەبڕدرێت، بیرۆکەی ئەمەی کە خەڵکی بەهۆی خەڵکی ترەوە توانایان پێدەدرێت، ئەمەی کە ئێمە لەرێگەی کارلێکی خۆنەپەرستانە لەگەڵ یەکتریدا دەبینە باشترین.

بیرمە کۆتایی هەفتەیەك بەیانییەکەی گەیشتمەماڵی ماندێلا لە (هوگتۆن). لەودیو دەروازەکانەوە، ماندێلا و گروپێکی لە راوێژکارەکانی لەبەر سێبەر لەشێوەیەکی ئەڵقەیەکدا لەسەر کورسی دانیشتبوون و



Scanned with CamScanner

خەریکی قسە و باس بوون. من لە دەرەوەی بازنەکە کورسییەکەم دانا. ئەوەی کە لەهەمووی زیاتر سەری سوڕماندم ئەوە بوو کە ئەم پیاوانە بە جۆش و خرۆشەوە دەدوان، هەندێکیان ڕەخنەیان لە ماندێلا دەگرت و زۆر ڕاستەوخۆ پێیان دەوت لەهەندێ هەلوەستی دیاریکراودا هەڵەیت. هەمووشیان بەڕێز بوون (ژمارەیەکی کەمیان وەها نەبوون)، و هەندێکشیان ئاگراوی و قسەڕەق بوون. ماندێلا ڕێك دانیشتبوو و تەقریبەن نەدەجولا، بە وردی گوێی دەگرت و ڕواڵەتێکی بێلایەنانەی هەبوو. وەکو یاریکەرێکی نایابی پۆکەر وابوو. تەنیا لە کۆتایی کۆبوونەوەکەدا، لەکاتێکدا کە خەڵکەکە خەریکی ڕۆیشتن بوون، ماندێلا دەستیکرد بە قسە و بۆچوونەکانی ئەوانی پوخت کردنەوە بەبێ ئەوەی کتومت بڵێت لەگەڵ کامیاندایە. تێبینی ئەوەم کرد کە پیاوەکان دڵخۆشتر دیارن کاتێك ئەوەی لە ناخیاندا بووە هەڵیانڕشتووە، بەدەر لەوەی ئاخۆ ماندێلایان ڕازی کردووە یان نا. ماندێلا دەیزانی باشترین ڕێگە بۆ دامرکاندنەوەی مشتومڕێك ئەوەیە بە هێوری گوێ لە ڕای پێچەوانە بگریت.

دواتر من لەبارەی گفتوگۆکە ستایلی ڕێبەرایەتییەکەی پرسیارم لێکرد. ئەو وتی (ئێمە حزبێکی دیموکراتین. من هەندێ جار بە بیرۆکەیەکەوە دەچمە (کۆمیتەی تەنفیزیی نیشتمانی) و ئەوان ناکۆك دەبن لەگەڵمدا و ڕەئیەکەم پێ دەگۆڕن. منیش مل ئەدەم، تەنانەت ئەو کاتەش کە لە هەڵەدان! ئەمەیە دیموکراسی!) ئینجا قاقا پێکەنی. بەڵام دەیزانی کە لە زۆر حاڵەتدا، دیدەکانی خۆی لە زۆر پرسی تاکەکەسیدا زۆر ناگرنگتر بوون

لە پرۆسەی دیموکراسی- ئەمەی کە وا باشترە پرسێکی تاکەکەسی لەدەست بدەیت و رێگە بدەیت دیموکراسی براوە بێ.

کاتێك ماندێلا بووە سەرۆك، بەهەمان شێوە سەرپەرشتیاری کۆبوونەوەکان بوو. ئەوپەڕی هەوڵی خۆیدا تا ڕەئیە هاودژەکان دەرببڕدرێن، ئەگەرچی هەموو جارێکیش پەیڕەوی نەکرێن. هەمیشە دواهەمین کەس قسەی کردووە و لەهەمووان کورتتر بڕیویەتەوە.

لە بۆنەیەکدا، باسی ئەبراهام لینکۆڵنی بۆ کردم وەکو مۆدێلێکی رێبەرایەتی. ئەو کاتەی کە قوتابی بووە لەبارەیەوە شت فێر بووە. لە راستیدا ئەو کاتەی گەنج بووە، ماندێلا ویستوویەتی لە درامای قوتابخانەدا رۆڵی لینکۆلن ببینێت، بەڵام یەك قوتابی هەبوو کە تەنانەت لەمیش درێژتر بوو و رۆڵەکەی بەر کەوت. ماندێلا لەوە بەئاگا بوو کە لینکۆلن هەندێ لە سەرسەختترین رکابەرەکانی خستبووە کابینەکەی خۆیەوە-و ماندێلاش بەهەمان شێوە هەندێ ئەندامی ئۆپۆزسیۆنی لە یەکەم کابینەیدا دانابوو. ئەو بە شێوازی قەناعەتپێکردنی لینکۆلن سەرسام بوو نەك هێزی بەڕێوەبردنی کابینەکەی. ئەو جارێکیان قسەیەکی نەستەقی لەبارەی لینکۆلن بۆ گێڕامەوە کە کەسێکی قەناعەت پێهێنابوو لە کابینەکەیدا نەبێت و دواجار وتبووی (ئەوە ژیرانەیە خەڵکی رازی بکەیت شتێك بکەن و وایان لێبکەیت پێیان وابێ ئەمە بیرۆکەی خۆیانە).

بەلای ماندێلاوە، دەشێ رێبەرایەتیکردن لەدواوەڕا لە هەندێ رووەوە وەکو داپۆشەرێکی رێبەرایەتیکردن لە پێشەوەیە. بەڵام بەهەمان شێوە لە



Scanned with CamScanner

سنوورەکانی ڕێبەرایەتیی هەموو کەسێك تێدەگات، تەنانەت هی خۆشی.
کاتێك لە زیندان هاتە دەر، وەکو (ڕیپ ڤان وینکڵ)ێکی ئەفریقی وابوو.
هاوڕێ و دۆستەکانی هەموو شتێکیان لەژێر خۆردا فێر کردووە: مافەکانی
ژنان، میدیای مۆدێرن، ئایدز و ئێچ.ئای.ڤی و چەند بابەتێکی تر. ئەمە هەم
پەروەردەیەکی بەرایی پێویست و هەم گوزارشتێکی بیرۆکەی ئەفریقی بوو
لەمەڕ سەرکردایەتی دەستەجەمعی. هەر لە منالّییەوە لەوە تێگەیشتبوو کە
سەرکردایەتی دەستەجەمعی دوو شتە: ژیریی مەزنی گروپ بە بەراورد بە
تاکەکەس و وەبەرهێنانی گەورەتری گروپ لە هەر ئەنجامێکی بەدەستهاتوو
لەڕێگەی کۆدەنگییەوە. ئەمە بردنەوەیەکی دوولایەنە بوو.
ڕێبەرایەتیکردن لە دواوەڕا بەهەمان شێوە کاریگەرە: تۆ بەشێوەیەکی
هارمۆنی ئەو ئەنجامەت دەست دەکەوێ کە دەتەوێ. ئەمە هەم بۆ ئەوانیتر
و هەم بۆ تۆش باشە.



Scanned with CamScanner

## ٥

# كە چوویتە شاری کوێران دەست بە چاوتەوە بگرە

ئێمە لە تەقەلای ئەوەداین بە گوێری ناوەڕۆکی کارەکتەریان حوکم لەسەر خەڵك بدەین، بەڵام نیلسۆن ماندێلا تێگەیشت لەوەی هەندێ جار باشترین ڕێگا بۆ یارمەتیدانی ئەوانیتر تا کەسایەتییەکەت ببینن، چۆنایەتی دەرکەوتنتە. بەدرێژایی ژیانی، ماندێلا بەوەوە قاڵ بووە کە شتەکان چۆن دیارن– هەر لە ڕەنگی شێرتەکەیەوە تا چۆنایەتی دەرکەوتنی سیاسەتێك بەلای پشتیوانەکانیەوە و تا ئەمەی کە لە شوێنێکدا چەنێك ڕێك دەوەستێت. ئەو قەت بە کەسی نەدەوت لە بینینی بەرگەکەیەوە حوکم لەسەر کتێبێك مەدە، چونکە دەزانێ هەموومان ئەمە دەکەین. هەرچەندە ئەو پیاوی بەڵگەیە، پێی وایە حوکم نەدان لەسەر ڕواڵەت بێ مانایە. ڕواڵەت گرنگە و ئێمە تەنیا یەك دەرفەتمان لەبەردەمە تا حوکم لەسەر رووکەشێك بدەین.

ماندێلا حەزی لە جلوبەرگە. ئەو ناڵێت جلوبەرگ دەتکاتە پیاو، بەڵام رووکەشێك خێرا دروست دەکەن. پێی وایە ئەگەر بتەوێ ڕۆڵت هەبێ، پێویستە جلوبەرگی گونجاو لەبەرکەیت. کە منداڵێکی بچوك بوو ئەمە فێر



Scanned with CamScanner

بوو، ئەو کاتەیکە باوکی سێ چارەکییەکەی خۆی بڕی بۆئەوەی پانتۆڵێکی بۆ یەکەم ڕۆژی قوتابخانە بۆ دروست بکات. باوکی سوور بوو لەسەر ئەوەی کە کوڕەکەی وەکو هاوڵاتییەکی ڕەشۆکی کە بەتانی لەبەردایە دەرنەکەوێت. دواتر، کاتێك گەنج بوو و پاشای (تیمبەلاند) گرتییە خۆی، یەکێك لە ئەرکەکانی ئەوە بوو کە قاتەکانی پاشا ئوتوو بکات. دەبووایە پاشا وەها دەرکەوێت و ئەمە کارێك بوو ماندێلا بە وردەکارییەوە ئەنجامی دەدا. بیرمە جارێکیان پرسیاری لێکردم ئاخۆ دەتوانم یارمەتی بدەم لە دۆزینەوەی ئوتوویەك لەناو ژووری هۆتێلەکەی چونکە چاکەتەکەی بەگنج هاتبوو. ئەو کواڵیتی قاتەکانی خۆی و هی پیاوەکانی تریشی دەزانی. ئەو زۆر بە وردی ئەو قاتە دوو ریز قۆپچە ڕەونەقدارەی لەبیرە کە پاشا بۆی بەدرووندابوو پێش ئەوەی بچێتە زانکۆی (فۆرت هێر).

بەڵام ئەو هەمیشە نەیدەتوانی بە ویستی خۆی جل لەبەر بکات. لە ماوەی ژیانی زوویدا لە جۆهانسبێرگ، بۆ ماوەی پێنج ساڵ تەنیا یەك قاتی هەبوو کە دواجار پینەی زیاتری لەسەر دروستبوون بە بەراورد بەوانەی کە خۆی پێیوەبوون. هێشتا لەبیریەتی کە چەنێك شەرمەزار دەبوو کاتێك لەبەری دەکرد. چەند ساڵێك دواتر، کاتێك وەکو پارێزەرێکی گەنج سەرکەوتنی بەدەست هێنابوو، یەکێك لەو یەکەم شتانەی کە کردی، دۆزینەوەی بەرگدرووی تایبەت بەخۆی بوو. (جۆرج بیزۆس) ئەو کەسەی کە لە ئایندەدا دەبووە پارێزەری، باسی دیداری ماندێلا دەکات لە



Scanned with CamScanner

ئۆفیسەکانی بەرگدرووەکەی و دەڵێت یەکەم جار بوو پیاوێکی رەشپێست ببینێت کە قاتی لێ بێت. ماندێلا تام و بۆیەکی سروشتی بۆ ستایل هەبوو و ئەمەش لەو رۆژگارەدا تایبەتمەندیی ئەو کەسانە بوو کە زۆر بەخۆیانەوە خەریك دەبوون. ئەو بەم شێوەیە جلوبەرگی ئەپۆشی نەك تەنیا لەبەرئەوەی خۆشی پێ دەبەخشی، بەڵکو لەبەرئەوەش کە لەو رۆژگارەدا سپی پێستەکان تا رادەیەك لە رێگەی شێوەی جلوبەرگەوە حوکمیان لەسەر رەشپێستەکان دەدات و ئەویش نەیدەویست وەکو کرێکارێکی ئاسایی دەرکەوێت بەڵکو وەکو پیاوێکی پرۆفێشناڵ دەربکەوێت.

ئەکتەرەکان لەوە تێدەگەن کە چوون بۆ پرۆڤە بە جلەکانی ئەو کارەکتەرەوە کە هیوا خوازن رۆڵی ببینن، دەتووانێ جیاوازی دروست بکات لە وەرگرتنی دەورەکەدا. رێك وەکو چۆن واخۆدەرخستن بە بوێر دەتووانێ بتکاتە کەسێکی بوێر. بەدرێژایی ژیانی، ماندێلا هەمیشە رۆڵی بینیووە و خۆی لەگەڵ بارودۆخەکەدا گونجاندووە. کاتێك ئەو خوێندکار بوو، دەیویست رێك و پێك و پۆشتە دەرکەوێت. کاتێك ئەو پارێزەرێکی گەنج بوو، قاتی تایبەتمەندی لەبەر دەکرد بۆ ئەوەی کاریگەری بخاتە سەر دادوەرەکان و مشتەرییەکانی. کاتێك خەباتی ژێرزەمینی دەست پێکرد، جلی سەربازی لەبەر کرد و ریشی دانا. کاتێك بۆ یەکەم جار بوو بە سەرۆك، قاتی رەشی موحافیزکارانەی لەبەر کرد. دواتر، کاتێك ئەفریقای باشوور ئارام بووەوە، وازی لە قاتی ستایلی ئەورووپی هێنا و دەستیکرد بە پۆشینی شێرتی ئاوریشمی بە دیزاینی شکۆمەندانەی ئەفریقی. ئەم



Scanned with CamScanner

شێرتانە دواتر بە ناوی ئەوەوە کران و بە (شێرتەکانی ماندێلا) ناودێر کران. ئەو کەیفی بەو شێرتانە دێت و دۆلابێکی لێ پڕ کردوون. بەدەر لە کەیفهاتنی بە رەنگی زەق، ئەو شێرتانە رەمزی جۆرێکی نوێی دەسەلاتن- ئەفریقی، رەسەن، دڵنیا. شێرتەکان گوزارشتێکن: چیتر پێویست ناکات سەرکردەیەکی ئەفریقی بە ستایلی خۆرئاوایی جل بپۆشێت بۆئەوەی گەورە دەربکەوێت.

***

بەلەبەرچاوگرتنی گرنگیی رەمزیی رواڵەت، جێی سەرسوڕمان نییە کە یەکێك لەو شەڕانەی ماندێلا لە دوورگەی رۆبێن کردی لەسەر جلوبەرگ بوو. یاسا و رێساکە وابوو کە دەبووایە زیندانییە رەش پێستەکان شۆرت لەبەر بکەن، لەکاتێکدا کە ئەوانەی لە خانەی هیندی و نەژادی تێکەڵ پۆلێن کرابوو دەبووایە بیجامەی درێژ لەبەر بکەن. ئەو بە ئیهانەی دەزانی کە وەکو (کوڕە باخەوان) شۆرت لەبەر بکات و وەکو هەموو شەڕێکی تری سەر دوورگەکە بە توندی تێی هەڵچوو. ساڵانێك دواتر، کاتێك خۆی ئامادە دەکرد بۆ یەکەمین جار چاوی بە (پی.دەبلیو.بۆتا) بکەوێت، ماندێلا هەستی بەوە کرد کە نابێت جلی زیندان لەبەر بکات بۆئەوەی سەرۆکی ئەفریقای باشوور ببینێت- چونکە ئەمە دەیخاتە دۆخێکی سلبییەوە. بۆیە لایەنە بەرپرسەکانی زیندان دەستەجلێکی سێ پارچەییان بۆ ئامادەکرد کە لەبەرانبەریدا زۆر وردبین بوو. ماندێلا ئەمەی بە رەهەندێکی جەوهەری دادەنا بۆئەوەی لەگەڵ (بۆتا)دا خۆی بە هاوتا ببینێت.



Scanned with CamScanner

کاتێك پێکەوە سەفەرمان کرد، من هەمیشە دەمویست بزانم بۆ جلوبەرگی ڕۆژی دواتر پلانی چۆنە بۆئەوەی منیش بتووانم بەشێوەیەکی گونجاو جل بپۆشم. دەمزانی ئەمە بەلایەوە گرنگە. هەندێ جار خۆم ئەکرد بە ژوورەکەیدا بۆئەوەی بزانم و ئەویش زۆرجار دەیگوت (ئاه، ریچارد، دەمەوێ بزانم چی لەبەر دەکەیت). ئەم قسەیەی بەگاڵتەش نەبوو. ئەو زۆرجار لەسەر قات یان بۆینباخەکەم قسەی هەیە و هەندێ جار نیگەرانە ئەگەر پێی وابوو زیادەڕەوی یان کەمتەرخەمیم کردووە لە پۆشینی جلدا بۆ بۆنەیەکی دیاریکراو.

بێگومان ئەمەی کە ماندێلا باڵابەرزە، باریك و فیتە، یارمەتیدەرە. لەش و لاریکی ڕێکی هەیە. قەت بە شل و شۆڕی نایبینیت، بەڵکو هەمیشە قیت و سەربەرزە. لە دوورگەی ڕۆبێن، ئەو هەمیشە بەئاگابوو لەوەی کە چۆن دەڕوات و چۆن دەجوڵێتەوە. ئەو دەیزانی کە دەبێ قیت و راست ، چ بەمانای ئامازەیی و چ بە مانای وشە، لەبەرانبەر بەرپرسەکاندا بوەستێت– تەنانەت ئەو کاتەش کە ژێربەژێر دانوستانی لەگەڵدا دەکردن. ئەو تێگەیشتبوو کە خەڵکی سەرەداو و ئامارژەی لێ هەڵدەگۆزن و ئەگەر ئەو دڵنیا و بتەو بێ خەڵکەکەش هەر وا دەبێت.

پێش ئەوەی وەرزشی راکردن برەو بسێنێت، ئەو زۆر گرنگی بە لەش رێکی ئەدات. لە ١٩٥٠کاندا، سەر لە بەیانیان لە جۆهانسبێرگ راکردنی ئەنجام دەدا. بەشێك لەمە جێی شانازییە: ئەو شانازیی بە ڕێکی لەش و لارییەوە دەکات. ئەو زۆر وریایە لەو شتانەی دەیخوات و بەردەوام



Scanned with CamScanner

دەنوکی لەسەر ئەو پیاوانەی جیلەکەی خۆی بوو کە ورگن بوون. کاتێك پێکەوە بووین، زۆرجار تێبینی ئەوەی دەکرد کە کێ زۆر بەتەمەنداچووە و کێش نا. جارێکیان بەناو (ترانسکی)دا دەڕۆیشتین و ئەو دوو ژنی تەقریبەن هاوتەمەنی خۆی لە نزیك گوندەکە بینی. ئەوان سەرسام بوون بەوەی ماندێلا چەنێك گەنج و گەشاوە دیارە. ئەوان زۆر بەساڵانەچووبوون.

وتی (ژیان لە لادێ زۆر قورسە و هەژاری پیاو پیر دەکات. هاودژییەك هەیە لەوەدا کە پرۆگرامی زیندان، بەو خۆراکە کەمو کورتە و ماندوویی جەستەییەوە، دەبێتە هۆی ژیانی درێژ و گەنجێتی). لە راستیدا رێجیمەکەی ناو زیندانی ئەو، هاوشان لەگەڵ کاری قورسی جەستەیی، خۆراکێکی سادەی پێکهاتوو لە دانەوێڵە و سەوزەوات و خشتەی زوو بخەوە و زوو هەڵسە، وەکو ئەو حەوزی ئاوە کانزاییە وایە کە پسپۆڕێکی بواری تەمەن رێکیخستبێت لە هەوڵی پێچەوانەکردنەوەی پرۆسەی بەساڵاچووندا. (والتەر سیسولو) بەردەوام ئەو نوکتەیەی دەکرد کە دەرەوەی زیندان ناخۆشترە وەك لە ناوەوە و لەوەتەی لە زیندان چووەتە دەرەوە خەوی نەماوە. ماندێلا زۆرجار باسی رۆتینی وەرزشی بەیانیانی زیندانی بۆ دەکردم کە بریتی بوو لە راکردن لە شوێنێك بۆ ماوەی چل و پێنج خولەك لەگەڵ دووسەد جار هەڵسان و دانیشتن و سەد جار شناوە لەسەر پەنجەکانی دەست. رۆژێکیان خۆی دا بە ئەرزەکەدا و دوو شناوەی سەر پەنجەکانی دەستی بۆ من ئەنجامدا، پاشان بۆ لێکردنەوەی تۆز،



Scanned with CamScanner

چەند جارێك هەر دوو لەپی دەستەکانی لێکدا و بزەیەکی ڕەزامەندانەی کەوتە سەر لێوان.

ماندێلا زۆر لەبارەی ڕواڵەتەوە بە خەمتر بوو لەوەی کە تەنیا چ جۆرە قاتێك هەڵبژێرێت یان هەڵنەبژێرێت. ئەو لە هێزی وێنە تێگەیشتبوو. ماوەیەکی زۆر پێش ئینتەرنێت و کەناڵی خەبەریی بیست و چوار سەعاتە، ماندێلا لەبارەی ئەمەی کە کردارەکانی لەلایەن دەنگدەر و میدیاوە چۆن لێکدەدرێنەوە و سیاسەتەکانی حزبەکەی لەسەر گۆڕەپانی جیهانیدا چۆن دەردەکەون بە قووڵی تێبگەیشتبوو. جارێکیان پێی وتم (ڕووکەشەکان، واقیع پێکدێنن). ئەو لە هێزی ڕەمزەکان و ئەمەی کە زۆرجار لە واقعیەت گرنگترن، تێگەیشتبوو. دواجار ئەو لەبەرئەوەی ڕەمز و واقیعی یەکخست، بوو بە سەرکردەی گەلەکەی. ئەو شۆڕشگێڕێکی خانەدان، زیندانییەکی لەسەرخۆ بوو. ئەو هەر لە سەرەتاوە، قۆز، کەسایەتییەکی کاریزمی بوو کە لە سیاسەت و حکومەتیش تێدەگەیشت. هەروەکو والتەر سیسولو ئەو ساتەی بۆ باس کردم کە بۆ یەکەم جار لە ١٩٤١دا ماندێلای بینی: (دەمانویست بزاڤێکی جەماوەری بین، ئینجا ئەوە بوو ڕۆژێکیان سەرکردەیەکی جەماوەری هاتە ناو ئۆفیسەکەمەوە).

ماندێلا لەو شتەدا بلیمەت بوو کە کۆمەڵناسەکان پێیان دەوت (بەڕێوەبردنی کاریگەری). بەڵێ، ئەو بڕوای وابوو کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقی پێویستی بەوەیە خەباتی چەکداری لەخۆبگرێت بۆئەوەی ئامانجەکانی بەدەست بێنێت، بەڵام بەهەمان شێوە بڕواشی وابوو کە



Scanned with CamScanner

هەندێ هەڵچوونی رەمزی، بزاڤە دژەئاپارتایدەکەی پشت ئەو خەباتە یەکدەخات. بەڵێ، ئەو دەیویست دۆزەکەی خۆی لە دادگایی بەناوبانگی (ریڤۆنیا)دا بەرز بکاتەوە، بەڵام خۆی بە تاوانبار لەقەڵەم دا چونکە پێی وابوو ئەمە پاڵەوانتر پیشانی دەدات لەبەرانبەر دنیای دەرەوەدا. نا، ئەو بە راستی پێی وا نەبوو کە زیندانیکەرە سپی پێستەکانی بە بەزەییبوون لەگەڵیدا، بەڵام دەیویست پیشانی حەشیمەتی سپی پێستی بدات کە ئەم تورە یان قین لەدڵ نەبووە.

هەمیشە پلانێکی زۆری دادەنا لەبارەی ئەوەی کە چۆن سیاسەتێك یان کردارێك دەردەکەوێت. هیچ وردەکارییەك ئەوەندە فریودەرانە نەبوو کە شایستەی راکێشانی سەرنجی بێت. ئەو پۆستەرەکانی هەڵمەتەکانی راڤە دەکرد و لەوە ڕادەما کە ئەبێ تەوقە لەگەڵ کێدا بکات. زۆرجار لە پشتەوەی ئۆتۆمبێلەکەی لە تەکیەوە دادەنیشتم لەکاتێکدا کە ئەو چاوەڕێی ساتی دیاریکراو بوو بۆ دەرکەوتن لە بۆنەیەکدا. هەر کاتێك کە لە فڕۆکەیەك دادەبەزی یان دەچووە ناو ژوورێك، لەو وێنەیە بەئاگا بوو کە لەخۆی دەردەخست و لەو چرکەساتەش کە زۆرترین سەرنجی بۆ مسۆگەر دەکرد. ئەو بەهەمان شێوە تێگەیشت کە زۆرجار بینران لە حاڵەتی قۆستنەوەی دەستپێشخەریدا، دەسەڵاتت پێدەبەخشێت. لە هەر بۆنەیەکی سیاسی یان کۆمەڵایەتیدا، ئەو هەمیشە یەکەم کەس بوو هەڵسێتە سەر پێ و چەپڵە لێبدات، هەمیشە یەکەم کەس بوو تەوقە لە بەشداربووواندا بکات، هەمیشە یەکەم کەس بوو پیرۆزبایی لە براوە کات.



Scanned with CamScanner

ئەو خۆی سڵاو لە خەڵك دەكات، سڵاوی لێ ناكەن. بۆنەیەك نییە تیایدا قسە نەكات، جا بۆنەكە گرنگ نییە چەنێك بچوك یان نارەسمی بێت. تۆ ناتووانیت رێگری لێ بكەیت لە هەڵسانە سەر پێ و قسە كردن. هەمیشە خانەخوێیە، قەت میوان نییە. كاتێك بۆ یەكەم جار لەگەڵ شاژنی ئینگلتەرە لە لەندەن دەركەوت، وەكو ئەوە وابوو میوانداریی شاهانەی ژنێكی شەرمنی لادێ دەكات.

یەكێك لەو كاریگەرییانەی كە هەمیشە دەیویست پیادەی بكات، ئەوە بوو كە بیسەلمێنێت جیاكاری ناكات، ئەمەی كە لەسەروو هەر جۆرە ئەفزەڵیەت پێدانێكەوەیە. لە كۆتا هەفتەكاندا، بەرپرسەكان رێگەیان بە زیندانیانی سیاسی دەدات تا بەرەو گۆڕەپانی یاری تۆپی پێ بچن و تەماشای یاریی زیندانییەكانی تر بكەن. كاتێك دەچووە گۆڕەپانەكە، هەمیشە هیندییەك یان زیندانییەكی نەژاد تێكەڵی هەڵدەبژارد تا لەگەڵیدا بچێت، بۆئەوەی پیشانی بدات كە لەگەڵ پۆلێنكردنی خەڵكدا نییە لەسەر بنەمای نەژاد. تەنانەت لەو رۆژگارەشدا، ماوەیەكی زۆر پێش ئەوەی ببێتە سەرۆك، كاتێك خەڵكی پرسیاریان لێدەكرد ئاخۆ تیمە دڵخوازەكەی كامەیە، رەتیدەكردەوە.

ئەو دەیگوت (من قەت ئەستێرەیەك لەناو ئەستێرەكان یان تیمێك لەناو تیمەكان هەڵنابژێرم، ئەمە كەرێتییە بۆ سەركردە. من ئەستێرەیەك ناخەمە سەرووی یەكێكی ترەوە چونكە تۆ دەستبەجێ پشتیوانی ئەوانیتر



Scanned with CamScanner

لەدەست دەدەیت. لە زینداندا من دەمگوت پشتیگری هەمووتان دەکەم، پشتگیریی باشترینتان دەکەم).

بەهەمان شێوە، ئەو زۆر تامەزرۆ بوو وەکو خزمەتکاری خەڵک دەربکەوێت. لە بۆنەکان یان ئێوارەخوانەکاندا، هەمیشە بەناو مەتبەخدا دەڕۆیشت بۆ تەوقەکردن لەگەڵ ستافەکەدا. لە فڕۆکەخانەدا بەدوای ستاف زەمینیدا دەگەڕا بۆ تەوقەکردن لەگەڵیاندا. چەندەی خۆشی لەوە دەبینی لای کەسایەتییە بەناوبانگەکان بێت، ئەوەندەش خۆی بەدوور دەگرت لەوەی کە وەکو بژاردەخوازێك دەربکەوێت. ئەو هەمیشە دەیویست خەڵکی بزانن کە ئەو قورسایەتییەکانی ڕێبەرایەتی و هەروەها خۆشییەکانیشی قبوڵ کردووە و ئەمەی کە هەمووان دەتووانن بگەنە لای ئەگەر بیانەوێ.

ماندێلا دیسپلینێکی بێ وێنەی هەیە، بەڵام بەهەمان شێوەش دەیەوێ نیش لەسەر ئەو بیرۆکەیە بکات کە ئەو پیاوی دیسپلینە. کاتێك ئێمە بۆ یەکەم جار پێکەوە دەست بەکار بووین، لە بەرەبەیانی زووی ڕۆژی شەممەدا لە ئۆفیسەکەیدا مەوعیدێکم لەگەڵیدا هەبوو. کاتێك ڕێك پێش حەوت گەیشتم، ئەو لە پشت مێزەکەیەوە دانیشتبوو، قاتێکی لەبەردا بود و بە تەلەفۆن قسەی دەکرد. ڕوون بوو کە ئەو کابرای پشت تەلەفۆنەکەی لە خەو هەڵساندبوو، کابرا وتبووی (ئەرێ تۆ قەت ناخەویت؟) ئینجا ئەویش وتبووی (ئاه، من پیرە پیاوێکم و دەتووانم تەنیا دوو سەعات



Scanned with CamScanner

شەوێکدا بخەوم). کاتێك تەلەفۆنەکەی داخستەوە، لێم پرسی ئاخۆ ئەوە راست بوو. پێکەنی و وتی (نا، من هەشت سەعات دەخەوم).

***

وەکو لینکۆلن، کە هەموو دەرفەتێکی دەقۆستەوە تا وێنەی بگرن، ماندێلاش بەئاگا بوو لەوەی کە وێنەکان هێزێکی مەزنیان هەیە لەوەی کە چۆن درك بکرێیت. هەر لەو سەروەختەوە کە گەنج بووە، زۆر تامەزرۆی ئەوە بووە وێنەی بگرن. لە وێنەیەکدا کە دوابەدوای راپەڕینی (شارپەڤیل) گیراوە کاغەزێکی سوتاوی بە دەستەوە گرتووە، لە وێنەیەکی تردا لە دەرەوەی گۆڕەپانی شەڕە مشتەکۆڵەدا بە سنگ رووتی دەردەکەوێت، لە وێنەیەکی تردا پێش (دادگایی ناپاکی) بە پۆشاکی تەقلیدیی ئەفریقییەوە، تەنانەت لە دوورگەی رۆبێنیش هەندێ وێنەی گرتووە. ماوەیەکی زۆر پێش پەیدابوونی پەڕەی ئینتەرنێتی و سایستەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، ماندێلا تێگەیشتبوو لەوەی کە وێنەکان دەمێننەوە و ئەمەی کە کاریگەرییان بۆ یارمەتیدان یان ئازاردان بێ چەندوچون دەبێت. بەدرێژایی ژیانی، ئیشی لەسەر وێنەکانی خۆی کردووە. یارمەتیدەر بووە لە رێکخستنی ئەو وێنانەی کە ویستوویەتی ببنە رەمزی خۆی و لەو وێنانە دوور کەوتووەتەوە کە کاریگەرییەکی نەویستراویان بۆ دروستکردووە.

ئەگەر بڕوانیتە وێنە کۆنەکانی ماندێلا، شتێك تێبینی ئەکەیت کە دەگمەنە–تەنانەت ناوازەش بووە لەناو خەڵکی جیلی خۆیدا لە ئەفریقا: خەندەیەکی درەوشاوە. خەندەی ماندێلا گەشاوەترینە لەمێژوودا.



Scanned with CamScanner

خەندەی ئەو، گوزارشتی گەرم و گوڕی و ژیری، هێز و بەخشندەیی، تێگەیشتن و لێبووردەیی دەگەیەنێت. ئەمە یەکێك بوو لەو یەکەم شتانەی کە والتەر سیسولو لە گەنجەکەی (ترانسکی)دا تێبینی کردبوو. ئەمەش لە سەروەختێکدا بوو کە خەڵکی ئەفریقا بە خاکی و سادە هەژمار دەکران، لەکاتێکدا کە خەندەیەك لەسەر لێوانی کەسایەتییەکی گشتی، بە مانای نەبوونی جدییەت بوو. خەندەکان مۆدێرن بوون. خەندەی ماندێلا ئاماژەی دڵنیایی دەگەیاند. گوزارشتی لەوە بوو کە جەنگاوەرێکی دڵخۆشە، نەك تۆڵەسێن.

ماندێك زوو درکی بەوە کردبوو کە خەندەکەی بەشێکە لە هێزی. بەدرێژایی ساڵانێك، لەو کاتانەی کە لە سەدان بۆنەدا لەگەڵیدا بووم و وێنەی گرتووە، تێبینی ئەوەم کردووە کە خەندەکەی جێگیر و بێ کەموکوڕییە. وەکو ئەکتەرێکی مەزن، لێهاتوویی تیادا پەیدا کردووە، تۆ دەتووانیت بڕوانیتە وێنە دوای وێنە و خەندەکانی لێك دەچن. ئەمە دەمامکی ئەو بوو.

لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی ١٩٩٤دا، خەندەکەی هەڵمەتی ئەو بوو. پۆستەری خەندەکەی بۆ هەڵمەتەکە لەهەموو شوێنێك هەبوو- لەسەر تابلۆ رووناکیدەرەکان، لەسەر شارێکان، لەسەر لایتی سەر شەقامەکان، لە چاخانەکان و میوەفرۆشەکاندا. ئەمە بە دەنگدەرانی رەشپێستی دەوت کە دەبێتە پاڵەوانیان و بە دەنگدەرانی سپی پێستیشی دەوت دەبێتە پارێزەریان. خەندەکەی ئەم ئاماژەی ئەم وتە نەستەقەی هەبوو: (بۆ



Scanned with CamScanner

تێگەیشتن بە هەمووی، پێویستە لەهەمووی خۆش بێت). ئەم خەندەیەک چارەسەری دەروونی بوو بۆ دەنگدەری شڵەژاو.

سەرەنجام، گرنگترین تاکە پەیام کە ئەو ویستی پاش ئازادبوونی ئاراستەی بکات ئەمە بوو: ئەمەی کە ئەو پیاوێکە بەبێ تورەیی. ئەرکی یەکەمی ئەو وەکو یەکەم سەرۆکی دیموکراتیانە هەڵبژێردراوی ئەفریقای باشوور ئەوە بوو ببێتە باوکی وڵاتەکەی، خاکە پارچەپارچە بووە فرەرەنگەکەی یەکبخات. هەر لە چرکەساتی ئازادبوونییەوە تا سەرانسەری سەرۆکایەتییەکەی و زیاتریش، مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی پیشانی خەڵکی بدات هیچ خەفەتێکی نییە.

هەر لە یەکەم کۆنگرەی رۆژنامەوانییەوە کە تیایدا باسی بەخشندەیی زیندانیکەرەکانی دەکرد تاوەکو نزیکەی سەدان جار، وتوویەتی (رابردوو لە بیر بکە)، ئەو وێنە سەرەکییەی ماندێلا گەیاندی، هی ئەو سەرۆک خێزانانە بووە کە دەیانویست لێبووردە بن و لەبیر بکەن. ئەو لەگەڵ هەندێ لە هاوتا زیندانیکەرە سپی پێستەکانیدا دەرکەوتووە، لەوانەش (جەیمز گریگۆری)، کە پانزە خولەکی بەناوبانگبوونی لەوە بەدەستهێنا کە بانگەشەی ئەوەیکرد هاورێی ماندێلایە. ماندێلا سەردانێکی گەورەی بۆ لای بێوەژنەکەی سەرۆک وەزیران (هێندریک ڤێرۆرد)ی باوکی ئاپارتاید ئەنجامدا. دەستی لە ملی (کۆنستان ڤیلجۆن)ی جەنەراڵی راستڕەوی پێشوو کرد کە گوایە پیلانی کوتایەکی لەدژی ئەم هەبووە. هەموو ئەمە لە خزمەتی بیرۆکەیەکدا بووە: ئەمەی کە ماندێلا رابردووی لە گۆڕناوە،



Scanned with CamScanner

باوکی گەلێکی هەمەڕەنگە، ئەمەی کە بەرەوپێش دەڕوانێت، نەك بۆ دواوە. ئەو لەوە تێگەیشتبوو کە دەربڕینی توڕەییەکەی، لە هێزی خۆی کەم دەکاتەوە، لەکاتێکدا کە شاردنەوەی، هێزەکەی زیاد دەکات.

بەڵام بەشی زۆری ئەمە بۆ پیشاندان بوو. ماندێلای شەخسی، ئازارێکی قووڵی هەبوو لەمەڕ ئەوەی کە بەسەری هاتبوو. لەوە بەئاگا بوو کە باشترین ساڵەکانی ژیانی لەپشت شیشەکانی زینداندا بەسەر بردووە. ئەو بۆی دەرکەوتبوو کە تێڕوانینی زیندانیکەرانی و سەرکردەکانی حکومەت تەسك و پوچە. ئەو باکی بە گریگۆری نەبوو، کە دەیزانی زۆر کەللەپوتە و پەیوەندییەکەی نێوانیان دەقۆزێتەوە. ماندێلا زۆر پەست دەبوو بەرانبەر ئەو مامەڵەیەی (وینی)ی ژنی بەدرێژایی ئەو ساڵانە رووبەڕووی ببووەوە.

ئەو لەوە توڕە ببوو کە چۆن هەندێ جار رکابەرە سیاسییەکانی هەوڵیان دابوو پاشقولی لێبگرن. بڕوای وابوو کە ئەو هاوسەرێتییەکەی و خێزانەکەی کردووەتە قوربانی لەدژی سەرکوتگەری و جیاکاری. بەڵام دەیزانی کە هەرگیز ناتووانێت رێگە بە خەڵکی بدات پشت پەردەکە ببینن، ئەمەی کە قەت نەیدەتووانی هەستە راستەقینەکانی دەرببڕێت. ئێمە لە چاو سەردەمەکەی ماندێلادا لە سەردەمێکی ئاشکراتردا دەژین، بەڵام ئەو دەیگوت مرۆڤ ناتووانێت بەتەواوی بۆ هیچ کەسێك بکرێتەوە. بەڵێ، دەشێ هەستەکان راستەقینە بن و راستەقینەیی فەزیڵەتێکی مۆدێرنە، بەڵام مرۆڤ دەتووانێت راستەقینە بێت بەبێ ئەوەی پێویست بکات ناوەرۆکی خۆی دەرخات. لێرەوە بوو کە دیسپلینە بێسنوورەکەی پەیدا بوو. هەربۆیە



Scanned with CamScanner

خەندەکەی، دەمامکی بوو، لەهەموو جۆرە ئازار و خەمبارییەك بێزار بوو، چەندەی دەردەخست، ئەوەندەشی دەشاردەوە.

سەرەنجام، خەندەکەی رەمزی ئەوە بوو کە ماندێلا چۆن خۆی بەرجەستە کردووە. لە هەموو قۆناغێکی ژیانیدا بڕیاری ئەوەی داوە کە دەیەوێ ببێتە کێ و رواڵەتەکەی – و پاشان واقیعیەتی–ی کەسەکەی بونیاد ناوە. ئەو بووە ئەو کەسەی دەیویست.



Scanned with CamScanner

٦

# پرەنسیپێکی جەوهەریت هەبێت- هەموو شتێک

نیلسۆن ماندێلا پیاوی پرەنسیپە- کتومت یەك پرەنسیپ: مافی یەکسانی بۆ هەمووان بەبێ لەبەرچاوگرتنی نەژاد، چین یان رەگەز. هەموو شتێك تر تەنیا تاکتیکە.

دەزانم ئەمە وەکو زیادەڕەوییەك دیارە- بەڵام تا رادەیەك خەڵکێکی کەم بۆی دەچن، ماندێلا پراگماتیستێکی تەواوە کە ئامادەی رێککەوتنی هاوبەش، گۆڕان، خۆگونجاندن و لەبێژنگدانی ستراتیژەکەی بوو تا ئەو جێیەی کە دەکرا بیگەیەنێتە سەرزەمینی پیرۆز. تەقریبەن هەموو ئامرازێك پاساوی ئەم ئامانجە پیرۆزەی دەدا. لە ئەفریقای باشوور لە نێوان سالآنی ١٩٨٠کان و ١٩٩٠ەکاندا، ئەمە یەك مانای دەگەیاند: سەرنگون کردنی ئاپارتاید و بەدەستهێنانی دیموکراسییەکی نانەژادی بە یەك کەس و یەك دەنگ.

ماندێلا بە پەیامبەر، بە پاڵەوان ناو دەبرا. ئەو ئایدیالیستێکی ساویلکە نییە. ئەو پراگماتیستێکی ئایدیالیستە، بەڵام دواجار، ئەو خوازیاری ئەوەیە شتەکان بکرێن.



Scanned with CamScanner

لەماوەی پێکەوەبوونمان، ماندێلا چەندین جار جیاوازی کردووە لەنێوان پرەنسیپەکان و تاکتیکەکاندا. ئەم دیدە لەماوەی زینداندا سەریهەڵدا، ئەو پیاوەی یەکەم جار چووە زیندانەوە وەکو ئەو پیاوە ستراتیژی یان تاکتیکی نەبوو کە هاتە دەرەوە. وەکو گەنجێك، زۆرجار بە پرەنسیپی رۆمانتیکی هەبوون و هەندێ بڕیاری دان کە دواتر لێیان پەشیمان بووەوە. بەڵام بەدرێژایی سالآنی وەکو جەنگاوەرێکی ئازادی- جەنگ لەدژی نەیارێك کە پابەند بوو بە چەند پرەنسیپێك یان بڵێین هیچ پرەنسپێکەوە- و لەماوەی ئەو دەیە درێژخایەنانەی ناو زیندان، ئەو بووە تاکتیکی و ستراتیژیستێکی عەیار بیست و یەك.

تۆ ئەمە بە گوێبیستبوون لێی نازانیت کاتێك لەناو جەماوەردا قسە دەکات. ئەو لەبارەی پرەنسیپە پیرۆزەکانی ئازادی و دیموکراسی دەدوێت و کاتێك ئەمە دەکاتن بەلاغەتەکەی رێك وەکو هەر کەسێکی تر دیارە. ئەو دەزانێت سەرکردەی وەرچەرخێنەر باسی راپرسی و دەنگەکان یان تاکتیکەکان و پرەنسیپەکان و ئایدیاکان ناکات. بەڵام کاتێك بەشێوەیەکی شەخسی گوێ لە ماندێلا دەگریت کە باسی سیاسەت دەکات، وەکو ئەوە وایە پیاوێك کۆرسێکی قووڵ بڵێتەوە کە هەموو کاندیدێکی سەرۆکایەتی ئامادەیە وەکو راوێژکار گرێبەستی لەگەڵ بکات.

پەروەردەبوونی لە بواری تاکتیکدا باجێکی گەورەی لەگەڵدا بووە و نەك تەنیا خودی تاکتیکەکان بەڵکو هونەری شاردنەوەشیان فێر بووە.



Scanned with CamScanner

ماندێلا وەکو کەسێکی دڵنیا و بەهێز گەورە بوو. ئەمە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستدا حاڵی هەموو رەشپێستێکی ئەفریقای باشوور نەبوو. کۆلۆنیالیزم و ئینجا ئاپارتاید بۆ ئەوە دیزاین کرابوون کە رەشپێستەکانی ئەفریقای باشوور لاواز بکرێن. هەر لە تەمەنی زووەوە مەشرەبێکی خانەدانی هەبوو. بەشێك لەمە ناو جینەکانیدایە، بەڵام بەشی هەرە زۆری لە پەروەردەکەیەوە دێت لە کۆشکێکی شاهانەی ئەفریقیدا. ئەو لە جیهانێکی خێڵەکی سەدەی نۆزدەدا پەروەردە بوو کە تیایدا سپی پێستەکان بە دەگمەن دەردەکەوتن، ئەو بەر ئەو برینداركردنە نەکەوت کە زۆرێك لە رەشپێستەکانی ئەفریقای باشوور لە جیلی ئەودا بەر دەکەوتن. سپی پێستەکان دووردەست بوون و نەدەهاتنە ناو ژیانی رۆژانەیەوە، تا ئەو کاتەی نەگەیشتە قوتابخانەی شەوانەرۆژی، تەوقەی لەگەڵ سپی پێستدا نەکرد. جیهانی ئەو جودا بوو و یەکسان نەبوو، بەڵام لە هەرچییەك بێبەش بووبێت، ئەو جوداییە رێگەی بۆ خۆش کردووە بەدوور بێت لە ژەهری نەژادپەرستی و بێ هیوایی. دڵنیاییەکەی کلیلێك بوو بۆ سەرکەوتنی و یەکێك بوو لەو هۆکارانەی کە حزبی کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقی وەکو سەرکردەیەکی جەماوەری دەستنیشانی بکات.

تەنیا ئەو کاتەی کە تەمەنی گەورەتر بو، چووە قوتابخانەی شەوانەرۆژی و جیاوازییە چینایەتی و نەژادییەکانی بە کردار بینی و بەتایبەت کاتێك چووە جۆهانسبێرگ، کە لەوێ وەکو کوڕی سەرکردە تەماشا نەکرا، بەڵکو وەکو کوڕە هەژار و نەزانێکی تری دێهات سەیر کرا-



Scanned with CamScanner

لەویّ تەواو بەئاگا خات لەو کەلیّنەی لەنیّوان رەش و سپیدا هەبوو. کاتیّك ئەو لە دەستی یەکەمەوە نەژادپەرستی و پشتگویّخستنی ئەزموون کرد، ئەمە تورەی کرد– تورەبوون لەوەی کە دەشیّ، نیلسۆن ماندیّلا، بەم شیّوەیە رەفتاری لەگەلّدا بکریّت، ئەوەندە تورە کە بەرەو ئەوە دەچوو واز لە هەموو ئەگەرەکانی ئاسودەبوون لە ژیانیادا بهیّنیّت بۆ شەر لەدژی نەژادپەرستی. ئەمە بروابەخۆبوونەکەی و خۆبەهەندزانینەکەی بوو کە ئەوەندە بە قوولّی تورەی کرد. کاتیّك خەلّکانیّك کە خۆیان بەهەند نازانن بە ئامرازی بیّ هیواکردن رەفتاریان لەگەلّدا دەکریّت، ئەمە حەقی خودی خۆیانە. کاتیّکیش خەلّکی خۆبەهەندزان بەهەمان شیّواز رەفتاریان لەگەلّدا دەکریّت، ئەوا هەست بە ئیهانە دەکەن. ماندیّلا بە قوولّی بریندار کرابوو. وەکو پیاویّك، ماندیّلا لە تورەبووندا هیّواش بوو، بەلاّم کاتیّك تورە دەبوو، زۆر کەللەرەق دەبوو. لەم بارەدا، کەللەرەقییەکەی نیو سەدەی خایاند. هەرچەندە زۆر بە توندی ناکۆك بوو لەگەلّ ئەو بیرۆکەیەی کە سیاسەت شتیّکی شەخسییە، سیاسەتی خۆی رەگوریشەی لە زنجیرەیەکی ناکۆتای ئەو ئیهانە کەسییانەدا بوو کە وەکو رەشپیّستیّکی ئەفریقای باشوور ئەزموونی کردبوو.

***

ماندیّلا بە پشتیوانی بەخیّوکەرەکەی، پاشا جۆنگینتابا، نیلسۆن ماندیّلا هاتبووە ناو (فۆرت هیّر)ی تاکە زانکۆ بۆ رەشپیّستەکان لە ئەفریقای

باشوور. دامەزراوەیەکی دەستەبژێری زۆر بچوک بوو کە کەمپێکی بچوکی بە ستایڵی بینایەکانی سەردەمی ڤیکتۆری لە رووبەری سەوزاییدا هەبوو. کاتێك ماندێلا لەوێ بوو تەنیا نزیکەی سەد و پەنجا خوێندکاری هەبوو و ئەم زانکۆیەش نەك تەنیا پێگەیەنەری سەرکردە خێڵەکییەکان بەڵکو شۆڕشگێڕانی ئایندەی وەکو ماندێلاش بوو. خوێندکارەکان وەکو نیلسۆن گەنج بوون و لە خێزانە ئەفریقییە خانەدانە دەوڵەمەندەکانەوە هاتبوون یان ئەو خوێندکارە رەشپێستانە بوون کە لە قوتابخانە تەبشیرییەکاندا زیرەك بوون. ئەوان خۆش رەفتار بوون، قاتیان لەبەردا بوو و رێساکان توند بوون. قوتابخانەکە لەلایەن (ئەلێکساندەر کێ) بەڕێوەدەبرا کە سکۆتلەندییەکی ئەکادیمی بوو و لەبەرانبەر خوێندکارەکاندا توند بوو بەڵام شانازی بە تایبەتمەندیی قوتابخانەکەوە دەکرد. برازاکەی ماندێلا (بەپێی عورف) لە کۆشکی شاهانەی (تێمبو) بەناوی (کەی.دی.ماتانزیما) پیاوێکی چینی سەرەوە بوو: پیاوێکی کەڵەگەتی سەربەرز کە نەك تەنیا لە ماندێلا بەتەمەنتر بوو بەڵکو لە ریزدا بوو ببێتە سەرکردە. ماندێلا دەیپەرست.

ماندێلا خوێندکارێکی ناسراو بوو لە (فۆرت هێر): زیرەك، خۆش مەشرەب، وەرزشکار و مەعقول بوو. لەماوەی دووەم ساڵیدا، ماندێلا لە دووەم ساڵیدا، بەشداریی پرۆتێستۆیەکی کرد لەبەرانبەر شتێکدا کە زیاتر ئاسایی بوو نەك جیاکاری: خۆراك. ئەو خوێندکارانەی لەبەرانبەر کوالێتی خراپی خواردندا نارەزایەتییان دەردەبڕی، بڕیاریاندا بایکۆتی هەڵبژاردنی خوێندکاران بکەن. بەڵام هەندێ لە خوێندکاران دەنگیاندا وماندێلا بۆ

ئەنجومەنی خوێندکاران هەڵبژێردرا. ئەمە گرفتی بۆ دروست کرد. ئەو لەلایەن زۆرینەوە هەڵنەبژێردرابوو و ئەو بڕوای وابوو کە ئەنجامەکە ڕەوا نییە. (دکتۆر ئەلێکساندەر) سوور بوو لەسەر ئەوەی کە ماندێلا و ئەوانەیتر کە هەڵبژێردرابوون بچنە ئەنجومەنەوە و دوامۆڵەتێکی دایە ماندێلا: یان ئەوەتا لە ئەنجومەنەکەدا خزمەت بکات یان (فۆرت هێر) جێ بهێڵێت. هەروەکو ماندێلا لە گێڕانەوەکەیدا وتی: (من زۆر ترسام و چووم مەسەلەکەم بە کەی.دی گەیاند و ئەویش وتی قەینا. ئەمە پەیوەندی بە پرەنسیپەوە هەیە. تەنیا پێیان بڵێ تۆ ناچیتە ناو ئەنجومەنەکەوە. بۆیە چوومە لای دکتۆر- زیاتریش لە کەی.دی دەترسام نەك دکتۆر ئەلێکساندەر). دکتۆر بەوی وت پێویستە ماندێلا یەکێکیان هەڵبژێرێت. ئەمیش دەستی بە پرەنسیپەکانیەوە گرت و قوتابخانەکەی جێ هێشت.

ماندێلا بە بزەیەکەوە بەسەرهاتەکەی گێڕایەوە. ئەو بزەی بەو گەنجە کەللەڕەقە دەهات کە بڕیارێکیدا، بڕیارێك کە ماندێلا لەمڕۆدا قەت نەیئەدا نە ئامۆژگاری کەسیش دەکات بڕیارێکی وەها بدات. ئەو گەنجە دەستکەوتی خوێندنی واز لێهێنابوو کە دەیکردە هێزێکی کاریگەرتر لە شەڕ دژی جیاکاریدا. هەموو پرەنسیپەکان بە یەکسان دروست نابن. دەبێ تۆ باشییە ڕێژەییەکان هەڵسەنگێنیت. لێرەدا پرەنسیپ دەهاتە ناو باسەکانەوە و قوربانیدان گرنگ بوو. باجەکە زۆر قورستر بوو لە سوودەکە.

لە هەندێ رووەوە، ئەم بڕیارە خستە ناو رەوگەی درێژخایەنی تەحەداکردنی دەسەڵات. کاتێك گەڕایەوە بۆ (مقهێکێزوێنی)، لەوە دەترسا کە مەسەلەکە بە پاشا بڵێت. کاتێك ئەمەشی کرد، پاشا هەم سەری سوڕما و هەم پەست بوو بە بەسەرهاتەکەی ماندێلا. ماوەیەکی کورت دوای ئەم مەسەلەیە بوو کە ماندێلا و (جەستس)ی ئامۆزای رایانکرد بۆ جۆهانسبێرگ.

سالانی سەرەتای ماندێلا لە جۆهانسبێرگ وەکو رۆمانێکی پڕ بەسەرهاتی چاوەڕواننەکراو وایە: ئیشکردن لە کانێکدا وەکو چاودێری شەو و دەرکران، ژیان لە ناو رێزێك کۆڵیتی بێ کارەبادا، ناودێرکردنی لەلایەن ئەو خێزانانەی دەیانگرتە خۆ بە وێڵگەڕی دواکەوتوو. تەنیا ئەو کاتەی چاوی بەو پیاوە کەوت کە دەبوو هاوڕێی ژیان و ئامۆژگاریکەری کە دەستیکرد بە خۆڕاستکردنەوە. لە رێگەی (والتەر سیسولو) وەکو کاتب لە کۆمپانیایەکی یاسای بچوکی جولەکە لە جۆهانسبێرگ کارێکی دەستکەوت- یەکێك لەو کۆمپانیا ژمارە کەمانەی کە ئەفریقییەك دابمەزرێنێت بۆ یارمەتیدانی. بەلای ماندێلاوە، یاسا وەکو دەربازگەیەك وابوو، ئامرازێکی بەتواناکان بوو بۆ دەرکەوتن لە جیهاندا و ئەو چووە ناو کۆرسی خوێندنی یاسا لە زانکۆی (ویتواتەرسراند). ئەو بە بزەیەکەوە باسی مامۆستای یاسای دەکات لەوێ، کە دەیگوت خەڵکی نەژادی رەنگاوڕەنگ ئەوەندە زیرەك نین ببنە پارێزەر.



Scanned with CamScanner

ئەو کارەی کە دواجار ماندێلا لەگەڵ (ئۆلڤەر تامبۆ)ی هاوڕێ و هاوکاری دەستپێکرد، یەکەم کۆمپانیای یاسای رەشپێستەکانی لە ئەفریقای باشوور لێ دەرچوو و بووە شوێنی ئەو دەستەبژێرەی رەش پێست کەسۆراخی راوێژی یاسایی بکەن. ماندێلا لە هۆڵی دادگادا ئامادەییەکی توند و چالاکی هەبوو و لەدژی زۆرێك لە یاساکانی ئاپارتاید شەڕی بۆ مشتەریەکانی دەکرد. وەکو پارێزەر شانازی بە پیشەکەیەوە دەکرد و متمانەی بە هاوسەنگییە روونەکانی پەیڕەوە یاساییەکان هەبوو.

هەرچەندە خوێندنی یاسای فێری ئەوەی کرد کە دادگەری کوێرە- لە راستیدا، پەیڕەوێکی دادی کوێرانە هەبوو لە دەرەوەی ئەو دادگایەی کە ئەو زۆربەی کەیسەکانی تیادا خستەڕوو- ئەو بەڵگەیەکی زۆری پێچەوانەی ئەمەی بەدی کرد. ماندێلا ئەو کەیسانەی ئیش لەسەر کرد کە تیایدا دادوەرەکان پۆلێنکردنی نەژادیی موەکیلەکانیان بەپێی لێژایی شانەکانیان یان ئەمەی ئاخۆ قەڵەم لەناو قژیاندا گیر دەبێ، هەڵدەسەنگاند. ماندێلا ئەو کەیسانەی ئیش لەسەر کرد کە تیایدا داکۆکیکارە سپی پێستەکان بەهۆی رەنگی پێستیان بۆی دەردەچوون و رەش پێستەکان بەهۆی رەنگی پێستیان حوکم ئەدران. ئەو، رۆژ لەدوای رۆژ ئەوەی بینی کە چۆن حکومەت یاسا بۆ سەرکوتکردنی کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقی و بزافی ئازادی بەکار دێنێت. ئەو لە یادداشتە بڵاونەکراوەکەیدا دەنووسێت (لە کرداردا، یاسا هیچ نییە جگە لە هێزێکی رێکخراو کە چینی حوکمڕان بەکاری دێنێت بۆ پێکهێنانی سیستەمی کۆمەڵایەتی بەجۆرێك کە بەدڵی



Scanned with CamScanner

خۆی بێت). ئەو بە نابەدڵییەوە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە یاسا پەیوەندی نییە بە پرەنسیپە ئەخلاقییە نەگۆڕەکان، وەکو ئەوەی جارێك لە جاران بڕوای وابوو، بگرە تاکتیکێکە بۆ ئامانجە سیاسییەکانی بەکار دەهێنرێت.

ساڵانی زووی ماندێلا وەکو ئەندامێکی کۆمەڵەی گەنجانی کۆنگرەی نیشتمانی، ململانێیەکی بەردەوام بوو لەنێوان پرەنسیپەکان و تاکتیکەکاندا. ئەو یەکەم جار بەپێی پرەنسیپ دژی ئەوە بوو ڕێگە بدرێت غەیرە ڕەشپێستەکان ئەندامی کۆنگرەی نیشتمانی بن، پاشان ڕەئی خۆی گۆڕی. دواتر دژی ئەوە بوو ڕێگە بە ئەندامانی حزبی کۆمەنیست بدرێت پەیوەندی بە کۆنگرەی نیشتمانییەوە بکەن، ئینجا ڕەئی لەم بارەیەشەوە گۆڕی. لە هەر حاڵەتێکدا، پراگماتیزم بەسەر پرەنسیپدا زاڵ دەبوو. لە هەر حاڵەتێکدا، بڕیارەکەی پەیوەندی هەبوو بەوەی کام ڕێبازە سەرەنجام یارمەتیدەر دەبێ بۆ بەهێزبوونی حزبی کۆنگرەی نیشتمانی.

گرنگترین نموونەی ئەوەی کە ستراتیژ پرەنسیپی بەلاوە دەنا، لەئامێزگرتنی توندوتیژی بوو وەکو بەشێك لە خەباتی ئازادی لەلایەن ماندێلا و کۆنگرەی نیشتمانییەوە. هەر لەو سەروەختەوەی ساڵی ١٩١٢ەوە کە کۆنگرەی نیشتمانیی ئەفریقی دروستبوو، نارەزایەتی ناتوندوتیژانە لە جەوهەری ئەرکەکەیدا بووە. بۆ ماوەی چەند دەیەیەك، سەرکردەکانی کۆنگرەی نیشتکانی بە قووڵ کارتێکراو بوون بە نموونەی گاندی و ناتوندوتیژی باوەڕێکی لەبن نەهاتووی ڕێکخراوەکەیان بوو.



Scanned with CamScanner

بەڵام پاش بینینی مکوڕیی حکومەت لەسەر بەکارهێنانی توندوتیژی لە سەرکوتکردنی پرۆتێستۆی ڕەشپێستەکاندا، ماندێلا ئۆقرەی لەگەڵ ناتوندوتیژیدا نەما. وا هەستیکرد کە لەبەرانبەر شەڕە تفەنگدا ڕەمێکی هەلگرتووە. دواجار لە ساڵی ١٩٦١دا، ماندێلا سەفەری کرد بۆ (ناتال) بۆ مشتومڕکردن لەسەر گۆڕینی ڕێباز لەگەڵ سەرۆک (ئەلبێرت لوتولی)دا کە ئەو کاتە سەرۆکی کۆنگرەی نیشتمانیی ئەفریقی بوو و بەری ساڵێك خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی وەرگرتبوو لەبەرانبەر خەباتی ناتوندوتیژانە لەبەرانبەر ئاپارتاید دا. ماندێلا ڕێزی بێ پایانی بۆ (گەورە) هەبوو کە وەها بانگی دەکرد و من لە ماندێلام پرسی ئاخۆ وەڵامی چی بووە لە بەرانبەر گۆڕینی ستراتیژدا.

ماندێلا وتی (بێگومان دژی ئەو بڕیارە بوو چونکە ئەو پیاوێك بوو باوەڕی بە ناتوندتیژی هەبوو وەکو پرەنسیپێك. کەچی من و ئەوانیتر وەکو ستراتیژ بڕوامان بە ناتوندوتیژی هەبوو، کە دەکرا لە هەر کاتێکدا بەپێی هەلومەرجەکە بگۆڕدرایە. بۆیە ئەمە جیاوازیی نێوانمان بوو).

زۆرێك لە ئەندامە هیندییەکانی کۆنگرەی نیشتمانی سووربوون لەسەر دەستبەردارنەبوون لە ناتوندوتیژی. ماندێلا دەڵێت (جەی.ئێن.سینگ)ی گەورە جەنگاوەری هیندی لەپێناو ئازادی، دژی گۆڕانەکە بوو. (جە.ئێن بە بەردەوامی و پێداگرییەوە دەیگوت نەخێر، ناتوندوتیژی شکستی پێنەهێناوین، ئێمە شکستمان بە ناتوندوتیژی هێناوە) و تۆ ئەزانیت دەشێ ئەم دروشمانە زۆر بەهێز بن). بەڵام بەلای ئەوەوە، دژایەتی ببووە



Scanned with CamScanner

دروشمێك نەك پرەنسیپێك. بەشێوازە کەللەڕەقییەکەی خۆی، گەیشتبووە ئەو ئەنجامەی کە بزووتنەوەی گەریلایی توندوتیژانە دەرفەتی ئەوەی هەبوو ئاپارتاید سەرنگون بکات. پێی وتم ( ئەوە پرسی هەلومەرجە کە یەکلایی دەکاتەوە، ئاخۆ دەبێ شێوازی ئاشتییانە بەکار بێنیت یان توندوتیژانە. ئەمەش بەبێ چەندوچون هەلومەرج بڕیاری لەسەردابوو).

هەلومەرج و پرەنسیپەکانیش ستراتیژ دیاری دەکەن. ماندێلا قەت گاندی نەبووە و قەتیش گاندی نابێ، پیاوێك کە خۆتەرخانکردنی بە ناتوندوتیژییەوە پرەنسیپی ژیان بوو کە ئەگەر پێشێل بکرایە سەرکەوتنی بە شایستە نەدەبینی. بەڵێ، ماندێلا ناتوندوتیژی بەلاوە پەسەند بوو- و هەڵچوونێکی کەسی بەرانبەر هەموو جۆرە توندوتیژییەك هەبوو- بەڵام سیاسەتی ناتوندوتیژی، ئەو پرەنسیپە زاڵەی لاواز دەکرد کە ئەو نەیدەتووانی پشتگوێی بخات.

ماندێلا هەمیشە شانازی بەو بڕوانامە کۆلێژییانەی زیندانییەکانەوە دەکرد کە لە دوورگەی ڕۆبێن بەدەستیان دەهێنا. لە ساڵانی دواتردا، زۆرێك لە زیندانییە سیاسییەکان بە (زانکۆ) ئاماژەیان بە دوورگەکە دەکرد. دوورگەی ڕۆبێن زانکۆی ماندێلاش بوو، بەڵام خوێندنێکی ئەکادیمی نەبوو. لەوێ فێر بوو واقیعبین بێت، نەك خەیاڵی، لەبەر ڕۆشنایی هەلومەرجەکانی واقیع هەموو پرەنسیپەکان هەڵسەنگێنێت. لە زینداندا، ئەو و هاوڕێکانی چەندەها سەعات، ڕۆژ و مانگ و ساڵیان بە قسەکردن لەسەر پرسە تیۆرییەکان بەسەر برد: سەرمایەداری لەبەرانبەر



Scanned with CamScanner

سۆسیالیزمدا، خێڵەکیبوون لەبەرانبەر مۆدێرنیزمدا، تەنانەت ئەمەی کە ئاخۆ پلنگ توخمێکی کیشوەری ئەفریقایە و ماندێلا چالاکانە بەشداری لە وتوێژەکاندا دەکرد.

بەڵام کاتێك لە زیندان هاتە دەر، هەموو وتوێژە ئەبستراکت (مجرد)ەکانی بەلاوە نا. ئەو خێرا درکی بەوە کرد کە سۆسیالیزم گەشتەکەی بەرەو دیموکراسی و هەماهەنگی نەژادی لاواز دەکات و ئەمەی کە دەکرێ خێڵەکیەت بەکەڵکی بێت. ئەو لەگەڵ سەرگەورە سەرمایەدارە سپی پێستەکان و سەرگەورە خێڵەکییە رەشپێستەکاندا ئاشتەوایی کرد. هەر کە ئامانجی گەورەی هێنانی دیموکراسی دەستووری بۆ ئەفریقای باشوور بەدەستهێنا، پێشوازی لە دەرەنجامە راستەوخۆکە کرد: بەدەستهێنانی هەماهەنگی نەژادی. هەموو شتێکی تر بە بەراورد بەو ئامانجە باڵادەستانە لاوەکی بوون. کاتێك هەلومەرجەکان گۆڕان، پێویستە تۆ ستراتیژ و ئەقڵت بگۆڕیت. ئەمە دەستەوستانێتی نییە، بەڵکو پراگماتیزمە.



Scanned with CamScanner

## ٧

# باشی لەوانیتردا ببینە

هەندێ کەس بە خاڵی لاواز ناوی دەبەن، ئەوانیتر پێی دەڵێن ساویلکەیی، بەڵام ماندێلا تەقریبەن هەموو کەسێك بە رەوشتبەرز دەبینێت تا ئەو کاتەی پێچەوانەکەی دەسەلمێنرێت. ئەو بەو گریمانەیە دەست پێدەکات کە تۆ بە نیەتی پاك مامەڵەی لەگەڵدا دەکەیت. ئەو بڕوای وایە کە تەنیا وەها دەریخەیت کە ئازایت دەتووانیّ سەر بکێشێت بۆ کرداری ئازایەتی راستەقینە، بینینی باشی لە خەڵکانی تردا دەرفەتی ئەوە خۆش دەکات کە خودی باشتریان بەدەرخەن.

شتێکی نائاسایی ئەو پیاوەی کە بەشی هەرە زۆری ژیانی بە خراپ مامەڵەی لەگەڵدا کراوە دەتووانیّ ئەو هەموو چاکییە لەوانیتردا ببینێت. لە راستیدا، هەندیّ جار قسەکردن لەگەڵیدا تاقەتبەر بوو چونکە تەقریبەن هەرگیز قسەیەکی خراپی لەبارەی ئەوانیترەوە نەبوو. تەنانەت قسەیەکی نابەدڵانەشی نەبوو لەبارەی ئەو پیاوەوە بیکات کە هەوڵیدا لەسێدارە بدرێت. جارێکیان لەبارەی (جۆن ڤۆرستەر)ی سەرۆکی نازی-ی ئەفریقای باشوور لێم پرسی کە ئاپارتاریدی پەرە پێدا و پەشیمان بوو لەوەی



Scanned with CamScanner

ماندێلا و هاوڕێکانی لەسێدارە نەدران. ماندێلا لە ناخی دڵییەوە دەیگوت (ئەو کابرایەکی شایستەیە. هەر لە بنەڕەتەوە زۆر بەڕێز بوو. لە ئاماژەکردن بە ئێمە گفت و لفتی نەرم و نیان بوو).

لەوانەیە ئەمە وەکو ستایشکردنی سەدام حسێن بێت چونکە لەگەڵ ئاژەڵاندا نەرم و نیان بوو. بەڵام مەسەلەکە ئەوە نییە کە ماندێلادیوی تاریکی کەسێکی وەکو (جۆن فۆرستەر) نابینێت، بەڵکو ئەوەیە ئارەزوومەند نییە کە تەنیا ئەو دیوە ببینێت. ئەو دەزانێت کە کەس بە شێوەیەکی بێ خەوش باش یان خراپ نییە. ئێمە ڕۆژێکیان باسی زیندانییەکمان دەکرد کە رکابەری ماندێلا بوو لە دوورگەی ڕۆبێن و بە راستی لیستێکی لە رق و قین لەبەرانبەر ماندێلا پڕ کردبووەوە. کاتێك لەبارەی کابرا پرسیارم لە ماندێلا کرد، ماندێلا باسی شەڕانگێزییەکەی نەکرد، بەڵام وتی (ئەو شتەی کە لەوم سەند توانای کارکردنی سەرسەختانەی بوو...)

ماندێلا سۆراخی خاڵی پۆزەتیف و بونیادنەر دەکات. ئەو بەسەر خاڵی لاواز دا باز دەدات. ئەمە لەبەر دوو هۆکار ئەنجام دەدات: لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی غەریزی لایەنی باشە لە خەڵکدا دەبینێت و لەبەرئەوەی بەشێوەیەکی فیکری بڕوای وایە بینینی باشە لەوانیتردا دەشێ بە راستی باشتریان بکات. ئەگەر تۆ چاوەڕوانی زۆرترت لە خەڵك هەبێت چ ئەوەی هاوکارەکانت بن یان ئەندامانی خێزان، ئەوا زۆرجار هاریکاری زیاتریان ئەخەنەڕوو. یان لانی کەم هەست بە گوناه دەکەن ئەگەر ئەمە نەکەن.



Scanned with CamScanner

خراپترین شت که دەشێ لەبارەی یەکێکەوە بیلێیت ئەوەیە کە پێی بلێیت لەبەرژەوەندی خۆی ئیش دەکات. بیرمە جارێکیان گوێم لێگرتبوو لەسەر تەلەفۆن قسەی لەگەڵ نووسەرێکی گەورەترین رۆژنامەی رەشپێستی ئەفریقای باشوور دەکرد. نووسەرەکە پلانی ئەوەی دادەنا بابەتێك لەسەر دانوستانەکان بڵاو بکاتەوە و ماندێلا داوای لێکرد پەلە نەکات چونکە بابەتەکە زۆر هەستیارە. پاشان، ماندێلا دڵنیای کردەوە کە نووسەرەکە بابەتێك ئامادە دەکات. ئەوەبوو رۆژی دواتر، بابەتێکی تا بڵێی گەورە لەسەر لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەکە دابەزیبوو. من بە ماندێلام وت و ئەویش بزەیەکی هات و وتی(ئەم کەسانە ئەوە ئیشیانە، ئەبینیت، بەبێ پاڵنەرێکی دەرەکیش. ئەمە لە گۆشەنیگای بەرژەوەندی خۆیانەوە دەکەن. بۆیە من خۆم تێنەگەیاند). نووسەرەکە گومڕای نەکردبوو، بەڵکو تەنیا لە بەرژەوەندی خۆی رەفتاری کردبوو. ئەوەی نەدەهێنا بەشتێکی شەخسی وەربگیردرێت. بۆیە ئەمەی نەکرد.

***

زیندان، بەشێوەیەکی قووڵ چاوی ماندێلا بەرانبەر سروشتی مرۆڤ کردەوە نەك ئەمەی سنوورداری بکات. لەکاتێکدا کە زیندان زۆرێك لە پیاوانی تورە و پەست کرد، ماندێلای گەورە کرد. لەماوەی ساڵانی زۆری لەسەر دوورگەی رۆبێن، کاتێك زیندانییەکان بەشێوەیەکی رۆتینی لێیان دەدرا و دەستدرێژییان دەکرایە سەر، کاتێك تەقریبەن هیچ پەیوەندییەك لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا نەبوو و ئەم پێشێلکارییانە تۆمار نەکرا،

سەرۆکی دوورگەکە کۆلۆنێل (پییەت بادێنهۆرست) بوو، ئەو پیاوەی کە دڵڕەقییەکی بێ وێنە ناسرابوو. بادێنهۆرست بە خراپترین نموونەی سەرۆك زیندانێکی کەللەڕەق لەقەڵەم دەدرا، پیاوێك کە بڕوای وابوو زیندانییە ڕەش پێستەکان کەمێك لەگەڵ ئاژەڵاندا فەرقیان هەیە و دەبێ هەرواش مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. ئەو زیندانییە سیاسییەکانی بە تیرۆریست و ماندێلای بە تیرۆریستێکی نمرە یەك لەقەڵەم دەدا. ماندێلا زۆر جار کەللەی لە کەللەی داوە و تێبینی کردووە کە لە شوێنی خۆی جوڵەی نەکردووە.

لە سەرەتاکانی ١٩٧٠دا، گروپێك دادوەر سەردانی دوورگەکەیان کرد و ماندێلا لەلایەن هاوتا زیندانییەکانی داوای لێکرا ناخیان هەڵڕێژن. لەگەڵ گەیشتنیاندا، دادوەرەکان- ئەوانەی کە ئینگلیزی زمان بوون و لە کاربەدەستانی زیندان لیبراڵتر بوون- بە ماندێلایان وت کۆبوونەوەکە بادێنهۆرێست ناگرێتەخۆ بۆئەوەی ماندێلا بتوانێت ئازادانە بدوێت. ماندێلا وتی پێم وایە وا گونجاو بوو بادێنهۆرێستیش ئامادە بێت و ئەمە نایترسێنێت. لە کۆبوونەوەکەدا، ماندێلا دەستیکرد بە گێڕانەوەی بەسەرهاتێکی دەستدرێژییەکی ئەم دواییە، بادێنهۆرێست خۆی کرد بە ژووردا و وتی (تۆ بە چاوی خۆت دەستدرێژییەکەت بینی؟) ماندێلا لە وەڵامدا وتی نەخێر. لەو ساتەدا بادێنهۆرێست پەنجەی لە ماندێلا بەرز کردەوە و وتی (ئاگادار بە. باسی ئەو شتانە مەکە کە بە چاوی خۆت نەتبینیوون ئەگینا تووشی کێشەی گەورە دەبیت). بێدەنگییەك



Scanned with CamScanner

شوێنەکەی داگرت، لەو ساتەدا ماندێلا روویکردە دادوەرەکان و بە هێمنی وتی (ئەتووانن ببینن چ جۆرە ئەفسەرێکی فەرماندەمان هەیە. ئەگەر لە حزووری ئێوەدا هەڕەشەمان لێبکات، وێنای ئەوە بکەن ئەگەر ئێوە لێرە نەبن چی دەکات).

ماندێلا ئەم بەسەرهاتەی بۆ شرۆڤەکردنی دیوی خراپی بادێنهۆرێست گێڕایەوە. بەڵام دواتر بە خێرایی چووە سەر بەسەرهاتی دووەم لەبارەی ئەوەی کاتێك بادێنهۆرێست دوورگەکەی جێهێشت. ماندێلا رایکرد بۆنەوەی جەنەراڵ (جەی.سی.ستێین)ی سەرۆکی سیستەمی زیندان ببینێت کە بەسەردان هاتبوو. ستێین بادێنهۆرێستی لابوو و جەنەراڵ پرسیاری لە ماندێلا کرد ئاخۆ هیچ سکاڵایەکی هەیە. ماندێلا بە شێوازی بەرنامە یاساییەکی خۆی دەستیکرد بە لیستکردنی داخ و خەمی زیندانییەکان. ئەو هەرگیز شەرمن نەبووە لەوەی چی خۆی و هاوڕێکانی هەیە لەبەردەم کاربەدەستاندا بیڵێت . کاتێك تەواو بوو، ستێین بە ماندێلای وت هەواڵێکم پێیە: کۆلۆنێل بادێنهۆرێست لە دوورگەی رۆبێن دەگوازرێتەوە. ماندێلا بیریەتی کە بادێنهۆرێست روویکردە ئەم و راستەوخۆ قسەی لەگەڵدا کرد.

ماندێلا دەڵێت (بادێنهۆرێست وتی تەنیا هیوای بەختێکی باش بۆ خەڵکانی وەکو ئێوە دەخوازم. وەکو مرۆڤێك ئەمەی وت و من بەو تۆنە نەرم و تەنانەت قووڵەی قسەکردنی شۆك بووم. دەبێ بڵێم ئەمەی کەمێك مایەی سەرسوڕمان بوو بۆم. سوپاسیم کرد. بۆ ماوەیەکی زۆری دواتر

بیرم لەمە دەکردەوە. ئەوەی کە بەشێوەیەکی بنچینەیی لەمبارەیەوە بەبیرم داهات ئەوە بوو کە ئەم پیاوانە دڵڕەق نین، بەڵکو دڵڕەقییەکەیان بەسەردا سەپێنراوە. لەبەرئەوە وەکو دڕەندە هەڵسوکەوت دەکەن چونکە لەسەر ئەم رەفتارە پاداشت دەکرێن. ئەوان پێیان وایە ئەمە ئاکامی پلەبەرزکردنەوە یان بەرەوپێشچوونی بەدواوە دەبێت. ئەو رۆژە، بۆم دەرکەوت کە بادێنهۆرێست ئەو پیاوە نەبوو کە دەردەکەوت، بەڵکو پیاوێکی باشتر بوو لەوەی کە پێشتر رەفتاری دەکرد).

ئەم درکپێکردنە دەچێتە شەقی باوەڕی ماندێلاوە لەبارەی ئەوەی کە چ شتێك دەمانکاتە مرۆڤ. دەڵێت، ئەو پیاوێکی باشتر بوو لەوەی کە پێشتر رەفتاری دەکرد. پاڵنەرەکانی، ئەوەندەی کردارەکانی دڵڕەقانە نەبوون. کەس بە لوتبەرزی یان نەژادپەرستی لەدایك نابێت. ئەو دەڵێت، کەس لە ناخەوە خراپ نییە. خراپە شتێکە دەچێنرێت یان بارودۆخ، ژینگە یان پەروەردە مرۆڤەکانی پێ گۆش دەکات. ئەمە زکماکی نییە. ئاپارتاید مرۆڤەکانی خراپ کرد، خراپە ئاپارتاریدی نەخولقاند.

لەکاتێکدا کە هاوڕێکانی، پاسەوان و زیندانەوانەکانیان بە دڵڕەق و بەرجەستەبووی سیستەمی بێ بەزەیی ئاپارتارید دەبینی، ماندێلا بە گشتی هەوڵیدا شتێکی شایستە و سەربەرزانەیان تێدا بدۆزێتەوە. سەرەنجام ئەوە بوو ئەوانی وەکو قوربانی سیستەمەکە و هەروەها ئەنجامدەرانی، وێنا کرد. هەروەکو زۆرجار بە منی وتووە، ئەوان کەسانی سادە و نەخوێندەوار بوون کە لە سیستەمێکی نادادپەروەرانە و

نەژادپەرستانەدا داکوترابوون چونکە ئەو کاتە منالْ بوون. تەقریبەن هەموویان لە خێزانی هەژاراوە هاتبوون- پەروەردەیەك کە تەواو جیاواز نەبوو لەوەی زۆربەی زیندانییەکان. وەکو پارێزەرێکی خوێندەوار و حیساب بۆ کراو کە گەشتێکی بە سەرانسەری ئەفریقادا ئەنجام دابوو، ماندێلا هەنوکە زۆر لەوە زیاتر جیهانی بینیبوو کە ئەم پاسەوانانە لە ژیانیاندا بینیبوویان و ئەیانبینی. ئەوانیش لە ژێر سیستەمی ئاپارتاید دا ئازاریان چەشتبوو، هەڵبەت نەك بەو شێوازی کە ماندێلا و دۆستەکانی چەشتبوویان.

ماندێك هەمان روانگەی قەشە (ئەندرێ شیفەر)ی گرتەبەر کە رۆژانی یەکشەممە وتاری بۆ زیندانیان ئەدا. شیفەر وتاربێژێکی ئاگراویی (دەچ ریفۆرمد چەرچ) بوو کە بڕوای وابوو، کێ چووزانێ، کە جیاکردنەوەی نەژادەکان لەلایەن خوداوە نەبووە. ماندێلا دەڵێت (ئەو زۆر بێ رێز، زۆر هەلپەرست بوو). شیفەر ماندێلا و هاورێکانی بە تاوانباری باو لەقەڵەم ئەدا، ئەو پیاوانەی کە هەوڵ ئەدەن سیستەمێك وێران بکەن کە لە سۆنگەی دینی و دادگەرییەوە رێکخراوە.

ماندێلا پێی وت (ئێوە پێتان وایە جەنگاوەرانی ئازادین، دەبێ ئێوە بە ماریجوانا و مەشروب سەرخۆش بووبن کاتێك دەستگیر کراون. ئێوەومانان وەڵامێکی ئاسانتان پێچیە هەرکاتێك کێشەیەك هەبێت. ئێوە دەڵێن وەڵامەکە سپی پێستە).

زیندانییەکانی تر زانییان کە قەشە هەراسانکەرە و هەموو شتێك دەکەن لەپێناو ئەوەی خۆی لێ لادەن. بەڵام ماندێلا وەکو تەحەدییەك بینی. لە روانگەی ئەمدا، باوەڕە ئایینییەکان بەسەر خەڵکیدا سەپێنراون وەکو چۆن ئاپارتایدیان بەسەردا سەپێنراوە. تامەزرۆیی قەشە تەنیا رەنگدانەوەی ئەوە بوو کە چۆن پەروەردە کراوە. ماندێلا ئەودیو وتارەکانی بینی و لە پشت توڕەیی و هەڵچوونەکەوە مرۆڤێکی بەدی کرد. بۆیە، کاتێك قەشە هەوڵیدەدا وەریانگەڕێنێت، ئەم هەوڵیدا قەشە هەڵگەڕێنێتەوە.

ماندێلا پێی وتم (ئێمە ئیشمان لەسەر کرد. ویستم وتارمان بۆ بدات. ئێمە هەمیشە هەوڵمان دەدا خەڵکی وەرگەڕێنینە سەر دۆزەکەمان. پێ بەپێی کات، ئێمە بۆمان روون کردەوە کێین، بۆچی لە زیندان بووین، لەپێناو چیدا بەرەنگاریمان دەکرد). بەپێی ماندێلا، شیفەر نەرمتر بوو و لانی کەم هاتەسەر ئەوەی لەوە تێبگات ئێمە بۆچی شەڕ دەکەین. ئەو قەت نەبوو بە باوەڕدارێك، بەڵام چیتر دوژمنایەتیشی نەکردن. ماندێلا دڵی ئەوی بەدەستهێنابوو.

هاوڕێکانی ماندێلا بەشێوەیەکی گشتی دیدی میهرەبانانەی ئەویان بەرانبەر پاسەوانەکان بەلاوە ئاسایی بوو، بەڵام لەناو خۆیاندا رەخنەیان لەوە دەگرت کە ئەوەندە بەمتمانەیە و ئەوەندە ئامادەیی تیایە لانی باش لەوانەدا ببینێت کە پێیان وابوو قابیلی چاکبوون نین. ئەوان دەیانگوت بۆچی هەوڵ بدەیت لە دوژمنەکەت تێبگەیت، دەبێ مرۆڤ هەر شکستی پێ



Scanned with CamScanner

بێنێت و هیچی تر. هەندێك دەیانگوت ماندێلا ساویلکەیە، ئەقڵ کراوەییەکەی فۆرمێکی لاوازیی فیکرییە. ئەوان دەیانگوت، ماندێلا ئامادەیی زۆری تیایە بۆ بەزەیی هاتنەوە، هەر پاسەوانێك بەڕێزەوە قسەی لەگەڵ بکردایە ئەم پەیڕەوی لە فەرمان و قسەکانی دەکرد. ئەمەیان بە تینوێتی بۆ پێگە و پایە لەقەڵەم دەدا. کەسانێکیش هەبوون هەر لەناو هاوڕێکانیدا کە تەنانەت زیاتریش تێیان دەپەڕاند: دەیانگوت ئەمانە تەنیا کەموکورتی کەسایەتی نین، بەڵکو ماندێلا تاوانبارە بە دواندنی دوژمن.

ماندێلا بەئاگا بوو لەم رەخنانە، بەڵام بەشێوەیەکی ئاگایانە بڕیاریدابوو بەلای بەخشندەییدا بێت. تەنانەت هەمان هەستی ئەوانەی هەبوو کە رەخنەیان لێ دەگرت. بە رەفتارکردن بەشێوەیەکی بەڕێزانە، تەنانەت بەرانبەر ئەو کەسانەیش کە لەوانەیە شایستەی ئەمە نەبوون، بڕوای وایە تۆ دەتووانیت کاریگەریان لەسەر دابنێیت بۆئەوەی بەڕێزتر رەفتار بکەن. ئەمە زۆر جار تاکتیکێکی بەکەڵك بووە، بەتایبەت پاش ئەوەی لە زیندان ئازاد بوو، کاتێك تێڕوانینە کراوە و جێ متمانەکەی وایلێکرد پیاوێك بێت کە دەتووانێت قین تێپەڕێنێت. کاتێك خەڵکی ئەفریقای باشووری هاندا (رابردوو لەبیر بکەن)، زۆربەیان بڕوایان وابوو ئەو لەبیری کردووە. ئەمە کاریگەرییەکی دوولایەنەی هەبوو: وای لە سپی پێستەکان کرد زیاتر متمانە بە ماندێلا بکەن و وایلێکردن هەست بە بەخشندەیی زیاتر بکەن بەرانبەر ئەو گەلەی کە بەم دواییانە سەرکوتیان کردبوو.

***

بەلای ماندێلاوە، متمانەکردن بە خەڵك دەرەنجامی باشی دەبێ، بەڵام ئەگەرچی دانیش بەوەدا دەنێت کە خەڵکی بەمتمانەی هەبووە کە هەستی کردووە ناپاکی بەرانبەر دەکەن. ئەو کەسەی کە لەهەمووان زیاتر پەشیمانە متمانەی پێ کردووە (کەی.دی.کلێك)ە، ئەو پیاوەی کە لە زیندان ئازادی کرد، ئەو پیاوەی کە دواجار بە هاوبەشی لەگەڵیدا خەڵاتی نۆبڵی ئاشتییان وەرگرت. هەر لە سەرەتاوە، وەکو ماندێلا باسی دەکات، دی.کلێك بەوپەڕی خۆش مەشرەبییەوە رەفتاری لەگەڵدا کردووە، هەمیشە بە شێوازێك کە دڵی ماندێلا بەلای خۆیدا رابکێشێت. زوو، ماندێلا پێی دەگوت (پیاوی سەرڕاست)، دەستەواژەیەك کە لە گەرمەی دانوستانەکاندا لێی پەشمان بووەوە.

ماندێلا لە سێ بۆنەدا چاوی بە دی.کلێك کەوت بەر لەوەی دی کلێك رازی بێت بە ئازادکردنی ئەو نەهێشتنی قەدەغە لەسەر کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقی. هەر لە سەرەتاوە، ماندێلا بە جۆرێکی جیاوازی سەرکردەی (پارتی نیشتمانی) لەقەڵەمی دەدا. ئەو بە (بوێر) ناودێری دەکرد لەبەرانبەر دەستپێکردنی پرۆسەی ریفۆرم. ماندێلا هێشتا لە زیندانی (ڤیکتۆر ڤێرستەر) بوو کە بۆ یەکەم جار لە هاوینەهەواری سەرۆکایەتی لە کەیپ تاون چاوی بە دی کلێك کەوت. ئەو پیرۆزبایی لە دی کلێك کەوت لەبەرانبەر بوونی بە سەرۆکی دەوڵەت و پاشان رەخنەی لێگرت لەبەرانبەر گەڵاڵەکردنی سیاسەتی (مافەکانی گروپ) کە پێی وابوو



Scanned with CamScanner

هێنانەوەی ئاپارتایدە لە دەرگای پشتەوەڕا. بە بۆچوونی ماندێلا، دی کلێك دەیگوت ئەگەر ماندێلا ئەم سیاسەتەی نەویستایە ئەوا سۆراخی نەدەکرد. ماندێلا بە منی وت (بە تەواوی سەرم سوڕما). لە زۆر رووەوە، دی کلێك هەمان ئەو ستراتیژەی بەرانبەر ماندێلا بەکار دەهێنا کە ماندێلا خۆی بەرانبەر پاسەوانەکانی زیندان و سەرۆکەکانی پێش دی کلێك بەکار دەهێنا. ئەو بەوپەڕی خۆش مەشرەبییەوە مامەڵەی لەگەڵ ماندێلادا دەکرد، گوێڕایەڵ بوو و وا رەفتاری دەکرد وەك بڵێی پارچەی یەك قوماشن.

من لە چەند بۆنەیەکدا لەگەڵیدا بووم و دی کلێك لەگەڵ ماندێلادا گەرم و گوڕ بوو لەگەڵ ئەوەشدا رەسمی بوو. ئەو بە دەنگە قووڵە خۆشەکەی بە بەڕێز ماندێلا بانگی دەکرد. دی کلێك، کە جگەرەی بە جگەرە دادەگیرساند، تەنانەت هەوڵی دەدا لە حزوری ماندێلا جگەرە نەکێشێت، لەکاتێکدا کە ماندێلا باکی بە دووکەڵی جگەرە نەبوو. ماندێلا هەستی نەدەکرد کە رەفتاری دی کلێك بەشێکە لە ستراتیژێك بۆ غافڵگیرکردنی ئەو خۆی بەدەست هەمان ئەو خاڵە لاوازەوە دەیناڵاند کە لەوانیتردا قۆستبوویەوە.

بەڵام پاش بەرەڵابوونی ماندێلا، کاتێك دانوستانەکان تەواو بوون و هەڵبژاردنەکان و دەستوورێکی نوێ بە جدی دەستیان پێکرد، دیدی ماندێلا بەرانبەر دی کلێك گۆڕانی بەسەردا هات. ماندێلا بڕوای وابوو کە حکومەت پشتگیری ئەوەی دەکرد کە ئەو پێی دەگوت (هێزی سێیەم)،



Scanned with CamScanner

ڕێکخراوێکی میلیشیایی کە هانی توندوتیژیی و هەوڵی وروژاندنی شەڕی ناوخۆی دەدا. ماندێلا بڕوای وابوو کە دی کلێک بەمە دەزانێ و چاوی لێ دەپۆشێت، ئەگەرچی دی کلێک ئەمەی ڕەت دەکردەوە. ئەم دووانە بە ئاشکرا و بە تەنیا دەمەقاڵێیان بوو و ئیتر ماندێلا بە دووڕووی لەقەڵەم دەدا.

دی کلێک یەکێك لە چرکەساتەکانی توڕەیی ئاشکرای ماندێلای بزواند. کانوونی یەکەمی ١٩٩١ بوو و قەرار وابوو هەردووکیان لە مەراسیمێکی گشتیدا قسە بکەن و ئەمە ئاماژە بوو بە وتوێژی مێژووییان لەمەڕ یەکەم دەستووری دیموکراتیکی ئەفریقای باشوور. ئەم دانوستانانە گرنگ بوون لە ڕۆیشتنی سەرەنجام بەرەو هەڵبژاردنی ١٩٩٤ی (یەك کەس، یەك دەنگ)ی ئەفریقای باشوور. ماندێلا پێی وتم دی کلێک بە تەنیا هاتە لام و داوایکرد دوا قسەی بکات. ماندێلا ڕازی ببوو. یەکەم جار ماندێلا قسەی کرد و تۆنێکی نیەتپاکی هەبوو، باسی لە هیواکانی کردبوو لەمەڕ وتوێژەکانی دەستوور. بەڵام کاتێك دی کلێک قسەی کرد، ئاماژەی ئاشتی نەبوو. لەبری ئەمە، ڕەخنەی لە کۆنگرەی نیشتمانی و ماندێلا گرت لەبەرانبەر جێگیرکردنی ئەو شتەی کە ئەم بە سوپای نهێنی ناودێری کردن و ئەمەی کە دەبنە هۆی توندوتیژی لە وڵاتدا. ئەو لە جەوهەردا ماندێلای تۆمەتبار کرد– کە زۆرجار بە تەنیا لای دی کلێک باسی نیگەرانییەکانی خۆی کردبوو لەبارەی هێزی سێیەم– بە دووڕووبوون. ماندێلا هەموو قسەکانی دی کلێکی بە درۆ لەقەڵەمدا. کاتێك دی کلێک لە قسەکردن تەواو



Scanned with CamScanner

بوو، وا قەرار بوو کۆنفرانسەکە تەواو بووبێت، بەڵام ماندێلا لە شوێنەکەی خۆی هەڵسایە سەر پێ و لەبەردەم کامێراکانی تەلەڤزیۆنی راستەوخۆدا بەرەو سەکۆ رۆیشت. روخساری ئاگری لێ دەباری. ئەو لەکاتێکدا قسەی دەکرد سەیری دی کلێکی نەکرد.

(تەنانەت سەرۆکی رژێمی کەمینەیەکی ناشەرعی و لە متمانەخراو، وەکو رژێمەکەی ئەو، هەندێ پێوەری ئەخلاقی هەیە پێیەوە پابەند بێت...ئەگەر پیاوێك بتوانێت بێتە کۆنفرانسێکی وەها و ئەم جۆرە سیاسەتە نمایش بکات- خەڵکانێکی کەم حەز دەکەن مامەڵە لەگەڵ ئەم کابرایەدا بکەن).

ئەمە تورەترین کاتی بوو بینیبێتم و روون بوو کە هەموو تۆزقاڵێکی دیسلینە خۆییە مەزنەکەی بەکار دەهێنا تا لە هاوسەنگیدا بمێنێتەوە. ئەو پیاوەکە رێککەوتنێکی جێنتڵمانانەیان ئەنجامدابوو و ئەو هەستیکرد سەربەرزە بەوەی لێگەڕێت دی کلێك کۆتایی بە کۆنفرانسەکە بێنێت. ئێستاش هەستی بە ناپاکی کردبوو- چونکە ئەو بەهایەکی زۆر بە گفت خۆشی و رەفتاری باشی دوولایەنە ئەدات.

چەند ساڵێك دواتر، وتوێژێکم لەگەڵ ماندێلا کرد لەبارەی دی کلێك و من دەمتووانی ئەوە بەدی بکەم کە برینەکان سارێژ بوون. ئەو وتی دی کلێك تەنیا لە بەرژەوەندی خۆی و شوێنکەوتەکانی رەفتاری کردووە- بەڵام پێی ناخۆش بوو کە دی کلێك ئەمەی تێنەپەڕاندووە. دانی بەوەدانا کە



Scanned with CamScanner

حوکمەکەی لەبارەیەوە هەڵە بوو، بەڵام لەوەدا هەڵە نەبوو کە متمانەی پێکردبوو.

دی کلێك شەریکێکی پێویست بوو لە ڕێگا بەرەو ئازادی و ماندێلا هیچ سوودێکی نەدەبینی لەوەدا کە نکوڵی لە سەرڕاستییەکەی ئەو بکات. دواجار، نیشانەیەکیش نەبوو لەمەڕ ئەوەی کە ئەو پێویستی بە دی کلێك دەبێت بۆ شتێك، کەوایە بۆچی پشتی تێبکات؟

ماندێلا باشی لەوانیتردا دەبینێت هەم لەبەرئەوەی لە سروشتی خۆیدا هەیە و هەم لەبەرئەوەی لە بەرژەوەندیدایە. هەندێ جار ئەمە بەو مانایەش بووە کە غافڵگیر بکرێت بەڵام هەمیشە ئامادەیی تیابووە ئەو سەرکێشییە بکات. بە ڕاستیش سەرکێشییە. ئێمە وا بیر لە سەرکێشی دەکەینەوە کە بوێرییەکی فیزیکی بێت، وەکو هەوڵی پیاهەڵگەڕانێکی ترسناك، یان بڕیاردانێك کە لێکەوتەی نادڵنیای هەیە، وەکو دانانی پارە لە وەبەرهێنانێکدا کە شتێکی دڵنیا نییە. بەڵام ماندێلا سەرکێشی ئیحساسی دەکات و بڕواشی پێیەتی. ئەو بە تەنیا دەڕوات و بە متمانەکردن بەوانیتر خۆی دەخاتە بەر ڕۆشنایی. ئێمە هەندێ جار بە پشت بەستن بەوانەی کە باش نایانناسین، ئەمە دەکەین. لەگەڵ ئەوەشدا بەدەگمەن سەرکێشی یەکسان دەکەین بە هەوڵدان بۆ بینینی ئەوەی کە شایستەیە، ڕاستگۆیانەیە و باشە لە خەڵکانی ژیانی ڕۆژانەماندا.

ماندێلا جارێکیان پێی وتم (خەڵکی هەست دەکەن من شتی یەکجار زۆر باش لە خەڵکیدا دەبینم. کەوایە ئەمە ڕەخنەیەکە دەبێ بەرگەی بگرم و



Scanned with CamScanner

هەوڵمداوە خۆم بگونجێنم جا وەها بێت یان نا. ئەمە شتێکە کە پێم وایە سوودبەخشە. وێناکردنی ئەوە خۆشە رەفتار لەسەر بنەمایەك بکەیت کە ئەوانیتر کەسانی سەرڕاست و بەشەرەفن، چونکە تۆ پێویستت بەوەیە راستگۆیی و شەرەف بەکێش بکەیت ئەگەر ئەمە چۆنایەتی بۆچوونت بێت بۆ ئەو کەسانەی کاریان لەگەڵدا دەکەیت. من بڕوام بەمەیە).



Scanned with CamScanner

# ٨

## دوژمنەکەت بناسە

لە ١٩٥٠کاندا، ماندێلا لە ڕۆژدا پارێزەرێکی چوست و چالاك بوو و بە شەویش بۆکسەر (مولاکیم)ێکی هەرزە بوو. تەقریبەن هەموو ئێوارەیەك لە هۆڵێکی وەرزشیدا لە شارۆچکەی ئۆرلاندۆی ڕەشپێستەکان پرۆڤەی دەکرد. ئەو شەش پێ و دوو ئینچ، تۆکمە و کەمێك خاو بوو- چارەنووسی وەها نەبوو ببێتە پاڵەوانێکی کێشی قورس. بەڵام زۆر بەدیسپلین بوو و خۆشی لە پرۆڤەکە دەبینی نەك شەڕە بۆکسەکە. (سکیپەر مۆلۆتسی)ی ڕاهێنەرە ئاگراوییەکەی فێری کرد بۆئەوەی بۆکسەرێکی سەرکەوتوو بێت، نەك تەنیا ئەبێ خێرا و بەهێز بێت، بەڵکو ئەبێ ڕکابەرەکەشی بناسێت. ماندێلا درکی ئەوە کرد کە پێویستی بەوەیە ئەمە لە بواری سیاسەتیشدا پیادە بکات. بۆ بەزاندنی نەیارێکی سیاسیی سەرسەخت، دەبوایە لێی تێبگات و خاڵی لاوازی بدۆزێتەوە. ماندێلا کەسێکی زیاندیدە بوو و بەهەمان شێوە پێویستی بەوە بوو خاڵی بەهێزی نەیارەکەی لەدژی بەکاربهێنێتەوە.



Scanned with CamScanner

لە ساڵی ١٩٦٢دا، کاتێك تەمەنی چل و چوار ساڵ بوو، ماندێلا ڕێبەرایەتی دامەزراندنی (ڕەمی نیشتمان)ی کرد کە بە (ئێم.کەی) ناودێر دەکرا و باڵی سەربازی حزبی کۆنگرەی نیشتمانی بوو. ئەو یەکەم فەرماندەی گشتی (ئێم.کەی) بوو. کاتێك (ئێم.کەی) دەستیکرد بە بەرنامەڕێژکردنی بۆمبارانکردنی هەندێ ئامانجی سەربازی، ماندێلا خۆی حەشاردا و بووە لە یاسادەرچوویەك و داواکراوترین پیاوی ئەفریقای باشوور. ریشێکی بژی دانا و کۆنە جلی لەبەرکردن، ئۆتۆمبێلی لێدەخوڕی لەکاتێکدا کە کڵاوێکی قەبەی لەسەر دەنا بۆئەوەی خەڵکی وابزانن شۆفێرە یان باخەوانە. دەستیکرد بە فێربوون لەبارەی جەنگ، خوێندنەوەی (هونەری جەنگ)ی (سەن تزو) و هەر جۆرە ڕێبەرییەکی سەربازی کە بتوانێ کەڵکی ئامادەی بکات.

بەهەمان شێوە دەستیکرد بە خوێندنەوەی ڕێبەریی لە جۆری جیاواز: کتێبە بچوکەکانی ڕێزمانی ئافریقایی.

هاوڕێکانی توانیان لە خوێندنەوەی ئەو بۆ کتێبی (هونەری جەنگ) تێبگەن بەڵام لەوە تێنەگەیشتن بۆچی هونەری شیعری ئافریقایی دەخوێنێتەوە. ئەوان ڕاهاتبوون لەسەرئەوەی تانەی لێبدەن لەسەر خۆفێرکردنی زمانی سەرکوتکەر. بەڵام ماندێلا دەیزانی ناتوانێ دوژمن ببەزێنێت ئەگەر لێی تێ نەگات و هەروەها ناتوانێت لێی تێ بگات ئەگەر بە زمانەکەی قسە نەکات. هەروەها قووڵتریش لە مەسەلەکەی دەڕوانی: ناکرێ لێخۆشبوون، ناکرێ ڕێککەوتنێکی ئاشتیانە هەبێ لە باشووری



Scanned with CamScanner

ئەفریقا کە بەشێوەیەك لە شێوەکان ئافریقاییەکان (ڕەسەنەکان) نەگرێتەخۆ. تەنانەت وەکو سەرۆکی (ئێم.کەی)، وێنای ئەوەی نەدەکرد ئافریقاییەکان بخاتە ناو دەریاوە، دەبووایە دواجار پێکەوە حەوانەوە و دانوستان هەبێت.

کاتێك پرسیارم لێیکرد کە بۆچی دەستیکردبوو بە خوێندنەوەی ئافریقایی، وەڵامێکی ڕێك و ڕەوانی دامەوە. وتی (ئاشکرایە، چونکە وەکو کەسایەتییەکی گشتی دەبێ دوو زمانی سەرەکییەکەی وڵات بزانیت و ئافریقایی زمانێکی گرنگە کە زۆرینەی دانیشتووانی سپی پێست لە وڵات و زۆرینەی خەڵکی نەژاد تێکەڵ قسەی پێدەکەن و نەزانینی، ڕەهەندێکی سلبییە). هەڵوەستەیەکی کرد و پاشان وتی : (ئەزانیت کاتێك تۆ بە ئافریقایی دەدوێیت، ڕاستەوخۆ دەچیتە دڵیانەوە).

ڕاستەوخۆ دەچیتە دڵیانەوە. ئەم ڕستەیە ڕەنگدانەوەی شتێکی تر بوو کە پێشتر لە بارەی هونەری ڕازیکردن وتبووی: (موخاتەبەی ئەقڵیان مەکە. موخاتەبەی دڵنیان بکە). ئەمە لە زۆر بواری ژیاندا ڕاستە- چ ئەوەی کە هەوڵی ڕازیکردنی دۆستێك بدەین ڕەئیمان بە هەند وەربگرێت، دەنگی کەسێك بەدەست بێنین یان کڕیاری نوێ بەکێش بکەین. ئەگەر دەتەوێ فرۆشەکەت مسۆگەر بکەیت، موخاتەبەی دڵ بکە. ماندێلا هەمان شتی بەرانبەر لایەنگرانی و بەرانبەر ئافریقاییەکانیش کرد. بەڵام لە حاڵەتی ئافریقاییەکاندا، دەبووایە توانایەکی زۆرتری هەبێ. ماندێلا دەیزانی لوتبەرزی شتێکی ئەقڵانی نییە و ناتووانێت تەنیا بەشێوازی



Scanned with CamScanner

ئەقلانی موخاتەبەی کات. پێویستی بەوە بوو سپی پێستەکان دیموکراسی و بیرۆکەی گەلێکی هەمەڕەنگ قبوڵ بکەن نەك تەنیا لەرووی فیکریشەوە بەڵکو لەرووی هەستیشەوە. تەنیا ئەو کاتە ئەو پێکەوە حەوانەوەیەی بەدیدەهێنا کە بە راستی سۆراخی دەکرد. ئەو هەمیشە رووی کردبووە ئەقڵی خەڵك، بەڵام زانی کە سەرکەوتنی یەکجارەکی تەنیا ئەو کاتە دەبێ کە دڵیان بەدەست بێنێت.

***

لەساڵی ١٩٦٢دا، نزیکەی ساڵ و نیوێك پاش ئیختیفابوونی- و تەنیا چەند مانگێك پاش دەستپێکردنی خوێندنی ئافریقایی- ماندێلا لەکاتی پەڕینەوەی لە سنووری پەڕینەوەی (بۆتسوانا) بۆ ئەفریقای باشوور، دەستگیر کرا. [redacted]ر کە گیرا، دواجار دەدرایە دادگا بە تۆمەتی ناپاکی و بە ئەگەری حوکمی مەرگ. زۆر کەس پێیان وابوو دادگایی (ریڤۆنیا)ی بەدناو، کە نزیکەی ساڵێك درێژەی کێشا، دوایین جار دەبێ کە گوێبیستی ماندێلا دەبنەوە یان دەیبیننەوە. لەماوەی رۆژانی زووی دادگاییەکەدا، ماندێلا بیریەتی کە قسەی لەگەڵ (پاسەوانێکی ئافریقایی خۆش مەشرەب) کردووە لەبارەی کەیسەکەیەوە.

دەڵێت (پرسیارێکی لێکردم و وتی، ماندێلا پێت وایە لەم دۆزەی ئێوەدا دادوەر چی ئەکات؟ منیش وتم، ئاه، هەڵماندەواسێت. بە راستی مەبەستم ئەمە نەبوو. پێویستم بە پاڵپشتی و هاوسۆزی ئەو هەبوو. وامزانی ئەویش دەڵێت، ئاه، قەت شتی وا ناکات. بەڵام وەستا، خۆی گران کرد و رووی



Scanned with CamScanner

لێوەرگێڕام، سەیرێکی ئەرزەکەی کرد و وتی، بەڵێ وابزانم راست ئەکەیت، لەسێدارەتان دەدەن).

ئەمە رامانێك بوو لە دڵی دوژمنەکەی. ئافریقاییەکان زۆر راشکاو، زۆر قسە لەڕوو بوون و پێچ و پەنا و ئەملاوئەولایان نەبوو. دەیتووانی هاوخەم بێت یان نەبێت، بەڵام هەر ئەوەی پێدەگوتی کە لە مێشکیدا بوو.

لە کۆتاییدا، دادوەر ئەو و هاوڕێکانی بە ژیانی تاهەتایی لە زیندان حوکمدا. شەوی حوکمدانەکە، ئەو و هاوتا رەشپێستە تۆمەتبارەکانی خرانە ناو ڤانێکەوە، بە فڕۆکە بردران بۆ کەیپ تاون و پاشان بران بۆ دوورگەی رۆبێن. لەوێ بوو، لەو چەند ساڵە کەمەی دوورگەکە، کە ماندێلا سەرسەختانە دەستیکرد بە خوێندنی زمانی دادوەر و زیندانیکەرانی. ئەو بەشداری کۆرسێکی ئافریقایی کرد لەناو زینداندا و رێبەرییەکانی رێزمانی ئافریقایی لەناو ئەو چەند کتێبانەدا بوون کە رێگەی پێدەدرا لەو چەند ساڵە سەختەی سەرەتادا لەبەردەستیدا بن. (داواکردنی کۆپییەك لە جەنگ و ئاشتی تۆلستۆی رەتکرایەوە چونکە بەرپرسان پێیان وابوو رێبەرییەکی سەربازییە). هەموو دەرفەتێکیشی دەقۆستەوە تا بە زمانی ئافریقایی لەگەڵ پاسەوانەکاندا بدوێت.

زۆرێك لە هاوڕێکانی نەیاندەتووانی لێی تێبگەن، پێیان وابوو، ماندێلابە قسەکردن بە زمانی ئەوان، رێز بۆ سەرکوتگەر دادەنێ. لەکاتێکیشدا کە هاوتا زیندانییەکانی ستایشی هەوڵەکانیان نەدەکرد، پاسەوانەکان ستایشیان دەکرد. ئینگلیزییەکەیان شەق و شڕ بوو و زۆرێك لە



Scanned with CamScanner

زیندانییەکانی تر یا قسەیان بە ئەفریقایی نەدەکرد یان نەیاندەویست قسەی پێ بکەن. ئامادەیی ماندێلا بۆ وتوێژکردن لەگەڵیاندا بە زمانی ئافریقایی بەزوویی بەرهەمدار بوو. ماوەیەکی زۆر بوو، پاسەوانەکانی زیندان لە شەودا دەهاتنە بەر پەنجەرەکەی و داوای ئامۆژگارییان دەکرد.

پێی وتم (بەبێ خۆبەزلزانین، بەتایبەت لە کۆتاهەفتەکاندا و لە ئێوارەکاندا ئەوان بەشێوەیەکی ئاسایی دەهاتن و قسەیان لەگەڵ دەکردم. هەندێکیان بە ڕاستی کەسانی باش بوون و بێ چەندوچون دیدی خۆیان لەبارەی ئەو مامەڵەیەی لەگەڵماندا دەکرا، دەردەبڕی).

تا رادەیەك بە نزیکبوونەوە لە دڵیان، هەندێ لە دوژمنانی کردە دۆست. بەلای ئەوەوە، پاسەوانەکانی زیندان مایکرۆسۆمێکی تێکڕای دانیشتووانی ئافریقایی بوون و ئەگەر بیتووانیایە ئەم پیاوە کۆلکە خوێندەوار و زۆرجار لوتبەرزکراوانە بەدەست بێنێت، ئەوا دەشیتووانی هەموو خەڵکەکە بەلای خۆیدا رابکێشێت.

ماندێلا بۆی دەرکەوتبوو کە نەك تەنیا دەبێ زمانەکە فێر ببێت بەڵکو دەبێ لە کەلتوورەکەش تێبگات. بۆیە شیعری ئافریقایی لەبەر کرد و مێژووی ئافریقایی بە قووڵی خوێندەوە. ئەو دەیزانی ئافریقاییەکان نەك تەنیا شانازی بە مێژوویی بەرینیان دەکەن بەڵکو شانازی بە لێهاتوویی سەربازیشیانەوە دەکەن. ئەوان شانازییان بە ناوی جەنەراڵەکانی بۆر (سپی پێستە بە رەچەڵەك هۆڵەندییەکانی ئەفریقای باشوور) دەکرد کە لەماوەی جەنگی ئەنگلۆ-بۆر لەدژی هێزەکانی ئیمپراتۆریەتی بریتانی

جەنگابوون لە سەروەختێکدا کە بریتانیا گەورەترین هێزی سەربازیی سەر گۆی زەوی بوو. ئەو فێری ناوی جەنەراڵە بەناوبانگەکانی (بۆر) و چیرۆکەکانی ئازایەتییان بوو. خوێندنەوەی بۆ مێژوویی سەربازیی ئافریقایی شتێکیشی لەبارەی شێوازی شەڕکردنیان فێر کرد: چەندە لێهاتوو و لێزان بوون، چەندە مکوڕ و کەللەڕەق بوون. چەند دەیەیەک دواتر، کاتێک دەستیکرد بە دانوستان لەگەڵ بەپرسانی حکومەت، ئەو پیاوانە سەریان سوڕما لەوەی ماندێلا ئاگادار بوو لە جەنەراڵە ئافریقاییەکان و شەڕەکانیان.

لە دوورگەی ڕۆبێن، ماندێلا بە هاوڕێکانی دەگوت ئافریقاییەکانیش هەر خەڵکی ئەفریقای باشوورن. ئەمانە خەڵکی هۆڵەندی، ئەڵمانی و ڕەچەڵەکی ئەوروپیی ترن کە پەیوەندییان بە ئەورووپاوە نەماوە و بۆ ئەفریقا کۆچیان کردووە. ئافریقایی چیتر لە هیچ شوێنێکی تر ماڵ و حاڵی نییە. ئێستا موتوربەیەکە و لە ئەفریقا ڕەگی داکوتاوە، ڕێک وەکو درەختی بەهێز و جوانی (جەکەراندا) کە ئەورووپاوە هاتووە و زۆری پێچوو تا بووە ڕەمزی کەلتووری ئەفریقای باشوور.

ماندێلا لەوە تێگەیشت کە خاڵی هاوبەشی قووڵ لەنێوان ئافریقایی و خەڵکی ناو ئەفریقادا هەن. هەردووکیان لەلایەن بریتانیاوە سەرکوت کراون. ئافریقاییەکان لەلایەن ئیمپریالیستە بریتانییەکانەوە ریسوا کراون، وەکو هاوڵاتی پلەی دووی نزم مامەڵەیان لەگەڵدا کراوە. ئەوانیش وەکو بیانیی ریسوا هەستیان کردووە. وەکو گەلێک، بەشێوەیەکی

دەستەجەمعی داخیان خراوەتە دڵەوە و زۆر لە رەشپێستەکانی ئەفریقای باشووری ژێر سایەی ئاپارتاید جیاواز نەبوون.

لەکاتێکدا کە ماندێلا قەت نەبووە هاورێ لەگەڵ پاسەوانەکانی دوورگەی رۆبێن، پێ بە پێی تێپەرینی ساڵان، رێزیان بەرانبەر ئەو و هاوتا زیندانییەکانی زیاتر بوو. ساڵانێك دواتر، کاتێك ئەو گواسترایەوە بۆ زیندانی (پۆڵسمور)، ماندێلا ئازادییەکی زیاتری هەبوو، لەوانەش زیندانێکی تایبەت، بەڵام تووشی ئەفسەرێکی وشکتر بووەوە. رائید (فریتز ڤان سیتەر) لەسەر ئەوە راهاتبوو کە لەگەڵ تاوانکارەکاندا مامەڵ بکات، نەك زیندانییە سیاسییەکاندا، چ جای ئەوەی ناسراوترین زیندانی سیاسی لە جیهاندا. هیچ بواری بۆ نەهێشتنەوە و پێشی ناخۆش بوو کە ماندێلا مامەڵەیەکی تایبەتی لەگەڵدا دەکرا.

لەگەڵ ئەوەشدا، ماندێلا بروای وابوو کە دەتووانێ دڵی هەر کەسێك بەدەست بێنێت و توێژینەوەیەکی لەسەر ڤان سیتەر کرد. بۆی دەرکەوت کە ڤان سیتەر هیوایەتی یاری (رەگبی)یە. رەگبی وەرزشی نیشتمانیی ئافریقاییەکانە، شتێکی نزیك لە ئایینێکی مەدەنییە. ئەمە سەرچاوەی شانازی بوو کە هەستێکی جیاوازبوونیان پێ دەبەخشی. ئەوان زۆر سەرسام بوون بە (سپرینگبۆکس)ی تیمی نیشتمانی کە بە شێوەیەکی سەرەکی پێکهاتبوو لەو ئافریقاییە گەورە و بەهێزانەی کە یەکپۆشیی سەوز و زەردیان لەبەر دەکرد. پێدەچوو وەرزشەکە ئاوێنەی خێڵەکە بێت: یارییەکە دڵرەقانە، خێرا، توند و بەبێ کڵاوخودە و زرێ ئەنجام دەدرا.



Scanned with CamScanner

لەبەر هەموو ئەم هۆکارانە، جەنگاوەرانی ئازادیی رەشپێست هەمیشە رقیان لە وەرزشەکە بوو و بە رەمزی دڵڕەقیی ئافریقاییان دەزانی. رەشپێستەکانی ئەفریقای باشوور بەشێوەیەکی رۆتینی سۆراخی هەر وڵاتێکیان دەکرد کە لەدژی سپرینگبۆکس یاریان بکردایە (وەکو دەڵێن دوژمنی دوژمنەکەم دۆستمە)، شکستی تیمی نیشتمانییان بە سەرکەوتن لەدژ ئاپارتاید لەقەڵەم دەدا.

بەڵام ئێستا ماندێلا (رەگبی) بە رێگایەك دەزانی بۆ چوونەناو ناخی رائید ڤان سیتەر. ڤان سیتەر مانگی جارێك دەهاتە لای و بۆ خۆئامادەکردن بۆ دیدارەکە، ماندێلا دەستیکرد بە خوێندنەوەی بڵاوکراوە وەرزشییەکان و تەرکیزی دەکردە سەر خاڵە تۆمارکراوەکانی رەگبی و زانیاری لەبارەی ناوەکانی یاریزانەکان و لێهاتووییەکانیان کۆ دەکردەوە. لە سەرەتادا ڤان سیتەر لەگەڵ ماندێلادا کەمدوو بوو و سووربوو لەسەر ئەوەی کە رووی نەداتێ. (کریستۆ براند)ی پاسەوانی ماندێلا لە پۆڵسمور، دەگێڕێتەوە و باسی ئەوە دەکات کە چۆن ماندێلا دەستیکرد بە وتوێژ لەگەڵ ڤان سیتەر بە زمانی ئافریقایی و باسی رەگبی لەگەڵدا کردەوە. براند دەڵێت، ئەمە بەزوویی خۆپارێزییە دوژمنکارانەکەی ڤان سیتەری شکاند و ئەویش لای خۆیەوە دەستیکرد بە باسکردنی تێبینی و چیرۆکەکانی رەگبی لەگەڵ زیندانییەکەیدا.

بە هاتنی ئەو کاتەی کە ماندێلا چووە زیندانی ڤیکتۆر ڤێستەر لە ساڵی ١٩٨٨دا، نەك تەنیا ئافریقاییەکەی باشتر بوو، بەڵکو شوێنی

نیشتەجێبوون و چێشتلێنەری خۆی هەبوو کە ناوی ئەفسەری یاریدەدەر (جاك سوارت) بوو. سوارت کابرایەکی درێژ و پەل و پێ شل بوو و سمێڵێکی دەسکە کەوەری ماش و برنجی هەبوو. ڕۆژی سێ ژەم چێشتی بۆ ماندێلا لێدەنا کە زۆر کەیفی پێ هات. ماندێلا دەڵێت (خۆشترین خواردنی لێ دەنا) و بە (پیاوێکی پێشکەوتنخواز– کە هیچ کێشەی لەگەڵ ڕەنگی پێستدا نییە) وەسفی دەکرد. ماندێلا باسی ئەوە دەکات کە چۆن ڕاهاتبوون لە دەمەقاڵێ لەسەر شتنی قاپەکان، ماندێلا مکوڕ بوو و سوارت دەیگوت ئیشی منە. هەرچۆنێك بێ ماندێلا دەیشتن.

چوومە دیدەنی سوارت کە پاش ئازادبوونی ماندێلا بووە چێشتلێنەری تەواوی زیندانەکە. ئەو تا ڕادەیەك کابرایەکی قسە ڕەق بوو، بەڵام ڕوون بوو کە سۆزێکی زۆری بۆ ماندێلا هەیە. ئەو دوو پیاوە لە زۆر ڕووەوە وەکو یەك بوون: بە بەرنامە، وریا، کەمخۆر. کاتێك لێم پرسی بە چ زمانێك پێکەوە قسەیان کردووە، سوارت دواجار بزەیەکی کرد. وتی (من بە ئینگلیزی قسەم دەکرد و ئەویش بە ئافریقایی). لێم پرسی بۆچی وتی (بۆئەوەی من بتوانم ئینگلیزییەکەم باش بکەم و ئەویش ئافریقاییەکەی باش بکات). ئافریقاییەکەی ماندێلا چۆن بوو؟ جارێکی تر بزەی هات. وتی (باش بوو. بە خاوی قسەی پێدەکرد). ئافریقاییەکەی ماندێلا وردەکارانە و هی خوێندنەوە بوو. ئەو ئەم وردەکارییەی بە شێوەیەکی ڕێز لەقەڵەم دەدا.

***

لە بەشی سێیەمدا باسی ئەوەم کرد ماندێلا لە زیندانەوە برا بۆ بینینی (پی.دەبلیو.بۆتا)ی سەرۆکی ئەفریقای باشوور. تەنانەت پێش ئەوەی بزانێت دیدارەکە رێکخراوە، ماندێلا دەستیکرد بە خۆئامادەکردن. ئەوەندەی تووانی زانیاری لەبارەی بۆتاوە کۆکردەوە. وریایانە پلانی دانا چی بلێت و بۆ چەند هەفتەیەك پراوەی لەسەر قسەکانی خۆی کرد. وەکو ئەکتەرێکی گەورە، پرۆڤەی کرد و خۆی رۆڵەکەی دیاریکرد.

وێرای خۆئامادەکردنەکەی، ماندێلا زۆر شڵەژاو بوو. ئەو هۆشداری پێدرابوو لەمەڕ ئەوەی کە بۆتا تورە و تۆسنە و ئەو خۆی بۆ شەڕێك ئامادە کردبوو. لەوەش باشتر چاوەڕێ نەدەکرا. کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقی حەوت دەیە ئەبوو دروستببوو، بەڵام ئەوە یەکەمجار بوو یەکێك لە سەرکردەکانی چاوی بە سەرۆکی ئەفریقای باشوور بکەوێت. دەکرا ئەم کۆبوونەوەیەیان زەمینە خۆش بکات بۆ رێڕەوێکی ئاشتیانە بەرەو دیموکراسی نانەژادی یان شەڕێکی ناوخۆی خوێناوی. ئەگەر ئەنجاکی باشی نەبووایە، لەوانەش بوو ببێتەهۆی ئەوەی ماندێلا لەلایەن هاوڕێ زیندانییەکانیەوە وەکو ناپاك مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

لە رۆژی کۆبوونەوەکەدا، ماندێلا زوو لە خەو هەڵسا و چەند سەعاتێك پێش ئەو کاتەی پێویست بکات بڕوات، ئامادە بوو. ئەو برایە شوێنێکی نیشتەجێبوونی سەرنجڕاکێشی سەرۆك بەناوی (توینهویس) لە کەیپ تاون و لەلایەن سەرۆکی دەزگای هەواڵگری و کۆبی کۆوێتسی وەزیری داد بەرەو ژووری نان خواردن رێنوێنی کرا. کۆوێتسی بۆینباخەکەی ماندێلای راست



Scanned with CamScanner

کرد ( ماندێلا پۆشتەییەکەی لە زینداندا لەدەستدابوو) و داهاتە سەر ئەژنۆ بۆئەوەی قەیتانی پێڵاوەکانی ماندێلا توند بکاتەوە.

ماندێلا وتی (لەکاتێکدا چوومە ژوورەوە و هەستێکی شڵەژاوم هەبوو، سەرۆك لە دەرگاکەی خۆی هاتە ناوەوە. رێك لەهەمان کاتدا دەرکەوتن، پێدەچوو کاتی بۆ گرتبێتمەوە). پاشان وتی (بۆتا لێوانلێو بوو لە بزە و دەستی هێنابووە دەرەوە). ماندێلا بە دڵنیاییەوە و بە دەست بردنە پێشەوە بەرەو پیری چوو و بە زمانی ئافریقایی سڵاوی لێکرد. بۆتاش وەڵامی دایەوە و پرسیاری لێکرد ئاخۆ چایەك دەخواتەوە و پاشان بۆی تێکرد. لەکاتێکدا پێکەوە قومیان لە چاکانیان دەدا، ماندێلا بە بۆتای وت کە بەشێوەیەکی گشتی ئاگاداری مێژووی ئافریقاییە و بەشێوەیەکی تایبەتیش لەبارەی جەنگی ئەنگلۆ-بۆر ئاگادارە. ئەو ناوەکانی جەنەراڵ بەناوبانگەکانی بۆری وتەوە. هەندێ شەڕی بەناوبانگی گێڕایەوە. دیار بوو بۆتا پێیخۆشبوو.

پاش ئەوەی بۆتای شل و خاو کردبووەوە، ماندێلا زانیارییەکەی لەمەڕ مێژووی ئافریقایی بەکارهێنا بۆئەوەی خاڵێکی جددی و کەمتر دڵگیر بخاتەڕوو. لەماوەی دووەم جەنگی جیهانیدا، ئەفریقای باشوور لەلایەن (پارتی یەکگرتوو)ی ئینگلیزی زمانەوە رێبەرایەتی دەکرا نەك حزبی نیشتمانیی ئافریقایی زمان. کاتێك وڵاتەکە شەڕی لەدژی ئەڵمانیا راگەیاند، ئافریقاییەکان بە توندی نارەزاییان دەربڕی. سەرکردە ئافریقاییەکان بە قووڵی زۆر دژە بریتانی بوون و زۆر مکوڕبوون لەسەر ئەوەی خۆیان لەگەڵ



Scanned with CamScanner

بریتانییەکاندا هاوپەیمانێتی نەکەن و بەلای ئەوەدابوون خۆیان لەگەڵ ئەڵمانیای دوژمنی بریتانیا رێك بخەن. ماندێلا بە نیگەرانییەوە بە بۆتای وت (ئەوان زۆر شارۆچکەیان لە فری ستەیت داگیر کردبوو و موڵك وماڵیان وێران کردبوو و سێ سەد کەسیان کوشت. لەگەڵ ئەوەشدا، سەرکردەی یاخیگەرییەکە ئازاد کرا پێش ئەوەی شەش مانگەکە تەواو بکات).

لێرەدا مەبەستی ماندێلا نەك تەنیا ئەوە بوو پیشانی بۆتای بدات کە ئەم هێشتا خوێندکاری مێژووی ئافریقاییە بەڵکو دەیەویست بۆشی روون بکاتەوە خاڵی هاوبەش هەن لەنێوان یاخیگەرێتی ئافریقایی لەدژی بەریتانیان و خەباتی کۆنگرەی نیشتمانی لەدژی ئاپارتاید. بەڵام بەهەمان شێوە ناڕاستەوخۆش تێبینی ئەوەی خستەڕوو کە حکومەت پاش شەش مانگ لە گرتنی یاخییەکان بەڕەڵای کردوون و ئەمەی کە ماندێلا خۆی و هاوڕێکانی زیاتر لە دوو دەیەیە لە زینداندان. کاتێك ماندێلا دواتر پرسیاری لە بۆتا کرد والتەر سیسولو بەڕەڵا بکات- شتێك کە بۆتا بە ئاشکرا رەتیکردبووەوە- سەرۆك دەستبەجێ رازیبوو.

ئافریقاییەکان قسەلەڕوون و رێز لەقسەلەڕوویی دەگرن ماندێلا هەم قسەلەڕوو و هەم بوێر بوو، تێکەڵەیەك کە بۆتا دەیتووانی لێی تێبگات، چونکە خۆی کتومت وەها بوو.

***

یاری (رەگبی) هاتەوە ناوە ژیانی ماندێلا کاتێك بووە سەرۆك. کاری رەقەم یەك بۆ ئەو، ئەوە بوو ببێتە باوکی نیشتمان، باوکێك کە سپی و

ڕەشی لە دەوری ڕوئیایەکی هاوبەش یەکخست. هەندێ لە ڕەخنەگرانی دەڵێن، جار هەبووە کە ئەو کاتی بەوە بەسەر بردووە ترسەکانی سپی پێستەکان بڕەوێنێتەوە نەك ئەوەی کە سەختی و ماندوویێتی ڕەشپێستەکان بڕەوێنێتەوە. بەڵام دەشیزانی کە بزاڤێکی دژەشۆڕشی بەهێز لەناو ئافریقاییە سپی پێستە ڕاستڕەوەکاندا هەیە و ئەو بڕوای وابوو کە لەبری ئەوەی هەڵبکوترێتە سەریان، دەتووانێ بەدەستیان بێنێت. ئەگەر نەشتووانێت ڕاستڕەوە توندەکان بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، دەتووانێ لانی کەم ئەو ئافریقاییانە بەلای خۆیدا بەکێش بکات کە لە ئاستێکی ناوەندڕەو دان و لەوانەیە ئەگەر ئەمە نەکات ببنە پشتیوانی ئەو ڕاستڕەوانە.

کاتێك لە ١٩٩٤ و ١٩٩٥دا هەڕەشەکانی سەر هەماهەنگی گەیشتنە گەورەترین ئاست، ماندێلا تاکتیکێکی سەیری بەکار هێنا: ڕوویکردە وەرزشەکان وەکو ڕێگایەکی سارێژکردنی وڵات. بۆ ماوەی ساڵانێك، کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقی هەر شتێك تووانی کردی بۆ ئەوەی (سپرینگبۆکس)ی تیمی ڕەگبی نیشتمانی لە یاریی نێودەوڵەتی قەدەغە بکات. لەمەشدا سەرکەوتوو بوون. ئێستا ماندێلا سۆراخی ئەوەی دەکرد قەدەغەکەیان لەسەر هەڵبگیردرێت و هەر ئەویش بووە ئامرازێك بۆ هێنان جامی جیهانی ڕەگبی بۆ ئەفریقای باشوور. ئەو پێی وابوو ڕەگبی دەتووانێ یەکخەرێکی مەزن بێ نەك دابەشکەرێك. ئەو هەڵمەتێکی سەرنجڕاکێشی ئەنجامدا بۆئەوەی دامەزراوەی ڕەگبی بەلای خۆیدا بەکێش



Scanned with CamScanner

بکات. ئەو بووە هاورێی (فرانسوا پینار)ی کاپتنی سپرینگبۆکس کە کەوتە ژێر سیحرەکەیەوە. چەند سەردانێکی بۆ لای تیمەکە ئەنجامدا، واتە ئەو ئافریقاییە بڕوابەخۆیانەی کە لەباشترین حاڵەتدا سیاسی بوون و متمانەیان بە سەرکردەی رەشپێست و سیاسەتی رەشپێستانە نەبوو. ساڵی ١٩٩٥، رۆژێك پێش ئەوەی سپرینگبۆکس یاری لە پاڵەوانێتی ئوسترالیا ئەنجام بدات ماندێلا بەرەو کەمپی مەشقیان کەوتەڕێ بۆئەوەی پێیان بڵێت ئێوە یاری بۆ هەموو وڵات دەکەن و هەموو گەل بە رەشپێست و سپی پێستەوە، لە پشتیانن. ماندێلا کڵاوی وەرزشیی سپرینگبۆکسی لەسەر نا. هەروەکو بەڕێوەبەری تیمەکەش دواتر بە جۆن کارلینی رۆژنامەنووسی وتبوو ( ئەو دڵی ئێمە بەدەستهێنا).

لە بەناوبانگترین ئاماژەی ئاشتەواییدا، ماندێلا ساڵی ١٩٩٥، لە یاریی فینالی سپرینگبۆکس لە ستادیۆمی (ئێلیس پارك)ی جۆهانسبێرگدا جل و کڵاوی تیمەکەی پۆشیبوو. کاتێك پێش یارییەکە بەرەو لای کاپتنی تیمەکە رۆیشتبوو، جەماوەری زۆرینە سپی پێست دەستیانکردبوو بە هوتافکێشان: (نیلێ-سۆن، نێل-سۆن!) ئەمە یەکێك بوو لە وزەبەخشترین چرکەساتەکان لە مێژووی وەرزش و سیاسەتدا. (تۆکیۆ سێکسوەیلێ) کە لە دوورگەی رۆبێن لەگەڵێ ماندێلادا زیندانی بوو، بە کارلینی وت (ئەمە ئەو ساتە بوو کە روونتر لە هەموو کاتێکی تر تێگەیشتم کە خەباتی رزگاری ئەوەندە پەیوەندی بە ئازادکردنی رەشپێستەکان نییە لە کۆتوبەند، بەڵکو پەیوەندی هەیە بە ئازادکردنی خەڵکی سپیێ پێست لە ترس).



Scanned with CamScanner

سەرەنجام، بۆ ماندێلا، ناسینی دوژمن تەنیا کردارێکی تاکتیکی نەبوو، بەڵکو کرداری هاوخەمی بوو. ماندێلا قەت ئەو قسەیە بەناوبانگەی (پۆگۆ)ی کۆمیدی نەدەگوتەوە کە وتی (ئێمە دوژمنمان ناسیووە، خۆمانین). بەڵکو ئەو سوور بوو لەسەر بەدەستهێنانیان کە ئەمەش بۆ خۆی جۆرێك وەفاداری بۆ ئەو دەهێنایەکایەوە. ئافریقاییەکان تێبینی ئەو تەقەلایەیان کرد کە ماندێلا خستیە گەڕ، ئەو لە نیوەی رێگاکە زۆرتر هاتبوو بۆئەوەی بچێتە دیدەنییان لەکاتێکدا کە هیچ پێویستی بەوە نەبوو هەر لە شوێنی خۆشی بجولێت. لە کۆتاییدا، ئافریقاییەکان لەوە تێگەیشتن و ئیتر متمانەیان پێکرد. دڵی ئەوانی بەدەستهێنا.

ماندێلا دەڵێت، کاتێکیش تۆ دڵی دوژمنت بەدەستهێنا خۆتت لێ نەگۆڕێت. کاتی گەورەترین سەرکەوتنت ئەو کاتەیە کە دەبێ لەهەموو کاتێکی تر بەبەزەییتر بیت. لە هیچ بارودۆخێکدا ریسوایان مەکە. لە راستیدا، لێگەڕێ با رووسپی بن. ئەو کاتەش تۆ دوژمنی خۆتت کردووە بە دۆستی خۆت.



Scanned with CamScanner

٩

# با ڕکابەرەکانت لێتەوە نزیک بن

لەکاتێکدا کە ماندێلا زۆرجار ئاگای لە هاوڕێکانی نەماوە، لەگەڵ ڕکابەرەکانیدا قەت وا نەبووە. لەکاتێکدا کە زۆرجار چاوی لەسەر هاوڕێکانی نەماوە، قەت لە سۆراخکردنی نەیارەکانی نەوەستاوە. تۆ دەتووانیت متمانە بە هاوڕێکانت بکەیت بەو مانایەی کە تۆ بە تەواوەتی دەزانیت ئەوان پشتیوانیت دەکەن و تۆ دەتووانیت متمانە بە دوژمنەکانت بکەیت بەو مانایەی کە ئەوان هەمیشە لەدژتن. بەڵام ڕکابەرە دۆستەکانت- ئەو کەسانەن کە پێویستە چاودێرییان بکەیت. ماندێلا هەمیشە ئەمەی کردووە.

ئەو بە وریاییەوە ئەمەی کردووە. قەت بیری لەوە نەکردووەتەوە دەزگای هەواڵگری یان سیخوڕ لەسەر ڕکابەرەکانی بخاتە گەڕ. ئەو دەیزانی باشترین ڕێگا بۆ کردنی ئەمە، لە دوورەوە نییە بەڵکو لە نزیکەوەیە. لە ڕاستیدا، کاتێك لە ژووردا پێکەوە بوون، زۆرجار ئاماژەی بۆ ڕکابەرەکەی دەکرد کە بێتەلای و لە تەنیشتییەوە دانیشێت، ئاوا باشترە چاودێری بکەیت.



Scanned with CamScanner

وردبوونەوە لە جوڵەکانی ڕکابەرەکەی، نموونەیەکە لەوەی کە ماندێلا چۆن خۆی ئامادە دەکات. ئێمە هەندێ جار وامان لێدەکرێت کە پێشبینی پێشبینینەکراو بکەین، کە خۆمان بۆ ئەو شتە ئامادە بکەین کە لە هەر بارودۆخێکدا بێت کەمترین ئەگەری هەیە. ماندێلا دەڵێت پێویستە ئێمە کارێکی باشتری پێشبینیکردنی پێشبینیکراو بکەین، ئەمەی کە ئێمە زۆرجار خۆمان ئامادە ناکەین بۆ ئەو شتانەی کە دەزانین لەوانەیە بێن. بەلای ئەوەوە، یەکێك لەو شتانە ئەو ڕکابەرەیە کە تەحەدات دەکات.

ماندێلا لە هەر ژوورێك بووایە تەقریبەن هەمیشە چەقی سەرنج بوو و کەیفیشی بەمە دەهات. ڕواڵەتی هی پیاوێك بوو کە وێنەکەی لەسەر دراوەکانە– سەربەرز، دڵنیا و چاونەترس. کاتێکیش کە ئەدوا لە چاوێکەوە ئەیڕوانییە چاوێکی تر و هەوڵی ئەدا دڵت بەدەست بێنێت. بەڵام لەو ساتانەدا کاتێك کە ڕۆشناییەکە لەسەر ئەو نەبوو، ئەتتووانی هەست بکەیت کە چاودێری ئەوانیتر دەکات و هەڵیاندەسەنگێنێت. چاوی لەسەر هاوڕێکانی نەبوو، بەڵکو لەسەر ئەوانە بوو کە بە ڕکابەر یان ڕکابەری ئیحتیمالی لەقەڵەمی ئەدان. چاودێری ستایلیان، شێوازی قسەکردنیان و تەنانەت شێوازی تەوقەکردنیشیانی ئەکرد. جارێکیان پێی وتم یەکێك لە ئەندامانی کابینەکەی چاو لە چاوی ناکات کاتێك تەوقەی لەگەڵدا دەکات و ئەمەش نیشانەیەکی باش نییە.

ماندێلا، بە پێچەوانەی زۆرێك لە سیاسی و سەرکردەکان، قەت خودایەکی لە وەفاداری دروست نەکردووە. ئەو چاوەڕوانی وەفاداری کردووە و کاتێك



Scanned with CamScanner

دەرنەبڕدراوە نائومێد بووە، بەڵام زانیوویەتی کە وەفاداری لە سیاسەت و لە ژیاندا زۆرجار بەرێکەوتە. شتێك نییە بەناوی وەفادارێتی رەها. وەفاداری بەشی هەرە زۆری بەرژەوەندیی خۆییە و دەیویست وا لە رکابەرەکانی بکات پێیان وابێت لە بەرژەوەندی خۆیانە وەفادار بن-یان لانی کەم کەمترین بواریان پێبدات کە لاسار بن.

وێڕای چاودێرییەکەی، ماندێلا هەمیشە سەرکەوتوو نەبوو لە حوکمدان لەبارەی کەسایەتییەوە. پابەندبوونی بە بینینی چاکی لەوانیتردا بەو مانایە بوو کە ئەو هەندێ جار نەیدەتووانی دیوە تاریکەکە ببینێت. ئەو هەمیشە کارتێکراو بوو بە گفت و لفت خۆشی و سیحر و سامان. بەڵام ئەو ئاگاداری نەگبەتی مرۆڤ بوو و هەمیشە وریا بوو لەوانەی کە بڕیاری هەڵچوانە و هەستیانەیان دەدا نەك لۆژیکیانە، لەوانەشە لەبەرئەوە بووبێت کە خۆی بە گەنجی وەها بووبێت. نیلسۆن ماندێلای گەنج هەڕەشەیەك بووە بۆ سەرکردایەتی بەساڵاچووی کۆنگرەی نیشتمانی. بۆیە ئەو چاودێر بوو بەسەر ئەو کەسانەوە لەکاتێکدا کە دەیزانی ئەوان توانای ئەوەیان هەیە لاوازی بکەن و پلانەکانی تێك بدەن.

لە راستیدا، هەر کە ماندێلا لە زیندان ئازاد بوو، تەنگژەکانی نێوان پارێزگاری کۆن و نوێی کۆنگرەی نیشتمانی روون بوون. ئەو دوو کەمپی بەدی کرد: توندڕەوەکان و میانڕەوەکان. دابەشبوونەکە لەسەر بنەمای نەوەکان بوو، سەرکردە گەنجەکان توندتر و هەڵچووتر بوون لەوانەی سەردەمی ماندێلا. یەکێك لەو سەرکردە گەنجانە (بانتو هۆلۆمیسا) بوو، ئەو



Scanned with CamScanner

جەنەراڵەی کە لە ١٩٨٧دا کودەتایەکی سەربازی ئەنجامدابوو و سەرکردایەتی (ترانسکی) گرتبوو. هۆلۆمیسا لە دوادواکانی سیەکانی تەمەنیدا بوو، بەڵام گەنجتر دیار بوو و پیاوێکی ئاگراوی بە بزەیەکی سەرکەوتووانە و پێکەنینێکی تیژ بوو. بەبۆچوونی من، ئەو تێکەڵەیەك بوو لە سەرکردەیەکی تەقلیدی و شۆڕشگێڕ– پڕ تموح و کەللەڕەق، هەستیار بوو بەرانبەر مشتومڕەکانی ئەوانەی چەپ کە پێیان وابوو ماندێلا زۆر ملك-ەچە و متمانەی زۆر بە حکومەت هەیە. ماندێلا پێی وابوو هۆلۆمیسا لاوازە بەرانبەر کاریگەرییە زیانبەخشەکان.

کاتێك ئێمە لە ترانکسی بووین، ماندێلا هەمیشە دەیویست هۆلۆمیسای لێوە نزیك بێت. دەیگوت (بانتو لە کوێیە؟ جەنەراڵ لە کوێیە؟) کاتێك هۆلۆمیسا هاتە ژووری دانیشتنی ماندێلا، ماندێلا دەستی دەخستە سەر کورسییەکەی تەنیشت خۆی و دەیگوت (ئاه، جەنەراڵ وەرە لام دانیشە). دەستی هۆلۆمیسای دەگرت، نەریتێك بوو لەناو پیاوانی ئەفریقادا، بەڵام نەریتێك نا کە ماندێلا زۆر پیادەی بکات. ئەو بە ئاشکرا وەکو کوڕی خۆی مامەڵەی لەگەڵ هۆلۆمیسادا دەکر– و زۆر باشتریش لە کوڕەکانی خۆی، کە ئەویش زۆر بەڕێز بوو لەگەڵیدا.

ماندێلا بە جیا بە منی دەگوت کە هۆلۆمیسا تۆپێکی ئامادەیە بۆ تەقین کە دەبێ چاودێری بکرێت. ئەمەش کتومت ئەو شتە بوو ماندێلا کردی. ئەو لە ترانسکی تاکە جوڵەیەکی نەدەکرد بەبێ بانگکردنی هۆلۆمیسا. هۆلۆمیسا کەیفی بەمە دەهات. بیرۆکەکە ئەوە بوو بیهێنێتە ناوەوە لەڕێگەی ئەوەی



Scanned with CamScanner

کە هەست بە گرنگی و پێویستی خۆی بکات و لە راستیدا پێدەچوو هۆلۆمیسا لە خۆشی و شانازیدا باڵ بگرێت کاتێك ماندێلا دەستی دەگرت یان دەستی ئەخستە ملی. ئەو زۆرجار لێمی دەپرسی (ئایا پیرەپیاو دڵخۆش دیارە؟) و دەگەشایەوە کاتێك دەمگوت ئا. وەکو چۆن هەوڵی ئەوەمان دەدا خەڵك رازی بکەین بەوەی خۆیان چاکەیەك بکەن نەك پێیان بکەین، ماندێلاش هۆلۆمیسای رازی دەکرد بەوەی کە وادیار بێ کە ئەم پشتی بەو ئەستوورە. سەرەنجام هۆلۆمیساش هەستی بە دڵسۆزییەکی زیاتر دەکرد لە بەرانبەر پیرەپیاوەکەدا.

ماندێلا تەقریبەن هەر بە هەمان شێوە و لەبەر هەمان ئەو هۆکارانە مامەڵەی لەگەڵ (کریس هانی)دا دەکرد. پێش ئەوەی تیرۆر بکرێت، هانی یەکێك بو لە ناسراوترین سەرکردە گەنجەکانی ئەفریقای باشوور تەنیا لەبەرئەوەی زۆر توند و سەرەڕۆ بوو. ملیۆنان رەشپێستی خراپ لە ئەفریقای باشوور هەبوون کە تۆڵە بەلایانەوە زۆر خۆشتر بوو لە ئاشتەوایی و نەیاندەتووانی و نەیاندەویست رابردوو لەبیر بکەن بەو شێوەیەی کە ماندێلا داوای لێدەکردن. ماندێلا داوای لێدەکردن روو بکەنە دیوەکەی تر، لەسەر خۆ و لێبووردە بن. ئەمە بۆ کەس ئاسان نییە، چ جای بۆ ئەو خەڵکە بێبەریکراوانەی کە بۆ سەردەمانی چەند نەوەیەك تەوقیان لەملدا بوو.

ماندێلا هەمان ئەو توڕەیی و نائارامییەی لە هانی-دا دەبینی کە خۆی هەستی پێکردبوو کاتێك سەرکردەیەکی گەنج بوو و نیگەران بوو. لەبری ئەوەی هانی بەلاوە نێت، لە خۆی نزیك دەکردەوە. کاتێك ئێمە لە



Scanned with CamScanner

جۆهانسبێرگ بووین، ماندێلا هەمیشە داوای لە یاریدەدەرانی دەکرد هانی بهێننە ناو کۆبوونەوە و گەشتەکان، بەتایبەت بۆنە مەراسیمییەکان. ئەو هانی لەلای خۆیەوە دادەنا و دەستی دەگرت، لەگەڵ هۆلۆمیساش هەر وابوو. تا رادەیەك ئەمە بۆ چاودێریکردنی بوو، بەڵام تا رادەیەکیش بۆ لێهاتووییەکی سیاسی بوو، تەقریبەن وەکو ئەو دۆخەی کە تیایدا پیاوێکی بەساڵاچووی سەرەکی هۆلیوود ئەکتەرێکی گەنج لای خۆی دائەنێت بۆئەوەی گونجاو و هاوچەرخ دەرکەوێت.

بیرمە جارێك لەگەڵ هانی دانیشتبوو لەکاتێکدا کە ماندێلا لە دەرەوەی جۆهانسبێرگ وتارێکی پێشکەش کرد. ماندێلا بەسەرهاتێکی گێڕایەوە لەبارەی ئەوەی کە چۆن چووبووە لای هەندێ خاوەن پیشەسازییە گەورەکان– سەربەرز دیار بوو بەوەی کە توانیبووی دەستی پێیان بگات– و داوای پارەی لێکردبوون بۆ حزب. بە گوێگرەکانی وت (دەمگوت نامەوێ ئەم ئۆفیسە جێ بهێڵم بەبێ چەکەی بانك) و پاشان وتی (نائومێد نەدەکرام). ئەمە بەسەرهاتێك بوو کاتی خۆی زووزوو دەیگێڕایەوە و لەکاتێکدا کە پێی وابوو ئەمە دەریدەخات چۆن بزنسمانە سپی پێستەکان هەوڵیان اوە یارمەتی خەباتەکە بدەن، کاردانەوەی ئامادەبووان ئەوە بوو کە ماندێلا زۆری بۆ بزنسمانەکان هێناوە بەشێوازێك کە نزیك بووە لە گەف لێکردنی سیاسی.

سەرم بردە بن گوێی هانی و وتم پێم وانییە ئەم چیرۆکە پەندئامێزە باش شوێنی خۆی بگرێت. ئەو هاوڕا بوو، دیار بوو کە هەمان بیرۆکەی هەبوو. وتم



Scanned with CamScanner

(لەوانەیە پێویست بکات پێی بڵێیت). بزەیەکی کرد، ڕاستەوخۆ لە منی ڕوانی و وتی (ئەی تۆ بۆ نا؟) هانی نابەدڵ بوو لەوەی هیچ شتێکی شاردکەرەوە بە ماندێلا بڵێت، ئەو وەکو کوڕێکی دەستەمۆ وابوو کە نەدەیویست ڕووبەڕووی باوکی بوەستێتەوە. بەڵام لە کۆتاییدا، ئەمە مایەی نیگەرانی ماندێلا بوو، ئەو زیاتر لەگەڵ ئەوانەدا ئاسودە بوو کە ڕووبەڕووی دەبوونەوە نەك ئەوانەی هەستەکانیان دەشاردەوە.

ئەو خاڵەی کە هانی و هۆلۆمیسا تیایدا هاوبەش بوون ئەوە نەبوو کە لاساری چالاك بوون، بەڵکو ئەوە بوو کە هەردووکیان (هەرزە) بوون، لەسەر بنەمای (خوێن) بڕیاریان دەدا نەك ئەقڵ. ماندێلا ئەم هەرزەییەی بە نیشانەیەکی هەست بە لاوازی کردن دەبینی. بە بیرکردنەوەی ماندێلا، ئەم پیاوانە بڕوایان بە خۆیان نەبوو. ئەم پیاوانە چاوەڕواننەکراو، مەترسیدار بوون قابیلی پشت پێ بەستن نەبوون. بەلای ماندێلاوە، لاسارییەکی چالاك لەئارادا بوو و پاشان شتی چاوەڕواننەکراو هەبوو. ئەم دووانە وەکو یەك نەبوون، بەڵکو هەندێ شتیان وەکو یەك بوو، چونکە پیاوی سۆزی ئەگەری هەیە ببێتە پیاوێکی لاسار، لە حوکمداندا هەڵە بکات. چاککردنی ئەم هەستکردن بە لاوازییە ئەستەم بوو، تەنیا دەبووایە ئاگادار بێت.

***

تەنیا دوو کەس کە گوێم لە ماندێلا بووە بە سوك ناوی هێناون بەجۆرێك کە توڕەیی قینی بەرانبەریان هەڵڕشتووە، (ئێف.دەبلیو.دی کلێك) و (مانگۆسوزو بوزێلێزی) ڕێبەری زولو بوون. لەکاتێکدا کە دی کلێك دەچووە

خانەی دوژمنێکەوە کە دەیتووانی ببێتە هاوپەیمانێك، بوزێلیزی هاوپەیمانێکی ئامراز بوو کە ئەگەری هەبوو ببێتە دوژمن. ئەو رکابەرێکی روونی ماندێلا بوو بۆ سەرکردایەتی ئەفریقای باشوور- رکابەرێك کە ماندێلا هەستیکرد ئامادەیی ئەوەی تیایە ولات بەرەو شەڕی ناوخۆ ئاراستە بکات بۆئەوەی ئامانجەکانی خۆی بەدەست بێنێت.

سووربوونی ماندێلا لەسەر بینینی باشە لەوانیتردا بوزێلیزی نەگرتەوەز من قەت گوێم لێ نەبووە ستایشی سەرکردەکەی زولو بکات. پێی وابوو ئەو دەمدەمییە و جێ متمانە نییە. سکالای ئەوەی دەکرد کە بوزێلیزی لەسەر بنەمای تێگەیشتنی پیاوانە دانوستانی لەگەڵ کردووە، تەوقەی لەگەڵ کردووە و پاشان پشتی لە بەڵێنەکانی کردووە.

جارێکیان، لەماوەی کۆنفرانسێکی فرەلایەندا لە ١٩٩١، ماندێلا چاوی کەوتووەتە سەر بوزێلیزی کە لەلایەکەی تری ژوورەکە لەگەڵ پاشای گەنجی (زولو) دانیشتووە. ماندێلا بەناو ژوورەکەدا هەنگاوی ناوە تا تەوقە لەگەڵ پاشادا بکات و پاشاش- وەکو ماندێلا دەڵێت بەهۆی سووربوونی بوزێلیزی- تەوقەی لەگەڵ ئەم نەکردووە. ماندێلا بە بزەیەکەوە پێی وتم (دەبێ هەستی بە پەشیمانی کردبێت، چونکە دواتر کەسێکی نارد بۆئەوەی پێم بڵێت پاشا تەوقە لەگەڵ خەڵکی رەشۆکیدا ناکات. کەچی دوایی بینیم پاشا تەوقە لەگەڵ دی کلێکدا دەکات. پێم وایە تەنیا تەوقە لەگەڵ رەشپێستی رەشۆکیدا ناکات).



Scanned with CamScanner

بەلەبەرچاوگرتنی کەیفنەهاتنەکەی بە بوزێلیزی، بەلای هەندێك کەسەوە مایەی سەرسوڕمان بوو کاتێك ماندێلا وەکو وەزیری کاروباری ناوخۆی یەکەم کابینەی بانگهێشتنی کرد. بەڵام وەکو بۆی ڕوون کردمەوە، تەنیا لەبەرئەوە ئەمەی کردبوو کە سەرکردەکەی زولوی ئەوەندە بە مەترسیدار دەبینی کە پێویست بوو (چاوی لەسەر بێت). لە کوێش ئەوەندەی ناو کابینەکەی لێیەوە نزیك دەبێت؟ هەرچەندە ماندێلا هەمیشە ئەکتەرێکی لێهاتوو نەبوو، لە ڕۆژی کۆنگرەی ڕۆژنامەوانییەکەدا کە دانانی بوزێلیزی بە وەزیر بە ڕەسمی ڕاگەیاند، وەها ڕەفتاری کرد وەك بڵێی سەرکردەکەی زولو دەوڵەتمەدارێکی ڕاستەقینەیە.

ماندێلا دەیزانی کە شێوازێکی گرەنتی نییە بۆ پوچکردنەوەی هێرشی ڕکابەرەکان. بەڵام بڕوای وابوو بەوەی کە ڕکابەرێکی بباتە ژێر باڵی خۆیەوە، لانی کەم وایلێدەکات کە دوو جار بیر لە هێرشەکەی بکاتەوە. ئەو کاتەش، لانی کەم، ئەوەندە لێی نزیك دەبێت، جوڵەی هێرشەکەی بەدی بکات



Scanned with CamScanner

## ١٠

## بزانە کەی دەڵێیت نا

نیلسۆن ماندێلا پیاوی لەوانە و ڕەنگە نییە. لەوانەیە بێدەنگ بێت. هەندێ جار دوادەخات و هەوڵ دەدات خۆی لێت لابدات. بەڵام لە کۆتاییدا، پێت ناڵێت دەتەوێ گوێت لە چی بێت تەنیا لەبەرئەوەی تۆ دەتەوێ گوێت لێ بێت.

ئەگەرچی غەریزەیەکی سەرووئاسایی هەیە بۆ قایلکردن، ئەگەرچی ڕقی لە نائومێدکردنی خەڵکە، نێلسۆن ماندێلا زۆر ئامادەیی تیایە بۆ وتنی نەخێر. هەندێ جاریش دەڵێت (با بیری لێ بکەمەوە) بەڵام کاتێک دەزانێت وەڵامەکە نەخێرە، وا دەڵێت. ئەمە بەو شێوەیەش ئاسان نییە. ئێمە بیرمان دەچێت کە نەخێر ڕستەیەکی تەواوە.

حەز ناکات بیڵێت، دەتوانیت ئەوە بەدی بکەیت لە هەوڵدایە بۆ دەربڕینی بەشێوەیەکی بەڕێزانە. بەڵام دەزانێت باجی نەوتنی نەخێر لە ئێستادا، بۆ دوایی قورستر دەبێت. وا باشترە کەسەکە زوو نائومێد بکەیت. هەروەها ترش و خوێشی پێوەرناکات و ناشیخاتە ڕووی کەسێکی تر. کاتێک



Scanned with CamScanner

دەڵێت نەخێر، دەیەوێ روون و راشکاو بێت. ئەو هیوای درۆ پێشکەش ناکات نە دەرگای کراوەش تەنیا بە کەلێنێك جێ دەهێڵێت.

وێنەیەکی بەناوبانگی ماندێلا هەیە کە لەگەڵ والتەر سیسولو گرتوویەتی لەسەر دوورگەی رۆبێن کە تیایدا ماندێلا بەدوور لە والتەر سەری شۆڕ کردووە، بەڵام بە پەنجە ئاماژە ئەدات. بەو شێوەیەیە کە دەڵێت نا- ئەو تەنیا بۆ چرکەساتێك رووی وەردەگێڕێت بۆ روونکردنەوە و ئینجا چاو دەبڕێتە چاوت و دەڵێت (ببوور، بەڵام وەڵامەکە نەخێرە).

ئەو لە ژیانی سیاسی خۆیدا زۆر نەخێری یەکلایەنە و گەورەی وتووە. کاتێك گەنج بوو، لەبەرانبەر گرتنەخۆی کۆمەنیستەکان لە حزبی کۆنگرەی نیشتمانیدا وتی نەخێر. لەمەڕ شاردنەوەی کردارە شۆڕشگێڕییەکانی لە دادگایی (ریڤۆنیا)دا وتی نەخێر. نەخێرێکی گەورەی لەبەرانبەر سەرۆك دی کلێك وت کاتێك پێی وابوو دی کلێك هەوڵ دەدات پارێزگاری بکات لە باڵادەستی سپی پێست لە حکومەتدا. لە هەموو ئەم حاڵەتانەدا، وشەی نەخێر نیشانەی پرەنسیپێکی پایەدار بوو، بەدەر لەمە، تەقریبەن لەوانە بوو هەر شتێك بەڵێیەك بێت یان بۆ دانوستان بشێت. دەشیزانی هەموو کاتێك ئەگەری پاشگەزبوونەوەی هەیە.

من زۆرجار لەو نەخێرانەی ماندێلام بەرکەوتووە. زۆر جار هەبووە کە پرسیارم لێی کردووە ئاخۆ دەتووانم لەگەڵیدا بچمە کۆبوونەوەیەك یان لە گەشتێکیدا بەشدار بم یان لەگەڵیدا بم بۆ ئێوارەخوانێك. راستەوخۆ پرسیارەکەم لێدەکرد. جار هەبوو راستەوخۆ دەیگوت بەڵێ، تۆش وەرە.



Scanned with CamScanner

ئەگەر وەڵامەکە نەخێر بووایە، قەت لە وەڵامەکەیدا تەمومژاوی نەدەبوو. قەت نەیدەگوت (پێت دەڵێمەوە) یان (دەبێ لە فلان و فیسار بپرسم). بەخێرایی و بە روونی دەیگوت (ریچارد ئەمە بیرۆکەیەکی باش نییە) یان (بمبوورە، بەڵام ئەمە ئەستەمە). نەخێرەکانیشی بە پۆزش یان هاوخەمییەکی ساختە بۆیاخ نەدەکرد. ئەو قەت نەیدەگوت (ئەگەر لەبەر.....نەبووایە ئەموت بەڵێ) یان (من زۆربەی کات بەلامەوە ئاسایی، بەڵام....) پاساو هێنانەوە تەنیا زەمینەی مشتومڕ بۆ کەسەکە خۆش دەکات و ئەو لە ئەزموونی درێژییەوە دەیزانی کە خەڵکی لەگەڵ نەخێری بێ چەندوچوندا باشتر خۆیان دەگونجێنن نەك لەگەڵ نەخێرێکی تەمومژاویدا.

لەهەمان کاتدا، کاتێك پێویستی نەکردایە، نەیدەگوت نەخێر. ئەو لەبارەی نەخێرەکانییەوە ستراتیژی بوو. بۆچی نەخێرێك بەفیڕۆ بدات کاتێك پێویست ناکات بیڵێیت؟ بۆچی قسەلەڕوو بیت لەکاتێکدا کە پێویست نییە؟ جارێکیان کە تازە لە شاخی (مۆنترۆ) گەڕابووەوە پێی وتم گەشتەکەی بەبەرهەم بووە. لێم پرسی ئاخۆ کەیفی بە شاخەکە هاتووە. بۆ ساتێك وەستا.

وتی (رقم لێی نییە).

وەڵامەکە زۆر ماندێلایانە بوو. هیچ شتێك لەوە بەدەست نایەت بڵێت کەیفی بە شاخەکە نایەت، کەواتە بۆچی بیڵێت، هەندێ لە دەنگدەران کەیفیان بە شاخەکە دێت، ئەی بۆچی بەشێوەیەکی ناپێویست پەراوێزیان بخەیت؟ بۆیە قەت تیمێکی دیاریکراو بۆ پشتیوانی لێکردن هەڵنابژێرێت. تۆ



Scanned with CamScanner

هەواداران تەنیا بۆ ئەوە پەراوێز دەخەیت کە پشتیوانی لایەکەی تر بکەیت. ئەگەر شتێك پرسیارێکی راستەوخۆ نەبووایە، پێویستی بەوە نەبوو وەڵامی بداتەوە، ئەو زۆرجار وەڵامی نەدەدایەوە.

بە شێوەیەکی گشتی، ئارامی دەگرت ئەگەر پێویستی نەکردایە بڵێت نەخێر. لەکاتێکدا کە لە کۆتایی پرۆسەی چاوپێکەوتنەکەی بۆ یادداشتەکانی نزیك دەکەوتینەوە، لەژێر فشارێکی زۆردا بوو لەلایەن هاوکارەکانی و سەرکردایەتی کۆنگرەی نیشتمانییەوە بۆ هەڵمەت و دانوستانی فول-تایم ئەنجام بدات، بەبێ سەرقاڵبوونی لاوەکی. پێی دەوتم دەبێ پەلە بکەین و تاوەکو کۆتایی رۆژی دوو دانیشتنمان ئەنجام دەدا، یەکێکیان لە بەرەبەیاندا و ئەویتریان لە پاش نیوەڕۆدا.

رۆژێکیان، پێم وت پێویستم بەوەیە بە جدی قسەی لەگەڵدا بکەم. دەمتووانی هەست بکەم بەوەی ئەمە وریای کردەوە و کپی کرد. لە ژوورێکی هەتاویدا لە خانووەکەی لە هۆگتۆن لەسەر کورسی لە بەرانبەر یەکتریدا دانیشتین. کاتێك دەستم کرد بە قسە، روخساری دانوستانی نوواند: بێلایەن، کپ، تەقریبەن تەمومژاوی. پێم وت ئێمە وەکو دوو شاخەوانین کە لە لوتکەیەکی ترۆپکێکی گەورە نزیك دەبینەوە. لەوانەیە هێشتا دوورەدەست دیار بێت، بەڵام ئەگەر روو وەرگێڕین و ئاوڕ بدەینەوە، دوورایییەکی گەورە بەدی دەکەین کە بڕیومانە و چۆنێتی نزیکبوونەوەشمان لە ئامانجەکە ئەبینین. بەبێ هیچ دەربڕینێك سەری لەقاند. ئینجا وتم (ئەمە پێشنیاری منە. دە سەعاتی تری چاوپێکەوتن ئەنجام دەدەین، پێنج ساڵی



Scanned with CamScanner

کۆتایی لەبارەی ژیانتەوەیە لە سەروەختی ئازادبوونەوە). ئەو ساتەی کە تەواو بووم هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، بۆ ساتێك بیری کردەوە و ئینجا وتی (بەڵێ، زۆر باشە). پێدەچوو ئارام بگرێت. من خۆم ئارام بوومەوە.

هەفتەیەك دواتر، کاتێك هەوڵمدا دوو سەعاتی تری لێ هەڵکرێنم، پەنجەی لێ راوەشاندم و وتی نەخێر.

بەدرێژایی ژیانی، دەبووایە ماندێلا بڕیارگەلێك لەبارەی ئەوە بدات چ کاتێك هەنگاو بنێت و چ کاتێك نا، کەی بەرەو بڕوات و کەی دەستبەرداری هەڵوەستێك ببێت. بەهۆی بەسەربردنی ساڵانێکی زۆر لە زینداندا، کە تیایدا توانایەکی سنووورداری هەبوو لە کاریگەری خستنە سەر شتەکان، دەیزانی کە زۆرێك لە بارودۆخەکان خۆیان یەکلا دەبنەوە. هەندێ بڕیار هەن کە لەوانەیە دواخستنیان بەکەڵك بێت- ئەگەر تۆ بڕیار بدەیت ئەمە حاڵەتەکەیە، کەواتە باشە، لەبارەیەوە نیگەران مەبە. بەڵام ئەگەر تۆ دوابخەیت یان خۆت لە وتنی نەخێر لابدەیت لەبەرئەوەی ناخۆشە، وا باشترە راستەوخۆ و بە ڕوونی بیڵێیت. ئاوا لە دوورمەودا دا خۆت لە گرفتێکی گەورە لاداوە.



Scanned with CamScanner

١١

# ئەمە گەمەیەکی درێژخایەنە

بیست و حەوت ساڵ لە زینداندا زۆر شتت فێر دەکات، بەڵام یەکێك لەم شتانە کردنی یارییەکی درێژە. وەکو گەنجێك، ماندێلا بێ ئۆقرە بوو: دوێنێ گۆڕانی دەویست. زیندان فێری کرد خاو بێتەوە و ئەو مانایەی گەیاند کە پەلەپەل زۆرجار هەڵە و خراپ حوکمدانی بەدواوەیە. لەسەرروو هەموو ئەمانەشەوە، فێری ئەوە بوو چۆن دڵخۆشبوون دوا بخات- تەواوی ژیانی ئەمە بەرجەستە دەکات.

زۆرێك لە ئێمە بە پێچەوانەکەی ڕاهاتووین. لەبەرئەوەی کەلتوورەکەمان هانی خێرایی دەدات، پێمان وایە بێ ئۆقرەیی فەزیلەتێکە. ئێمە پێمان وایە دڵخۆشبوونی خێرا بریتییە لە خۆ سەلماندن. هەوڵ دەدەین ئەو ساتەکەی کە دەرفەتەکە دەردەکەوێ، بیقۆزینەوە، هەر کۆمێنیت و مێسجێك کە پێمان دەگات وەڵام بدەینەوە بەبێ ئەوەی لە بیرکردنەوە بوەستین. بەڵام ئەو دەڵێت نابێ ئێمە ڕێگە بدەین وەهمی پەلەپەل زۆرمان بۆ بێنێت بڕیار بدەین پێش ئەوەی ئامادە بین. ڕاستە دەشێ کات هەبن کە تیایاندا دەرفەت لەدەست بدەین، ئەگەر ئاراستەمان نەگۆڕین. بەڵام زۆر جاریش هەن کە دەشێ وا باشتر بێت پەلە نەکەین و یاری درێژخایەن بکەین. باشترە



Scanned with CamScanner

لەسەرخۆ و ورد بیت نەك خێرا بۆئەوەی وا دەرکەویت کە جدی و یەکلاییکەرەوەیت.

لە حاڵەتی ماندێلادا، ئەو دەیزانی کە مێژوو لە شەووڕۆژێکدا چیٚ مابێت و کەس ناتووانێت بە دەستەکانی خۆی بیهێنێتەوە یەك. نەژادپەرستی و سەرکوتگەری بەدرێژایی هەزارەیەك بەرهەمهاتوون، کۆلۆنیالیزم بەدرێژایی چەند سەدەیەك هەڵتۆقیووە و هیچیان بە چەند مانگێك یان تەنانەت چەند ساڵێك ریشەکێش ناکرێن. ئەو پیاوەی کە چووە زیندانەوە وچانی نەبوو بۆ ئایندەیەکی وێنا کراو. بەلای ئەوەوە، پێنەدەچوو پیرەپیاوانی ڕێبەری کۆنگرەی نیشتمانی بە خێراییەکی پێویست یان وزەیەکی پێویست شتێك ئەنجام بدەن. ئەوان زۆریان هەبوو کە پارێزگاری لیٚ بکەن- زۆریان لە وەزعی راهین (دۆخی هەنوکەیی)دا وەبەرهێنابوو. لە زینداندا، ئەو بووە یەکێك لەو پیرەپیاوانە، بەڵام ئەو بۆی دەرکەوت کە وریابوون بەو مانایە نییە تۆ نەتووانیت رادیکالٚ یان ئازا بیت. ئەمە پەیوەندیی بە خێرایی بڕیارەوە نییە بەڵکو پەیوەندی بە ئاراستەکەیەوە هەیە. خێرایی ئەوە نییە کەسێك ئازا بکات. لە راستیدا، دوورمەودا ڕووانین زۆرجار پێویستی بە ئارەزوومەندبوون هەیە بۆ گۆڕینی ئەو ئایدیایانەی کە لەمێژە دەپەرسترێن یان پارێزگاریان لێدەکرێت.

کاتێك لە دوورگەی رۆبێن بوو، زیندانییە گەنجەکان زۆرجار پێیان وابوو ئەو بایی پێویست خێرا یان بە هەڵپە نییە لەدژی دەسەڵات. کاتێك پێیانی



Scanned with CamScanner

دەوت پرسێك نەسەپێنن، کاتێك لەسەر سیاسەتێك کە دوورمەودا بوو مشتومڕی لەگەڵدا دەکردن، ئەوان دەیانپرسی (ئەی بۆ ئێستا نەبێت؟)

ئەو دەیگوت (سەیرکە، لەوانەیە تۆ بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك، چەند مانگێك و چەند ساڵێك لەسەر حەق بیت، بەڵام ئەگەر دووربین بین، لە دوورمەودا دا شتێکی زۆر بەهادارتر دەچنیتەوە).

(لە دوورمەودا دا) ئەمە ڕستەیەکە کە زۆرجار بەکاری دەهێنێت. ئەمە شێوازی بیرکردنەوەیەتی، لەم دوورایییەدا ئەقڵی بە باشترین شێوە کار دەکات. ئەو خێرا یان سادەخواز نییە، دەیەوێ ئایدیاکان بهاڕێت. ئەگەر هەموو کەسێك دوورایییەکی سروشتی هەبێت- دوورایی نزیك، دوورایی مام ناوەند، دوورایی درێژ- ماندێلا ڕاکەرێکی دوورایی درێژە، بیرکەرەوەیەکی دوورمەوداشە. زیندان ماراسۆن بوو بۆی.

کاتێك ئێمە لەبارەی پرسێك یان کێشەیەکەوە دەدواین، هەندێ جار دەیگوت (لە دوورمەودا دا باشتر دەبێت). بەڵێ، ئەو گەشبینێکە، بەڵام لەرادەبەدەر واقیعبین و بەئاگایە. ئەو سۆزی نییە و لەدژی هیوا، هیوا ناخوازێت. بەدرێژایی ئەو ساڵە تاریکانە، بڕوای بە پەرجو نەبوو. پەرجوەکان، ئەگەر هەبوونایە، دەستکردی مرۆڤ نەبوون، ئەوە کاری قورس و دیسپلین بوو کە یارمەتی دایت شتەکان بە ئاراستەی خۆت پاڵ بنێیت. تۆ نەتدەتوانی پشت بە بەخت یان دەستێوەردانی خودایی ببەستیت.

هەر کە بوو بە سەرۆك، زانی ئامانجە پایەدارەکەی بریتییە لە دروستکردنی نەتەوەیەکی نوێ. ئەمە بەو مانایە نییە کە ئەو موخاتەبەی



Scanned with CamScanner

کێشه زەروور و دەستبەجێکانی نەدەکرد، ئەو دەیزانی ئەگەر موخاتەبەی کێشه بەپەلەکان نەکەیت، دەرفەتی ئەوەت نابێت موخاتەبەی کێشه دوورمەوداکان بکەیت. بەڵام بەشێوەیەکی سەرەکی، چاوی لەسەر دوورترین ئامانج بوو. سووریش بوو لەسەر ئەوەی کەئامانجە کورت مەوداکان و دوورمەوداکانیش روو لە هەمان ئاراستە بن. ئەو زۆرجار باسی لە هەبوونی (وێنە گشتگیرەکە) لە مێشکدا دەکرد و خۆی هەمیشە ئەمەی کرد. لە راستیدا، ئەو شتەی کە هەراسانی دەکرد ئەو کێشە کورت مەودایانە بوون کە وەکو تاسەی سەر رێگا بوون بەرەو ئامانجە دوورمەوداکان. زۆرجار، ئەو کێشە کورت مەودایانە لەلایەن بیرکەرەوە کورت مەوداکان دروست دەکران، ئەوانەی کە بەهۆی سەرەباسەکانی ئەو ساتە یان ئەو رۆژە ئاراستە دەکران. ئەو دەیروانییە ئاسۆ.

کاتێك لە زیندان هاتە دەر، دەستبەجێ بۆی دەرکەوت پێشکەوتنێکی گەورە لە تەکنۆلۆژیادا هاتووەتە ئاراوە. کاتێك ئەو چووە زیندانەوە تەلەفزیۆن لە ئەفریقای باشوور نەوو، چ جای ئەوەی کەناڵی خەبەریی بیست و چوار سەعاتە. لە یەکەم کۆنگرەی رۆژنامەوانیدا، ئەو سەری نەوی کرد کاتێك گروپەکانی کامێرا چرقەچرقەکانیان دەستپێکرد کە بەلای ئەوەوە وەکو چەك وابوون. ئەو سەرسام و دڵشاد بوو بەوەی کە دەتوانیت لەناو فرۆکەوە تەلەفۆن بکەیت. بەڵام لەگەڵ ئەم گۆرانکارییانەدا ریتمێکی ژیانی لە بنەڕەتەوە جیاواز هاتبووە کایە و ئەو ریتمە نوێیە، ریتمی ئەو نەبوو. ئەو بڕوای وا نەبوو کە شتێکی پێویست یان دڵخواز بێت کاردانەوەت



Scanned with CamScanner

بەرانبەر هەموو گۆڕانکارییەی بچوک هەبێ لەناو راپۆرتە هەواڵێکدا. ئەمە زۆر جار لەخۆیدا کێشەی لێدەکەوتەوە. ئەو دەیزانی لەوانەیە هەڵەیەکی کورت مەودا کە پەلەی لە پشتە، لێکەوتەی دوورمەودای هەبن.

ماندێلا لە سۆنگەی مێژووەوە بیری دەکردەوە. مێژوو لە پێناسەی خۆیدا بریتییە لە دوورمەودا. دەیزانی کە دەبێ هەوڵ بدەیت کاریگەری بخەیتە سەری، بەڵام کەسێکیش جیاوازییەکی گەورەی دروست نەکرد. ئەگەر وەڵامی ئەو قسە فەلسەفییە کۆنەی بدایەتەوە کە (ئایا مێژووی مرۆڤ دروست دەکات یان مرۆڤ مێژوو دروست دەکات؟) ئەوا دەیگوت مێژوو مرۆڤ دروست دەکات، هێزە گەورەکان یەکدەگرن بۆ دروستکردنی سەرکردە گەورەکان. بەڵێ، پێویستە تاکەکەس جیناتی گونجاو و شارەزایەتی گونجاوی هەبێت، بەڵام ساتەکە مرۆڤ دروست دەکات- چونکە تەنیا ئەو کاتە مرۆڤ هەڵدەستێت بە چوونەناو ساتەکە. ئەو دەڵێت چووە ناو حاڵەتەکەوە، بەڵام دەزانێ کە حاڵەتەکەی دروست نەکردووە.

(سیریل رامافۆسا)ی نزیکترین سەرکردە و چالاکوان لە ماندێلاوە کاتێك لە زیندان هاتە دەر، دەڵێت (ئەو کابرایەکی مێژووییە. ئەو زۆر لەپێش ئێمە بیری دەکردەوە. ئەو نەوەی ئایندەی لە خەیاڵدا بوو، کاروکردەوەی ئێمە چۆن دەبینن؟ مێژووش گرتوویەتەخۆی. رێك ئەوە قەوما کە ئەو پێی وابوو).

ماندێلا بڕوای وابوو سەرکردەکان بەشێوەیەکی گشتەکی حوکمیان لەسەر دەدرێت. ئەو لە سۆنگەی سەرانسەری ژیان و پیشە و کردەوە

حوکمی لەسەر مرۆڤەکان ئەدا نەك ئەمەی کە لە بارودۆخێکی دیاریکراودا کاردانەوەیان چۆنە. ئەو زۆرجار باسی ئەو سەرکردانەی دەکرد کە ئەدائیان لە زینداندا باش نەبوو. (بەڵێ، کەسانێکی زۆر دەناسم، کەسانی زۆر پێشەنگ، کە لە زینداندا بە راستی مایەی نائومێدی بوون. دەبووایە تۆ بجەنگێیت و ململانێ بکەیت بۆئەوەی بڵێیت با لەسەر ئەم پرسە هەڵوێستمان هەبێت. ئەوان رازی نەدەبوون. دەیانگوت، نێل، دەتکوژن ها). کاتێکیش کە لێیان نائومێد ببوو، ئەمە کێماسییەکی کوشندەی ماندێلا خۆی نەبوو، چونکە دەبووایە لە سۆنگەی سەرانسەری ژیانییەوە، حوکم لەسەر کەسێك بدەیت. کەسانێك هەبوون لە دەرەوەی زیندان ئازا بوون، بەڵام نەك لە ناوەوە و بە پێچەوانەشەوە. لەبارەی ئەو کەسانەوە کە لە زینداندا مایەی نائومێدی بوون، دەیگوت (ئەمانە کەسانی سەرڕاست و شەرەفمەند بوون، سەرباری ئەو لاوازییانەی لێیان دەردەکەوت). ئەمەش بەڵگەی بەخشندەیی و دووربوانینەکەی بوو. کەس ئەوەندەی باشترین ئەو شتانەی کە کردوونی، باش نییە. کەسیش ئەوەندەی خراپترین ئەو شتانەی کە ئەنجامی داون، خراپ نییە. لە حاڵەتەکەی خۆیدا، ئەو دەزانێ کە چاکە پارسەنگی خراپە دەداتەوە و سەرەنجام هەر ئەمەش گرنگە. بەڵام ئەو بڕیارگەلێکی داون کە لێیان پەشیمانە. هەموو کەسێك بریتییە لە کۆی ئەو شتانەی کە کردوونی.

جارێکیان لە ماندێلام پرسی ئاخۆ دڵخۆشە. رووی گرژ کرد. ئەمە پرسیارێکە کە پێی وایە هەمە رواڵەتییە و هەم شەخسییە- ئەمانەش



Scanned with CamScanner

دووانەیەکی باش نین. بەڵام دواجار دەستی بە قسە کرد. باسی لەوە کرد کە باوکی چەنێك زوو مردووە و بەشی هەرەزۆری ژیانیشی مایەپوچ بووە. باسی لەوە کرد کە چۆن دایکی بەو خەیاڵەوە مردووە کە کوڕەکەی زیندانییەکی ئەبەدی دەبێ، لەوانەشە تاوانکار بێت. یەکێك لە پەشیمانییە گەورەکانی ئەوەیە کە قەت یارمەتی دایکی نەدا لە ململانێکە تێبگات. ئەو ئاماژەی کرد بەو تەحەدییانەی کە کچەکانی ڕووبەڕووی دەکردنەوە. پاشان باسی ئەو نووسەرە یۆنانییە کۆنانەی کرد کە ئەو لە زینداندا خوێندبوونیەوە و خۆشی لێ بینیبوون. ئەوان دیدی دوورمەودایان هەبوو. ئەو نووسەرەکەی نەدەهاتەوە بیر، بەڵام وتی چیرۆکێك هەبوو لەبارەی پرسیارکردنی (گرۆسێس) لە دانایەك ئاخۆ دەکرێ بە دڵخۆش لەقەڵەم بدرێت. دانایەکەش لە وەڵامدا وتبووی (کەس بە دڵخۆش دامەنێ تا ئامانجەکەی دەزانی). ئەو هاوڕا بوو و تا ڕادەیەکیش ئەمە بوو کە زۆر بەتەحەمول و وریای کرد. هەموو شتێك دەشێ لە دوا بەشدا گۆڕانی بەسەردا بێت و پێویستە تۆ لە ڕەوگەکەدا بمێنیتەوە بۆ بەرگرتن لە ڕوودانی شتی نەخوازراو.

لە ڕاستیدا ماندێلا بەقەناعەتە. تراژیدییەکی خەمناکی لە ژیاندا بینیووە، بەڵام ئێستا ئامانجەکەی دەزانێ— و دەزانێ بەرانبەر ئەو ئامانجە وەفادار بووە و ئەمەی کە مێژوو بە بەزەییانە حوکمی لەسەر دەدات. بە دڵخۆشی بزانە.



Scanned with CamScanner

## ١٢

# خۆشەویستی جیاوازییەکە دروست دەکات

ئەوەندەی پەیوەندی بە خۆشەویستییەوە هەیە، ماندێلا کەسێکی رۆمانسییە. بەڵام رۆمانسییەکی پراگماتیکە. دەبووایە وەها بێت. بەشی هەرە زۆری ژیانی، خۆشەویستی شتێکی دوور بووە، زیاتر لە وێنا و یادەوەریدا بوونی هەبووە نەك لە واقیعدا. کاتێکیش واقیع بووە، زۆرجار سەرچاوەی ئازار بووە نەك دڵنەوایی. لەگەڵ ئەوەشدا قەت وازی لەو بیرۆکەیە نەهێناوە کە خۆشەویستی لە ژیانیدا ئەبێ.

سروشتی ئەفریقای باشووری سەردەمی ئاپارتاید بۆی ئەستەم کرد کە لە یەك کاتدا ژیانێکی گشتی و ژیانێکی تایبەتی هەبێت. ژیانە گشتییەکەی بۆ ماوەی بیست و حەوت ساڵ خستییە زیندانەوە، کە لەوێ ژیانی تایبەتی نەبوو و زۆر بە کەمیش سوکنایی دەهات. بەشێکی سروشتی دڵڕەقانەی ئاپارتاید زۆر هێنان بوو بۆ خەڵکی ئەفریقای باشوور تا کار لە خێزان جودا بکەنەوە. ئەمە لە حاڵەتی ماندێلادا سەرکەوتوو بوو– نەك لەبەرئەوەی ئەو، وەکو زۆرێك لەوانیتر، ناچار بوو لە شار کار بکات لەکاتێکدا کە خێزانەکەی



Scanned with CamScanner

لەسەر خاکێکی خێڵەکی بوو، بەڵکو لەبەرئەوەی ئەستەم بوو بۆ ئازادی شەڕ بکەیت و لەهەمان کاتدا ئازادانە بژیت.

تەنانەت بەر لەوەی بچێتە زیندانیشەوە، ناچار کرا بەلای خێزان و منداڵەکانییەوە غەریبەیەك بێت. ئەگەر تۆ جەنگاوەرێکی ئازادی بوویتایە کە لە راکردندایە، خێزانەکەت ئامانج دەبوو، هەراسانکردنیان کاریگەرترین رێگا بوو بۆئەوەی رژێم بریندارت بکات. بۆیە ئەو لە خێزان و منداڵەکانی دوور کەوتەوە، دەستەوستانانە تەماشای دەکرد لەکاتێکدا کە راوەدوو دەنران و ئەشکەنجە دەدرا. ناڵە و ئازاریان بووە هۆی ئەوەی کە ئەو رایەڵ و پەیوەندییانە بخاتە ژێر پرسیارەوە کە دەبووایە سەرچاوەی پاڵپشتی بن. خێزان وایلێکرد هەستیارتر بێت. ئەو بەدەگمەن دەیتووانی رۆڵی باوکێکی تەقلیدی ببینێت. جارێکیان، کوڕە گەورەکەی لێی پرسی بۆچی قەت نەیتووانی شەو لە ماڵ بەسەر ببات و ئەویش لە وەڵامدا وتی ملیۆنان منداڵی ئەفریقای باشووریش هەن کە پێویستیان بەوە. ئەوە شتێکی خەمناکە کە بە کوڕی خۆتی بڵێیت و لە زۆر رووەوە، ئەم قوربانییە گەورەترین ئازار بوو هەستی پێبکات.

لە ماوەی ساڵەکانیدا لە زیندان، خۆشەویستی لە شوێنێکی تر بوو: لە نامەکانیدا، لە یادەوەریدا و لە ئایندەیەکی وێناکراودا. (ئێدی دانێلز) کە ساڵانێکی لەگەڵ ماندێلا لە دوورگەی رۆبێن بەسەر برد، جارێکیان پێی وتم لە زینداندا، کەس نەبوو دڵنەواییت بدات. ئێدی مەبەستی لەمە هەم ئەوە بوو کە زیندانییەکان سارد و سڕ بوون و هەم ئەوەش کە دوورگەکە هیچ

ژنێکی لێ نەبوو. لە خوێندنەوەکەمدا لەبارەی دوورگەی رۆبێن، رووبەڕووی ئەو راستییە بووبوومەوە کە لە یەك کاتدا کۆمەڵێك دەستدرێژی سێکسی لە زینداندا ئەنجام دراون. لەبەر رۆشنایی ئەمەدا، لەبارەی رۆڵی سێکسوالیتی پرسیارم لە ماندێلا کرد. وەڵامەکەی زۆر کورت بوو: (لە زینداندا دەرچەیەکی بەتاڵبوونەوەی سێکسیمان نەبوو). و هیچی تر.

بەڵام ماندێلا خەونی خۆشەویستییەك و ژیانێکی خێزانی هەبوو کە پێیگەیاند تەنانەت ئەو کاتەش کە واقیعەکە ناکام و بێبەر بوو. لە ماوەی هەموو ئەو ساڵانەی کە لە زینداندا بەسەری برد، دڵی خۆی بەو خەونە خۆش دەکرد، کاتێکیش بەرەڵا بوو، دەرکەوت کە سەرابێکە. تەنانەت ئەو کاتەش، دەستبەرداری نەدەبوو. دواجار، ئەو هەستی بە پاداشت دەکرد، پاش ئەوەی کە تقریبەن وازی لە هیوا هێنابوو. بەڵام ئەمە ساڵانێکی زۆری پێچوو.

***

ئەوە ئارەزووی ماندێلا بوو بۆ خۆشەویستی رۆمانسی نەك رقی لە نادادپەروەری کە یەکەم جار وایکرد لە ژینگەکەی لە دێهات رابکات بۆ شاری گەورە. ئەو کاتە بوو کە پاشا جۆنگینتابا بڕیاریدا هاوسەرگیری بۆ (جەستس)ی کوڕی و بۆ نیلسۆن رێکبخات کە دوو پیاوە گەنجەکە پیلانی خۆیان دارشت بۆ راکردن بۆ جۆهانسبێرگ. مەسەلەکە زیاتر ئەوە نەبوو کە بۆیان دەرکەوتبوو ئەو ژنانەی بۆیان هەڵبژێردراوە سەرنجڕاکێش نین، بەڵکو لە ناخەوە بڕوایان وابوو کە مافی ئەوەیان هەیە کە خۆیان ئەو هەڵبژاردنە



Scanned with CamScanner

بکەن. ناکۆک هاتنەوەیەک هەیە لەوەدا کە، ئەو خوێندنەی کە پاشا بۆ ماندێلای رەخساندبوو وایکردبوو کە لە شێوازە تەقلیدییە خێڵەکییەکانی هاوسەرگیری و خێزان هەڵگەڕێتەوە. لە قوتابخانەی شەوانەڕۆژی ئایینی مەسیحیی (میتدۆیستی)ی (هیڵدتاون) و (فۆرت هێر) جەین ئۆستن و قەسیدەکانی شەیکسپیری خوێندەوە و لەوێ بوو کە دیدێکی خۆرئاواییتر و رۆمانسیتری خۆشەویستی پەیڕەو کرد بە بەراورد بەوەی کە بە منالی ئەزموونی کردبوو. باوکی چوار ژنی هەبوو، کە بە نۆرە سەردانی دەکردن. ماندێلا خۆشەویستی دەویست نەک کارەکەر.

لە جۆهانسبێرگ بوو کە یەکەم دیداری رۆمانسی روویدا. ئەو کچی ئەو خێزانە چووە دڵیەوە کە لە شارۆچکەی (ئالێکساندرا) لەگەڵیدا دەمایەوە. ناوی (دیدی) بوو. ماندێلا پێی وتم (ئەو زۆر جوان بوو). خزمەتکارێکی خۆماڵی بوو– یەکێکە لەو پیشانەی کە بۆ ژنی رەشپێستی گەنج هەیە لە شار– و هاوڕێیەکی کوڕی دەوڵەمەندی هەبوو کە قاتی دوو ڕیز قۆپچە و کڵاوی (بۆرسالینۆ)ی لەسەر دەکرد و ئۆتۆمبێلی راقی لێدەخوڕی. ماندێلا کەوتە داوی خۆشەویستی ئەوەوە، بەڵام زۆر نابەدڵ بوو لە پێ وتنی. دواجار ئەو کەسێکی ئەوەندە گونجاو نەبوو: ئەو لە کۆڵێتێکی پشتەوەی موڵکە بچوکەکەیاندا دەژیا، ئینگلیزییەکەی دوکەڵی دەکرد و دەستە جلێکی هەبوو و پارەیەکی کەمیشی پێ بوو.

جارێکیان بانگ کرا بۆ نان خواردن لەگەڵ خێزانەکەدا و پارچە مریشکێکیان لەسەر قاپێك لەبەردەمیدا دانا. وەکو گەنجێکی لادێ، هێشتا



Scanned with CamScanner

رانەهاتبوو بە چەقۆ و چەتاڵ بخوات و لەبری ئەوەی کە بەدەست هەڵیانگرێت و پێیانەوە خەریك بێت و دەست وپێ سپێتی لەخۆی دەربخات، نانی نەخوارد. خۆبەزلزانی بەسەر برسێتیدا زاڵ بوو. وەکو چۆن لەبەرانبەر (دیدی)ش وەهابوو. ماندێلا وتی داوای هاوسەرگیری لێدەکرد، بەڵام نەیدەویست تەقدیمی ژنێك بكات كە لەوانەیە ئەمی قبوڵ نەبێت.

کاتێك ماندێلا خوێندکارێکی پرکۆششی بواری یاسا بوو، والتەر سیسولو بە ئامۆزاکەی خۆی ناساند، کە کچێکی گەنجی بێدەنگ و خاکیی خەڵکی ترانسکی بوو بەناوی (ئێڤێلین مەیس). ماندێلا و ئێڤێلین مەیس بەخێرایی هاوسەرگیرییان کرد و چوار منداڵیان بوو (کە یەکێکیان لە تەمەنی نۆ مانگیدا مرد) و لە خانوچکەیەکدا لە (سۆویتۆ) ژیانیان بەسەر برد. لەنێوان کارەکەی، خوێندنەکەی و دەستپێکردنی پیشە سیاسییەکەیدا، بەزۆری باوکێك و مێردێکی بزر بوو. دواجار، لەکاتێکدا کە زیاتر و زیاتر پابەند دەبوو بە خەباتی ئازادی، لە ئێڤیلین دابڕا. لەکاتێکدا کە بۆ دۆزەکەی رەشپێستەکانی بەلای خۆیدا رادەکێشا، نەیدەتوانی هەمان شتیش لەگەڵ ژنەکەیدا بکات. ئەو نەیدەیویست گوێی لە سیاسەت بێت و بەرەو ناو جیهانێکی جیاواز گشایەوە، بوو بە ئەندامی رێکخراوێکی دینی باوەڕدار بە کۆتایی دنیا و بەشی زۆری رۆژەکانی بە خوێندنەوەی ئینجیل بەسەر دەبرد. ئەوان بەزوویی لێکجیابوونەوە.

لەگەڵ دەستپێکردنی دادگایی ناپاکی لە ١٩٥٦دا، ماندێلا ببووە پارێزەرێکی سەرکەوتوو و ناسراو. ئەو جەنگاوەرێکی ئازادیی درەوشاوە



Scanned with CamScanner

بوو و ببووه یەکێك لەو کەسانەی کە پێشتر ئیرەیی پێ دەبرد: قاتێکی دووڕیز قۆپچەیی لەبەر کرد، ئۆتۆمبێلێکی ئەمریکیی گەورەی لێدەخوڕی و خۆشی دەبینی لە چوونە ریستۆرانتەکان. ئەو لەو رۆژانەدا پیاوی ناو خانمان بوو و نکوڵیشی لەمە نەدەکرد. جارێکیان ئاماژەم بە وێنەیەکی کرد ئەو سەردەمانەی کرد کە قاتێکی کەشخەی لەبەردا بوو و جگەرەیەکیشی بەدەستەوە بوو. لێم پرسی ئاخۆ جگەرەی دەکێشا.

بە بزەیەکی نابەدڵەوە وتی (نا برا، تەنیا بە گاڵتە وامدەکرد).

***

سەر لە بەیانییەك، لە نزیك ماڵەکەی ماندێلا لە ترانسکی بەناو گردەکاندا دەڕۆیشتین و روویکردە من و لێمی پرسی ئاخۆ ژنم هەیە یان نا. ئەمە لەوەدا نائاسایی بوو کە بە دەگمەن پرسیاری شەخسی دەکرد.

وتم (نا)

وتی (ئاه)

پێم وتم بەم دواییانە کچێکی ئەفریقای باشوورم ناسیووە بەناوی (ماری) کە کەیفم پێی هاتووە. هەردووکمان بۆ ساتێك کپ بووین.

ئینجا لێم پرسی (دەبێ بۆ ماوەی چەنێك کەسێ بناسیت پێش ئەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ بکەیت؟)

بزەیەکی کرد و وتی (رۆژێك، دەشێ رۆژێك زۆر بێت).

لەوانەیە نیگایەکی سەرسوڕمانم تێکرتبێت، چونکە دەستیکرد بە روونکردنەوە: (دەشێ ژنێکت بە یەکەم سەرنج خۆش بوێ، بەڵام دەشێ



Scanned with CamScanner

خۆشەویستی ساڵێك یان زیاتری پێ بچێت تا بەرجەستە دەبێت). ئینجا بەردەوام بوو لە قسەکانی و چەند جۆرێکی بەکێشبوونی پێناسە کرد. وتی (لەوانەیە لە گفتوگۆیەکدا ژنێك ببینیت و کارتێکراو بیت بە توانای فیکری، بەڵام هەستت نەیەتە ناوەوە. دەشێ ژنێك ببینیت و لە ئاستێکی رووکەشدا سەرسام بیت پێی). مەبەستی لەمە بەکێشبوونی جەستەیی بوو.

وتی (هیچ رێسایەك نییە، بەڵام خۆشەویستی گرنگترین شتە).

*دەشێ رۆژێك زۆر بێت.* بە راستی وادیار بوو بۆ کەوتنە داوی خۆشەویستی دووەم ژنی، رۆژێك بۆ ماندێلا زۆر بێت. ئەو دەڵێت، یەکەم جار کە (وینی) بینی لە ناو ئۆتۆمبێلەکەیەوە بوو، لەکاتێکدا کە ئەو لە وێستگەی پاس وەستابوو بۆئەوەی بچێتە نەخۆشخانە کە لەوێ وەکو پەرستار کاری دەکرد. ساڵی ١٩٥٧ بوو. پێی وابوو کچێکی جوانە و ناتوانێ وێنەکەی لە مێشکی خۆی دەرکات. پاش چەند رۆژێك، لەناو ئۆفیسەکەی قوت بووەوە، پرسیاری لەبارەی کەیسێکی یاسایی دەکرد. ماندێلا هەستیکرد ئەمەی کە روودەدات پەرجویەکە- رێکەوتێکی گەردوونییە.

نیلسۆن ماندێلا و وینی مادیکیزێلای ئەو سەردەمە زۆر جیاواز بوون لەوانەی کە ئێمە دەیانناسین. وینی، کیژێکی گوندیی بێدەنگ، خۆش رەفتار، خاکی و تەمەنی بیست و دوو ساڵ بوو، ماندێلا شانزە ساڵ لەو گەورەتر بوو- باوکێکی جیابووەوەی سێ منداڵ، پارێزەرێکی سەرکەوتوو و جەنگاوەرێکی ئازادیی زەنگین. کیژە بە سەرنجەکانی تاسابوو و زۆربەی



Scanned with CamScanner

کات بێدەنگ بوو لەلای. ماندێلا بۆ نانی نیوەڕۆ بردیە دەرەوە (وینی پێشتر قەت خواردنی هیندی نەخواردبوو و پەرداخ لەدوای پەرداخ ئاوی دەخواردەوە بۆئەوەی تونایی ناو دەمی نەهێڵێ). پاشان بە ئۆتۆمبێلەکەی پیاسەیەکی پێ کرد و بەپێش بەناو دێهاتدا پیسایەکیان کرد.

لە هەندێ رووەوە، ئەمە پەیوەندییەکی رۆمانسی خۆرئاوایی بوو، بەڵام تەقدیمکردنی هاوسەرگیرییەکە تەنیا بە ستایڵی خۆرئاوایی نەبوو. رۆژێکیان هەروا بۆی باسی ئەوە کرد کە چ ئامادەکارییەك دەکات بۆ رۆژی گواستنەوەکەی. ئەو هەنوکە قسەی لەگەڵ بەرگدوورێك کردبوو. لە راستیدا، ئەو دان بەوە دادەنێت کە قەت بەشێوەیەکی رەسمی داوای هاوسەرگیری لێنەکرد و وینی زۆر جار بە گاڵتە دەیگێڕێتەوە کە قەت بواری ئەوەی نەبوو بڵێت رازیم.

لە مەراسیمی هاوسەرگیری وینی و ماندێلا کە لەماوەی پشووی شەش رۆژەی (دادگایی ناپاکی) لە ١٩٥٨دا ئەنجامدرا، باوکی وینی وتارێکی پێشکەش کرد و تیایدا وتی کچەکەی شوو بە زیندانییەکی تاهەتایی دەکات- پیاوێك کە هەنوکە هاوسەرگیری لەگەڵ تێکۆشاندا کردووە. ئەمە لە بەرگی گاڵتە و گەپدا وترا، بەڵام بابەتێکی هەستیاریش بوو. بەلای خێزانی بۆروجوازیانەی (وینی)یەوە، ماندێلا پڕمەترسی و دوور بوو لەوەی هاوسەرێکی نموونەیی بێت بۆ کچەکەیان. لە راستیدا، نیلسۆن و وینی قەت هاوسەرگیرییەکی تەقلیدییان نەبوو. تەقریبەن پاش گواستنەوەکە، ماندێلا خۆی حەشاردا (ئیختیفا بوو). لەو کاتە بەدواوە، یەکتربینینی ناوبەناوی

نهێنییان وەکو هی دوو دڵداری هەرزەکار وابوو، دەبووایە لەپێشدا پلان دابنێن و ئەمنیەتێکی زۆر پێویست بوو.

لەکاتێکدا کە دایك و باوکی دەترسان، هاوسەرگیرییەکە ژیانی وینی بە تەواوی خستە سەر ڕێڕەوێکی تر. ماندێلا ئەوە دەگێڕێتەوە کە کاتێك گفتوگۆی خۆشەویستی لەگەڵیدا هەبوو، نەك تەنیا دەیخستە ناو ڕۆمانسیەتەوە بەڵکو دەشیخستە ناو سیاسەتەوە. ماندێلا کارەکەی بە باشی ئەنجام دەدا. تەنانەت پێش ئەوەش کە ماندێلا بکەوێتە زیندانەوە، وینی ببووە چالاکوانێك و لەکاتێکدا کە ماندێلا لە زینداندا بوو، ئەو ببووە (دایکی نەتەوە)ێکی ئاگراوی، ڕەمزێکی خەبات کە مێردەکەی بۆی لەناو زینداندا بوو.

بەشێوەیەکی سەیر، خۆشەویستی ماندێلا و پشت بەستنی بە وینی قووڵ بووەوە لەکاتێکدا کە لە زینداندا بوو. دابڕانی لە وینی– و لە جیهان– ژنەکەی خستە ناو دۆخێکی بەنموونەییکراوەوە. ماندێلا بە بیرۆکەی یەکگرتنەوەیان جارێکی سەرلەنوێ عاشق بووەوە. ئەمەش بەشێك بوو لە بەردەوامبوونەکەی– بیرۆکەی ئەمەی کە ئەوان جارێکی تر یەك دەگرنەوە و ئەمەی کە دەتوانێ هەوڵ بدات ببێتە ئەو مێردەی کە پێشتر نەیتووانی ببێت. لە زینداندا بەردەوام وێنەیەکی وینی پاراستبوو و جارێکیان بۆی نوسیبوو: (لەکاتێکدا کە ئەم نامەیەت بۆ دەنووسم، وێنە جوانەکەت هێشتا دوو پێ لەسەروو شانی چەپمەوە بەرز بووەتەوە. هەموو بەیانییەك بە وریایی تۆزی لێ دەتەکێنم، چونکە ئەمە هەستی خۆشی ئەوەم دەداتێ کە



Scanned with CamScanner

وەکو رۆژانی رابردوو دەستت پێدا دێنم. تەنانەت لوتم لە لوتت دەدەم بۆ گرتنی ئەو تەزووەی کە هەرکاتێك ئەمەمان دەکرد بەناو خوێنمدا هورووژمی دەهێنا).

ماندێلا بۆ ماوەی چەند مانگێك چاوەڕێی سەردانەکانی ئەوی دەکرد و تێکدەشکا کاتێك کە نەیدەتووانی بێت یان کاتێك بەرپرسانی زیندان سەردانەکانیان وەستاند. ئەو وینی لە وشەکاندا بەلاوە بەنرختر بوو لەو کاتانەی کە رووبەڕوو یەکتریان دەبینی، ئەگەرچی ئەم وشانە لەلایەن بەرپرسانی زیندانەوە دەخوێنراوە و هەندێ جاریش سانسۆر دەکران. لە ئابی ١٩٧٠دا، بەتایبەت لە کاتێکی سەختدا– وینی خۆی لە زینداندا بوو و ماندێلا دڵنیا نەبوو کێ ئاگای لە کچەکانی دەبێ– لەژێر قورسایی ئازاردا دەتلایەوە و لە نامەکەیدا وەهای بۆ نوسیبوو:

(پێناچێت ژمارەی ئەو ئێش و ئازارانەی کە لە نەگبەتییە دڵتەزێنەکانی ئەو ١٥ مانگەی دوایی تووشمان بوون بە ئاسانی لە مێشکمان بڕەوێنەوە. وا هەست دەکەم کە لە قیندا نغرۆ بووم، هەموو بەشێکی جەستەم، گۆشتم لە جەستەمەوە بۆ رۆحم، ئەوەندە توڕەیە لەوەی دەستەوستانم لە یارمەتیدانت لە ...ئەو سەختیانەی کە تۆ پیایاندا رەت دەبیت...ئەگەر تەنیا بمانتووانیایە یەکتری ببینین، ئەگەر بمتوانیایە لات بم و بتگوشم، یان ئەگەر بمتوانیایە بەناو ئەو تەلبەندەدا سەرنجێکی رواڵەتت بدەم کە حەتمی بوو لێکمان دادەبڕێ. ئازاری جەستەیی بەراورد ناکرێ بە شێلانی ئەم رایەڵە ناسکانەی سۆز).



Scanned with CamScanner

تاکە شتێك کە لەوانەبوو میزاجی تێکبدات ئیهانەکردنی ژنەکەی بوو. پاسەوانەکان ئەمەیان دەزانی و ناوبەناو پارچە رۆژنامەیان فڕێ ئەدایە لای پێخەفەکەی کە هەواڵی زیندانیکردنی وینی یان هەبوون پەیوەندی لەگەڵ پیاوانی تردا تێدابوو. بەلای بەرپرسانەوە، وینی و خێزانەکەی خاڵی لاوازی ئەو بوون. ماندێلا بۆی باس کردم کە چۆن خەریك بووە دەستدرێژی بکاتە سەر پاسەوانێك کە قسەی ناشیرینی بە ژنەکەی وتبوو. وتی (سەرۆك زیندانێکی لێبوو...کە قسەی ناشیرینی بە وینی وت و بێگومان منیش هەراسان بووم و میزاجم تێکچوو و هەندێ قسەم پێگوتن کە دواتر پەشیمان بوومەوە، لەسەر ئەمەش سزا درام...زۆری نەمابوو لە کابرا بدەم. لە راستیدا کاتێك بەرەو لای دەچووم خۆم گرتبوو و بە جنێودان پێی ناخی خۆم بەتاڵ ردەوە. پێم وایە زمانێکی زۆر شرم بەکار هێنا).

لەوانەیە ئەم ئەزموون و سەختییانە بە ئاسانی وایان لە ماندێلا کردبێت بەدگومان بێت لە خۆشەویستی و بە نەبوونی راهاتبێت. بەڵام خەونی پەیوەندیی سۆزی کاریگەرە و ماندێلا لەکاتێکدا کە بەتەمەنداچوو، رۆمانسیتر بوو.

لەگەڵ ئەوەشدا، هاوسەرێتییەکەی لەگەڵ وینی-دا کۆتاییەکی حیکایەت ئاسای نەبوو. کاتێك لە زیندان چووە دەرەوە، نەیانتوانی لەو شوێنەوە دەست پێبکەنەوە کە تیایدا دابڕابوون. بەلای جیهانی دەرەوەوە، وینی هاوسەرێکی بەهێز و بەوەفا دیار بوو. بەڵام لە پشت پەردەوە، ناهەمواربیەکی زۆر هەبوو. هەروەکو یەکێك لە یاریدەدەرانی ماندێلا بەمی

رت (کەس پێشبینی ئەوەی نەدەکرد وینی بۆ ماوەی بیست و حەوت ساڵ وەفادار بێت. ئەویش مرۆڤە).

کەس نەیویست بە پیرەپیاو بڵێت. بەڵام دەستیکرد بە پرسیارکردن لە هاورێکانی و کاتێك لەبارەی رەفتاری وینی-یەوە زانی، بەقووڵی بریندار بوو. هەروەکو ئافرەتێکی نهێنی پارێزی ماندێلا لەبارەی ئەو کاتەوە بۆی باس کردم ( وینی ماندێلای سەرشۆڕ کرد. کەچی ئەو خۆشی دەوێت. پێی وابوو ماندێلا قەت جێی ناهێڵێت، بەڵام دەبووایە ئەمە بکات، لەپێناو رێکخراوەکەیدا). وینی هەم خەباتی ئازادیی و هەم هاوسەرێتییەکەیانی لاواز دەکرد: لەوانەیە ماندێلا بەرگەی یەکێکیانی بگرتایە، بەڵام نەیدەتوانی بەرگەی هەردوو حاڵەتەکە بگرێت.

بەهاتنی ئەو کاتەی کە دەستمکرد بە کارکردن لەگەڵ ماندێلا، تازە لە وینی جیا بووەوە. وینی بابەتێکی قورس بوو بۆ گفتوگۆلەسەرکردن و بۆم دەرکەوت کە ماندێلا زیاتر لە رابردوودا ئاسودەتر بووە لە قسەکردن لەبارەی وینی- و کەمتر ئاسودەیە لەمڕۆدا قسەی لەبارەوە بکات. رۆژێکیان لە کانوونی دووەمدا، کاتێك باسی ماوەی زیندانی دەکرد، بە دڵێکی پڕەوە باسی ئەویشی کرد. وتی ئەو لە من خراپتری بەسەر هاتووە. ئەو هەراسانکراوە و لەلایەن بەرپرسەکانەوە زیندانی کراوە و لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەبووایە ئاگای لە منداڵەکان بێت کە نەیتووانی. لەوانەبوو شڵەژان و دڵتەنگییەکانی دەرەوەی زیندان گەورەتر بوونایە لەوانەی ناوەوە. لە



Scanned with CamScanner

کاتێك لە کاتەکاندا زیاتر لە ساڵێکی زیندانی تاکەکەسیدا بەسەر بردبوو، لەکاتێکدا کە ماندێلا تەنیا چەند شەوێکی لە تاکەکەسیدا بەسەر بردبوو.

ڕۆژێکی یەکشەممە، لە ژوورێکی دانیشتنی هەتاویدا لە ماڵەکەی لە (هوگتۆن) لە دەوروبەری جۆهانسبێرگ دەستمان بە قسە کرد. پێش ئەوەی دەستپێبکەین، کارگوزاری ماڵەکەی، میریام، ڕۆژنامەکانی یەکشەممەی هێنایە ژوورەوە و ماندێلا چاوەکانی گەشانەوە. ماندێلا حەزی لە ڕۆژنامەیە. بۆ ماوەی ساڵانێکی زۆر، لە دوورگەی ڕۆبێن لە ڕۆژنامە و بڵاوکراوەکان دابڕابوو، بۆیە تەنانەت ئەمڕۆش ڕۆژنامە بەلایەوە وەکو دیارییەکی گرانبەهای دەگمەن وایە. لێی پرسیم ئاخۆ ئاسایی چاوێکیان پیادا بخشێنێت پێش ئەوەی دەست پێبکەین. پاش چەند خولەکێك، بزەیەك کەوتە سەر لێوانی. سەرەباسێك هەبوو بەم ناونیشانە (براوەی سەرۆکایەتی) و بابەتێکیش هەبوو لەبارەی ئەو قسانەی وینی کە لە ماتەمینی چالاکوانی دژەئاپارتاید (هێلێن جۆزێف) کردبوونی و تیایدا ڕەخنەی لە کۆنگرەی نیشتمانی ئەفریقی گرتبوو و ئاماژەی ئەوەی گەیاندبوو کە ماندێلا زۆر دەستەمۆ بووە بەرانبەر حکومەت.

پرسیاری ئەوەم لێکرد ئاخۆ سەری سوڕماوە لەوەی وینی وتوویەتی.

بە تۆنێکی تێکەڵ بە حەز و بێزارییەوە و وتی (لە ساڵی ١٩٥٨ەوە لەگەڵ هاوڕێ وینی بووم. هیچ شتێکی ئەو سەرم ناسوڕمێنێت. ئەو هەموو ئەو شتانەی ڕژێم پێیداوە وەریگرتووە). هەڵوەستەیەکی کرد و پاشان وتی



Scanned with CamScanner

(بەڵام وتنی شتێك لە ساتێکی هەستیاردا کە لەوانەیە حزب دابەش بکات، چاوەڕواننەکراوە گرنگ نییە چەنێکیش تورە بێت).

بەو قسانەی کە کردنی، هەستەکانی ماندێلا لەبارەی وینی هێشتا تێکەڵاو بوون و نائومێدییەکیان تێدابوو. بۆ ماوەیەکی زۆر، جۆرێك لە ئاگربەستی سەربازی لەنێوان ئەو دووانەدا هەبوو کە تیایدا رەسمیاتێکی وشکیان پیادە کردبوو. بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا، پەیوەندییەکی گەرم و گوڕیان دەستپێکردووەتەوە.

***

بەدرێژایی چەند مانگێك، ماندێلا (ماری)ی هاوڕێمی ناسی. دەرکەوت کە پێشتر یەکتریان ناسیووە، لەو رۆژەوەی کە لە زیندان بەرەڵا ببوو. ئەو کاری بۆ ئاژانسی فۆتۆی فەرەنسی (فرانس پرێس) دەکرد و ماندێلا ئەو وێنەگرە قژسوورە ناسکەی بیر کەوتەوە کە وێنەی ئەمی گرتبوو لەکاتێکدا کە لە زیندان هاتبووە دەرەوە. لە سەرەتادا، کاتێك کە لە گەشتێك لەگەڵ ماندێلا دەگەڕامەوە و ماری منی هەڵدەگرت، ماندێلا توانجی تێدەگرت (پێدەچێ ریچاردمان لێ دوور خەیتەوە). بەڵام پاش چەند مانگێك پێی وتم (ئەزانیت، پێویستە هاوسەرگیری لەگەڵ بکەیت). دواتر ماری پێی وتم جارێکیان ماندێلا جیای کردوومەتەوە، دەستی گرتووم و پێی وتووم (پێویستە هاوسەرگیری لەگەڵ ریچارد بکەیت. من موبارەکتان دەکەم). بێگومان ئەمە فرمانێك نەبوو، بەڵام ئەو ببووە جۆرێك لە باوکی رۆحی بەرانبەر پەیوەندییەکەی ئێمە. بەهۆی ئەوەوە بوو کە ئێمە یەکتریمان



Scanned with CamScanner

ناسی و هەردووکمان هەستمان کرد ئەو تێڕامانێکی تایبەتی بۆ پەیوەندییەکەمان هەیە. بەشێوەیەکی لە شێوەکان، من هەستم کرد ئەو شتێك دەردەبڕێت کە هەستم پێکردووە بەڵام دەرنابڕدرێت. دواتر، من بە دڵخۆشییەوە بۆم دەرکەوت کە ماری-ش هەمان هەستی هەیە. بەڵام ئەو ئەوەندەی ئێمە شەرمن یان نادڵنیا نەبوو. لەوانەیە ئەمە بەهۆی ئەو هەستەیەوە بووبێت کە ساڵانێکی زۆر و خۆشبەختییەکی زۆری لەدەست چووبێت و نەیەوێ ئێمەش لەدەستی بدەین.

هەمیشە روون بوو کە ماندێلا خۆشی لەوە دەبینێت کە لەگەڵ ژناندا بێت. ئەو زیاتر لەگەڵ ژناندا ئاسودە و بێباکە نەك پیاوان- دڵخۆشتر و بێباکترە. ئەمەم لەگەڵ ماری-دا بینی، کاتێك ماری لەگەڵماندا بوو ماندێلا زۆر کراوەتر بوو و ئامادەیی ئەوەی زیاتر تیا بوو کە دیوە هەستیارەکەی دەرکەوێت. ئەو بەهەمانشێوە، زمانلووسە، بەڵام بە شێوازە بەڕێز و باپیرانەکەی.

لە ساڵی ١٩٩٣ و ١٩٩٤دا، زۆرجار ئەو ژنێکی ژاپۆنی دەرزی ئاژنکەری لەگەڵدا بوو بەناوی (چیکاکۆ). ماندێلا ئەوی لە گەشتێکیدا بەرەو ژاپۆن ناسیبوو کاتێك تووشی نارەحەتی قاچەکانی ببوو.(باربارا ماسێکێلا)ی یاریدەدەرە نزیکەکەی پێشنیاری ئەوەی کردبوو کە دەرزی ئاژنکەرێك بێت بۆئەوەی ئاوساوی قاچی چاك بکات.

وتی (ئەزانیت زۆر نابەدڵ بووم بەرانبەر ئەوەی ئەم چارەسەرەم بۆ ئەنجام بدرێت. باربارا زۆر مکوڕ بوو لەسەر ئەمە. بۆم روونکرایەوە کە ئەمە



Scanned with CamScanner

شێوازێکی. تەقلیدی چارەسەرکردنە کە بە شێوازی زانستی پشتڕاستکراوەتەوە. ئینجا زانیم کە ئەوە ژنێکە، ژنێکی گەنجیشە. من لەگەڵ دکتۆری نێرینە راهاتبووم، دکتۆری نێرینەی پیر. ئەزانیت، من لەگەڵ مانی ژنێکی گەنج بۆ ژووری هۆتێلەکەم نەبووم. دواجار رازی بووم کاتێك باربارا وتی لە ژوورەکە دەمێنێتەوە).

شڵەژانەکەی رەوییەوە کاتێك چاوی بە چیکاکۆ کەوت. چیکاکۆ ژنێکی بچکۆڵە بوو بە بزەیەکی شەرمنانە و رەفتارێکی نەرمەوە. ئەو وەکو دەرزی ئاژنکەرێکی کلاسیکی کەشقی بینیبوو و دواتر چەند مانگێکی بە چارەسەرکردنی ماندێلاوە لە ئەفریقای باشوور بەسەر برد. چیکاکۆ بە (تاتا) بانگی دەکرد کە بە زمانی خوسی بە مانای (باوك) دێت و دڵسۆز بوو بۆی و لەگەڵیدا دەچووە بۆ (ترانسکی) و سەفەرەکانی دەرەوە. ماندێلا وەکو نەوەی خۆی مامەڵەی لەگەڵدا دەکرد.

ماندێلا کەیفی بەوە دەهات کە سەر بکاتە سەری. رۆژێکیان هەرسێکمان بەناو ترانسکیدا پیاسەمان دەکرد و چیکاکۆ لەوی پرسی ئاخۆ ئەژنۆی نارەحەتی ناکات. ئەویش بزەیەکی هات و وتی (نەخێر. کاتێك تۆ لێمەوە نزیکیت هەست بە هیچ ئازارێك ناکەم. تەنیا ئەو کاتەی تۆ لێم دوور دەکەویتەوە هەست بە ئازار دەکەم). چیکاکۆ سەری نزم کردەوە و پێکەنی.

پێدەچوو ماندێلا هەمیشە هەستی شەشەمی هەبێت بەرانبەر تەنیایی ئەوانیتر. ئەو زانی کە چیکاکۆ زۆربەی کات بە تەنیایە کاتێك لەگەڵ ئەمدا



Scanned with CamScanner

نییە و لەوانەشە هەست بە وەڕەسی بکات. جارێکیان، لە ئێوارەی پێش ڕۆژی ساڵی نوێی ١٩٩٣دا هەموومان لە هۆتێلێکدا لە (دوربان) پێکەوە بووین. ئێمە دواجار کەوتینە ناو دیسکۆیەکی پەڕپوت کە باندە میوزیکییەکە میوزیکی پۆپی ساڵانی حەفتا و هەشتای لێدەدا- ئەو گۆرانییانەی کە ئێمە سەدان جار گوێبیستی بووبووین بەڵام لەوانە بوو ماندێلا یەکەم جار بێیت گوێبیستیان بێت. ماندێلا تێبینی کرد کە چیکاکۆ سەری بادەدات و سەرنجی منی ڕاکێشا و ئاماژەیەکی گەردوونی باوك بۆ کوڕی کرد: (داوا لە خوشکە گەنجەکەت بکە پێکەوە سەما بکەن. منیش کردم و کاتێك گەڕاینەوە، پێی وتم (زۆر باشت کرد).

بەیانییەکی تر، من و ماندێلا لە ژووری نان خواردنەکەی نانی بەیانیمان دەخوارد و چیکاکۆ بەلاماندا تێپەڕی. ماندێلا بانگی کرد (دە وەرە لامان دانیشە). دەستی لە کورسییەکەی تەنیشت خۆیدا و وتی (چیکاکۆ تاکە کەسێکە کە منی خۆش دەوێت). منیش وتم ملیۆنان کەس تۆیان خۆش دەوێت. بزەیەکی هات و وتی (بەڵێ، بەڵام چیکاکۆ لە نزیکەوە خۆشی دەوێم و ئەو خەڵکانە لە دوورەوە خۆشیان دەوێم). چیکاکۆ لەگەڵ ئەودا دەستیکرد بە پێکەنین. ئەمەش ئاماژەیەکی دیاری هەبوو. ماندێلا هەستی بە خۆشەویستییەکی ئەبستراکت دەکرد، بەڵام خەڵکانێکی کەم هەبوون کە ئەم پەیوەندییەکی گەرم و گوڕی لەگەڵیاندا هەبێت. ئەو وەسانەی کە دەبووایە لێیەوە نزیك بن- وینی، هەندێ لە منداڵەکانی- دوور بوون یان دابڕا



Scanned with CamScanner

بوون. ئەو تەنیا بوو و هەستی بەوە دەکرد کە جارێکی تر بووەتەوە زیندانی- ئەمجارەیان بەهۆی ناوبانگ و دەسەڵاتەوە گۆشەگیر ببوو.

هەر لەو ماوەیەدا بوو کە ماندێلا گفتوگۆی سۆزی لەگەڵ ئەو ژنەدا هەبوو کە قەرەبووی ساڵانی لەدەستچووی بۆ دەکردەوە. (گراسا ماشێل) بێوەژنی (سامۆرا ماشێل)ی سەرکردەی شۆڕشگێڕی (مۆزەمبیق) بوو کە لە تێشکانی فڕۆکە لە ساڵی ١٩٨٦دا مرد. ئەو کەسایەتییەکی سیاسی زەنگین بوو لە مۆزەمبیق، چالاکوانێك بوو لەپێناو هەژار و بێبەشان. ئەو کاتە تەمەنی چل و هەشت ساڵ بوو، گەرم و گوڕ و بتەو بوو. ئەو بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩٩٠دا بینیبووی، چەند مانگێك پاش ئازادبوونی لە زیندان، کاتێك سەردانی مۆزەمبیقی کرد و پەیوەندییان درێژەی هەبوو. پاش جیابوونەوەی رەسمی لە وینی لە ساڵی ١٩٩٢، دەستیکرد بە گفتوگۆی سۆزی لەگەڵ ئەودا. ئەگەرچی ئەوان کەوتنە داوی خۆشەویستی یەکترییەوە، ژنەکە نابەدڵ بوو لە هاوسەرگیری. لەبری ئەمە، لە گەشتەکاندا هاورێیەتی دەکرد و ئەمیش لە مۆزەمبیق سەردانی دەکرد. لە ساڵانی ١٩٩٣ و ١٩٩٤دا، پەیوەندییەکەیان هێشتا نهێنی بوو، بەڵام ماندێلا باسی سۆزی لەبەرانبەریدا بۆ کردم. من زۆر جار لەگەڵیدا بووم کاتێك پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵیدا هەبوو و پێی دەوت بلوزێك لەگەڵ خۆیدا بێنێت ئەگەر کەش و هەوا سارده یان چەتر بێنێت ئەگەر باران بێ.

ماندێلا لە ساڵی ١٩٩٦دا وینی تەڵاق دا و لە ساڵی ١٩٩٨دا پەیوەندییە رۆمانسییەکەی ئاشکرا کرد. لەسەر تەلەفزیۆن وتی (من خانمێکی دڵگیرم

خۆش دەوێت. لە ناخۆشی و سەختییەکان پەشیمان نیم، چونکە لە دوادواکانی ژیانمدا وەکو گوڵ دەگەشێمەوە، بەهۆی ئەو خۆشەویستی و پاڵپشتییەی بە منی ئەبەخشێت).

هەروەکو گراسا پێی وتم پاش ئەوەی لە هەشتایەمین ساڵڕۆژی لەدایکبوونی ماندێلادا لە ١٩٩٨ هاوسەرگیرییان کرد (ئەو دەتووانێت زۆر قووڵ خۆشی بوێیت، بەڵام هەوڵ دەدات لە دەرکەوتنە گشتییەکانیدا بەباشی کۆنترۆڵی بکات. بەشێوەی تایبەت، ئەو دەتوانێت ڕێگە بەخۆی بدات مرۆڤێك بێت. حەز دەکات خەڵکی بزانێ ئەم دڵخۆشە).

بەدرێژایی ژیانی، لە حساباتی نێوان خۆشەویستی و ئەرکدا، تەقریبەن ئەرك هەمیشە براوە بووە. لە ژیانی شۆڕشگێڕێك و زیندانییەکدا بوارێکی کەم هەیە بۆ خۆشەویستی. بەڵام ماندێلا قەت وازی لە خۆشەویستی نەهێنا، تەنانەت ئەو کاتەش کە دوادەخرا یان ئەستەم بوو. باوەڕی بە هێزی خۆشەویستی بەهێزتر و بەهێزتر دەبوو لەکاتێکدا کە لە زینداندا بوو. جارێکیان پێی وتم (کاتێك تۆ ژنێکت خۆش دەوێت، کێماسییەکانی نابینیت. خۆشەویستی هەموو شتێکە. تۆ سەرنج نادەیتە ئەو شتانەی کە لەوانەیە ئەوانیتر بە کەموکوڕی لەوانیتردا بیبینن. تۆ خۆشت ئەوێ و تەواو).

ئەمە شێوازی ئەو بوو. دواجار، لە تەمەنی هەشتا ساڵیدا، خۆشبەختیەکەی لەگەڵ گراسا ماشێلدا دۆزییەوە. ئەمە ئەو کۆتاییە بەختەوەرانەیە بوو کە نیو سەدە بوو بەدوایدا دەگەڕا.



Scanned with CamScanner

## ١٣

# وازهێنانیش، ڕێبەرایەتییە

لە زۆر ڕووەوە، گەورەترین کرداری ڕێبەرایەتیی ماندێلا وازهێنان بووە لێی. کاتێك بووە یەکەم سەرۆکی دیموکراتیانە هەڵبژێردراوی ئەفریقای باشووری ئازاد، لەوانەبوو بیتوانیایە تا دەمرێ سەرۆك بێت ئەگەر بیویستایە. بە دڵنیاییەوە دەتوانرا بەشێوەی زارەکی بۆ دووەم خولی پێنج ساڵی هەڵببژێدرایەتەوە. بەڵام دەیزانی کارە سەرەکییەکەی چییە، وەکو سیریل رامافۆسا دەڵێت (بۆئەوەی ڕێڕەوەکە دابڕێژێت نەك سوکانی کەشتییەکە بگریتە دەست). بۆیە لە نیسانی ١٩٩٥دا، کە تەنیا ساڵێك بەسەر خولی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەیدا تێپەڕیبوو، تێبینی ئەوەی کرد کە لە ساڵی ١٩٩٩دا دەبێتە هەشتا ساڵ و (نابێت کەسێکی ئەو تەمەنە دەم لە سیاسەت وەربدات). کاتێك لێیان پرسی ئاخۆ کێبرکێی خولی دووەمی سەرۆکایەتی دەکات، لە وەڵامدا وتی (بە دڵنیاییەوە نەخێر). هەر واش بوو.ئەمەیە کرداری یەکلاییەکەرەوەی ڕێبەرایەتی.

ماندێلا یەکەم زیندانی سیاسی نەبوو کە بوو بە سەرۆکی گەلی ئەفریقا. لە راستیدا، ئەو بەشێك بوو لە نەریتی سەدەی بیستەم. لە کینیا (کێنیاتا)، لە (غانا) نکروما، لە زیمبابۆی (موگابی) هەبوون. ئەوەی کە ئەفریقا



Scanned with CamScanner

بەدەگمەن ئەزمونی کردبوو، ئەوە بوو کە سەرۆکێك بە ویستی خۆی ئۆفیسی سەرۆکایەتی جێ هێشت– چ بەپێی دەستوور یان بە ئیرادەی گەل. زۆربەیان بەشێوەیەکی ئاسۆیی یان بە زەبری مەخزەنی کلاشینکۆف بەجێیان هێشتبوو. رۆبەرت موگابی سەرۆکی زیمبابۆی هاوسەردەمی ماندێلا هێشتا چنگی لە دەسەلات گیر کردووە پاش وێرانکردنی ولاتەکەی خۆی.

ماندێلا سوور بوو لەسەر ئەوەی پیشانی بدات کە نەك تەنیا خەلکی ئەفریقا ئەتووانن خۆیان حوکمی خۆیان بکەن، بەلکو ئەفریقا دەتووانێ کیشوەری دیموکراسییە دەستووریەکان بێت. ئەو لە زۆر رووەوە ئاوێنەی ئەفریقیی جۆرج واشنتن بوو، کە بریاریدا وەکو یەکەم سەرۆکی ئەمریکی تەنیا دوو خول حوکم بکات و ئینجا ببێتەوە بە هاولاتییەکی ئاسایی. بریاری واشنتن بۆ وازهێنان لە ئەگەری سەرۆکبوونی تاهەتایی (کە زۆر کەس پشتیگرییان دەکرد) نەخشەرێیەکی بۆ سەرۆکایەتی ئەمریکا دانا. وەکو واشنتن، ماندێلا تێگەیشت لەوەی کە شوێنپێیەکانی، دەبنە یەکەمین لەناو لمدا بۆئەوەی ئەوانتر پیایدا برۆن. ماندێلا دەیزانی نموونەکەی ئەو زۆرتر دەخایەنێت، کاریگەرتر دەبێت لە هەر سیاسەتێکی تر کە ئەم بەرقەراری دەکات.

کاتێك دواجار ئۆفیسی سەرۆکایەتی جێ هێشت، بروای وابوو کە دەبێ بە راستی خانەنشین ببێت، ئەوەی کە دەبێ وەکو سەرکردەی رۆمانی (سینسیناتەس) بێ کە گەرایەوە بۆ کێلگەکەی و ژیانێکی ئارامی بەسەر



Scanned with CamScanner

برد. ماندێلا بەشێوەیەکی دیاریکراو ژیانێکی هێمنی نەدەویست– هێشتا کەیفی بە راکێشانی سەرنجی گشتی دەهات– بەڵام لەوە تێگەیشت کە ناتوانێ بە ویستی خۆی ئۆفیس جێ بهێڵێت و وا لە خەڵك بکات پێیان وابێت هێشتا تینووی سەرۆکایەتییە. کاتێك تۆ گۆڕەپانەکە جێ دەهێڵێت، ناتوانیت هێشتا لە پشت پەردەکەوە سەرت بلەقێنیت. بۆ ماوەی چەند ساڵی یەکەم، ئەو سوور بوو لەسەر ئەوەی کە قسە لەسەر سیاسەتەکانی جێگرەوەکەی نەکات. ئەو تێگەیشت لەوەی رێڕەوەکەی داڕشتووە، ئێستا کاتی ئەوە بوو ئەوانیتر سوکانی کەشتییەکە بگرنە دەست.

***

ماندێلا دەزانێت شەڕکردن لەسەر هەموو پرسێك کەڵکی نییە و هەندێ جار قبوڵکردن باشترین شتە. بارودۆخ هەن تیایدا دەشێ باشتر بێت ئێمە سامانەکەمان رزگار بکەین. لە دوورگەی رۆبێن، زیندانییەکان بە بەردەوامی مشتومڕیان لەگەڵ یەکتریدا دەکرد. دەیانتووانی مشتومڕ لەسەر هەموو شتێك بکەن، بەڵام ناونیشانی سنووردار هەبوون. ئاخۆ حزبی کۆمەنیست و حزبی کۆنگرەی نیشتمانی یەکن یان نا، ئاخۆ پێویستە ئایندەی حکومەتی دیموکراتیکی ئەفریقای باشوور حزبی نیشتمانیی زۆرینە ئافریقایی بگرێتەخۆ، و لەوانەشە گەرمترین ناونیشان (و بە دڵنیاییەوە خۆشترینیشیان) ئەوە بووبێت کە، ئاخۆ پڵنگ بە رەچەڵەك هی ئەفریقایە یان هیندستان، ئەفریقییە یان ئاسیاییە. هەرچۆنێك بێت، پێ بە پێی تێپەڕینی ساڵان، زیندانیی زۆر هەبوون کە قەناعەتیان وابوو



Scanned with CamScanner

ئەفریقا زێدی پڵنگە و بە دڵسۆزییەوە مشتومڕیان لەسەر بابەتەکە دەکرد. بەتایبەت زیندانییەك هەبوو کە لەسەر ئەم بابەتە توند بوو و ڕۆژێکیان ماندێلا پێی وت ئەوە ڕاستییەکی سادەیە کە ئەفریقا پڵنگی لێ نەبوون. زیندانییەکی هەڵچوو و کاردانەوەی ماندێلا ئەوە بوو بەشەڕ نەیەت بەڵکو مشتومڕەکە ببڕێنێتەوە - بڵێت (زۆر باشە)- و چاوەڕوان بێت. هەر چاوەڕێش بوو تا چەند ساڵێك دواتر، زیندانییەك گەیشت کە بواری ئاژەڵناسی خوێندبوو و سەرانسەری جیهان گەڕابوو. تازە گەیشتووەکە وتی، بێگومان پڵنگ ڕەچەڵەکی ئەفریقی نییە. ئەمە بووە جێی قەناعەتی هەمووان، تەنانەت زیندانییە لاسارەکەش. ماندێلا هیچ خۆی تێك نەدا.

***

ماندێلا هەمیشە خۆگر بووە. هەمووان شایەتی لەسەر ئەمە دەدەن، هەر لە نزیکترین دۆستەکانیەوە لە دوورگەی ڕۆبێن تا (گراسا ماشێل)ی هاوسەری. کاتێك بڕیار ئەدات، بۆ هەمووان قورسە بیگۆڕن. بەڵام دەشێ خۆی بیگۆڕێ، بەتایبەت کاتێك ڕووبەڕووی بەڵگەیەك دەبێتەوە کە نەگۆڕینی بڕیارەکەی لێکەوتەی سلبی ئەبێ. ئەو دەمەقاڵێ و مشتومڕ ئەکات و هەوڵی ڕازیکردن ئەدات، بەڵام ئەو ساتەی کە درك ئەکات بەوەی کە بڕیارەکەی کرداری نییە یان بژاردەیەکی ژیرانە نییە، ئەوا هەروا بە سادەیی پاشگەز ئەبێتەوە.

ڕۆژێکیان ماندێلا لێی پرسیم ئاخۆ هیچ وڵاتێك دەناسم کە تیایدا تەمەنی دەنگدان لەژێر هەژدە ساڵییەوەیە. دەمزانی بۆ دەپرسێت.



Scanned with CamScanner

هەڵبژاردن نزیك دەبووەوە و نیوەی دانیشتووانی ئەفریقای باشوور لەژێر تەمەنی هەژدە ساڵییەوە بوون- پشکی شێریش ئەو گەنجانەی ئەفریقای باشوور بوون کە دەنگیان بە حزبەکەی ئەو دەدا، واتە حزبی کۆنگرەی نیشتمانی، ئەگەر بوار بدرایە.

من توێژینەوەیەکم کرد و شتێکم دایە دەست کە لیستێکی زۆر شکۆمەندانە نەبوو: کوبا، نیکاراگوا، کۆریای باکوور، ئیندۆنیزیا و ئێران. لەگەڵ ئەوەشدا، دڵخۆش بوو و وتی (زۆر باشە، زۆر باشە). ئەمە بەرزترین ئاستی دەستخۆشی بوو. دوو هەفتە دواتر، چووە سەر تەلەڤزیۆنی ئەفریقای باشوور و پێشنیاری ئەوەی کرد تەمەنی دەنگدان کەم بکرێتەوە بۆ چواردە. نارەزایەتییەکی کتوپڕ لە میدیا و لەناو حزبەکەیدا رەنگیدایەوە. خەڵکی پێیان وابوو ئەم بیرۆکەیە گەمژانەیە و زۆر کەس وشەی لەمە خراپتریشیان بەکارهێنا.

چەند هەفتەیەك دواتر، من بە توانجەوە پێم وت کە بیرۆکەکەی کتومت بە تامەزرۆییەکی گەردوونییەوە پێشوازی لێنەکرا. روخساری گرژ کرد، سەری بەرەو دواوە چەماندەوە و وتی، سەرکەوتوو ئەبم. سەرەنجام، نارەزایەتییەکە زۆر بەهێز بوو. رامافۆسا کە لە کۆمیتەی راپەڕاندنی نیشتمانیدا بوو، دەگێڕێتەوە و دەڵێت (دەیویست بیرۆکەکەیمان بەسەردا ساغ بکاتەوە. بەڵام ئەو تاکە پشتیوان بوو. دەبووایە ئەو واقعیەتە قبوڵ بکات کە سەرکەوتوو نابێت. بە ریسواییەکی زۆرەوە قبوڵی کرد. خۆی تێك نادات).



Scanned with CamScanner

کاتێك ماندێلا پاشەکشە دەکات، قەت نازانیت ئاخۆ پێشتر هەستێکی جیاوازی هەبووە. ئەو رێك ئەچێتە دیوێکی ترەوە و وەکو ئەوەی هیچ نەبووبێت ئەیگرێتە خۆ. تەنانەت ئەو بەوە پێدەکەنێت کە چۆن جارێکیان شەڕی بۆ ئۆپۆزسیۆن کردووە. ساڵانێك دواتر، هەرکاتێك پرسی دەنگدانی چواردە ساڵان بهاتایەتەوە بەر باس چاوی لەمن دادەگرت. ئەو دەزانێت کە ملدانیش دەشێ جۆرێك لە سەرکەوتن بێت- ملدان بەو مانایە دێت کە تۆ دەچیتە ریزی لایەنی براوە. ئەو کاتە تۆش دەتووانی بانگەشەی براوەیی بکەیت.



Scanned with CamScanner

## ١٤

## هەمیشە هەردووکیانە

نیلسۆن ماندێلا بە ناکۆکهاتنەوەکان ئاسودەیە. تەنانەت ئەوانەی خۆشی. کاتێك من لەگەڵیا بووم، هەندێ جار بیرم لە رستەکانی (گۆرانی خۆم)ی والت وایتمان دەکردەوە:

ئایا من هاودژم لەگەڵ خۆمدا؟

زۆر باشە کەوایە من هاودژی خۆمم،

(من گەورەم، من فرەڕەنگم)

ئەو گەورەیە. فرە رەنگە. زۆرجاریش لەگەڵ خۆیدا هاودژە. ئەو تێدەگات لەوەی کە جێگیری لەپێناو خۆیدا، فەزیلەتێکی ساختەیە و ناجێگیری لەخۆیدا کێماسییەك نییە. ئەو دەزانێت مرۆڤەکان بوونەوەری ئاڵۆزن و خەڵکی چەندەها ئەنگێزەیان هەیە.

لە چاوپێکەوتنێکدا، جارێکیان لە ماندێلام پرسی: تۆ لەبەرئەوە چوویتە ناو ململانێی چەکدارییەوە کە پێت وابوو ناتوندوتیژی قەت شکست بە ئاپارتاید ناهێنێت یان لەبەرئەوەی تاکە رێگا بوو بۆ پاراستنی لە کۆنگرەی نیشتمانی لە کەرتبوون؟ مانگێك ئەبوو پێکەوە ئیشمان دەکرد



Scanned with CamScanner

و هێشتا لەگەڵ یەکتریدا ڕانەهاتبووین. لە هەفتەکانی سەرەتای وتوێژەکانماندا، ماندێلا زۆر ڕەسمی بوو و وەها وەڵامی پرسیارە هەندێ جار قورسەکانی منی دەدایەوە وەك بڵێیت لە کۆنگرەی ڕۆژنامەوانیدایە و خوی دەدایە وەڵامە وشك و پێشبینیکراوەکان. لەگەڵ ئەوەدا کە بە یەکتری ڕاهاتین، وەها مامەڵەی لەگەڵ پرسیارەکانمدا دەکرد وەکو ئەوەی بەردەبازێك بن بۆ گێڕانەوەی بەسەرهات یان خستنەڕووی خاڵێکی گرنگ. بەڵام لەم وەختەی پەیوەندییەکەماندا، لەو نێوانەدا ماوینەتەوە. بەشێوەیەکی ئاسایی، ئەو کەمێك لە پرسیار ورد دەبووەوە و ئینجا دەیڕوانییە دوور لەکاتێکدا کە دەستیدەکرد بە درکاندنی وەڵامەکەی. هەرچۆنێك بێت، ئەمجارەیان سەرنجێکی وەهای تێگرتم وەك بڵێی ئاوێتەیەك لە هەراسانبوون و سەرسوڕمانی پێوە بێت.

ئینجا وتی (ریچارد، بۆ هەردووکیان نەبێ؟)

من زۆرجار پرسیارەکانمان بەشێوەیەکی ئاقڵانە خستوونەتەڕوو: ئایا شتەکە بەم شێوەیە بوو یان بەو شێوەیە بوو؟ ئایا هۆکارەکە ئەلف بوو یان با؟ بەڵێ/نەخێر؟ زوو، بۆم دەرکەوت کە ئەمە بێزاری دەکات، چونکە بەلای ماندێلاوە، وەڵام تەقریبەن هەمیشە هەردووکیەتی. قەت ئەوەندە سادە نییە بەڵێ یان نەخێر بێت. ئەو دەزانێ هۆکاری پشت هەر کردارێك بە دەگمەن ڕوونە. وەڵامی سادە بۆ زۆربەی پرسیارە قورسەکان لەئارادا نین. دەشێ هەموو ڕوونکردنەوەکان ڕاست بن. هەموو کێشەیەك زۆد



Scanned with CamScanner

هۆکاری هەیە، نەك تەنیا یەك. ئەمە ئەو شێوازە بوو کە ماندێلا جیهانی پێ دەبینی.

ئەو جارێکیان بەسەرهاتێکی نەستەقی گەنجێکی خوسی بۆ گێڕامەوە کە گوندە بچوکەکەی جێ هێشتبوو بۆ گەڕان بەدوای هاوسەردا. ساڵانێکی بە گەشتکردن بە سەرانسەری جیهاندا بەسەر برد بۆ دۆزینەوەی ژنێکی کامڵ، بەڵام نەیدۆزییەوە. سەرەنجام بەبێ بوك گەڕایەوە بۆ لادێ. لە رێگای گەڕانەوەیدا چاوی بە ژنێك کەوت و وتی (ئاه، ئەوە هاوسەری خۆمم دۆزییەوە). ماندێلا وتی، دەرکەوت کە بەدرێژایی ژیانی، ئەم ژنە دراوسێیان بووە. لێم پرسی (ئاخۆ پەندی چیرۆکەکە ئەوەیە کە پێویست ناکات زۆر دوور بڕوانیت بۆئەوەی ئەو شتەی بەدوایدا دەگەڕێیت بدۆزیتەوە چونکە هەر لەبەردەمتایە؟) یان ئەوەیە کە پێویستە ئەزموون و مەعریفەتی زۆرت هەبێت بۆئەوەی قەدری ئەو شتانە بزانیت لێتەوە نزیکترین و ئاشناترینن؟)

بۆ ساتێك بیری لەمە کردەوە، سەری لەقاند و وتی (تاکە لێکدانەوەیەك نییە، دەشێ هەردووکیان راست بن).

***

کاتێك ماندێلا لە زیندان ئازاد بوو، خەڵکی وایاندانا کە ئەو جیهانی بەشێوەی رەش و سپی بینیووە. دواجار، بەشی هەرە زۆری ژیانی پێگەیشتوویی کردە قوربانیی خەونێکی سادە و روون. حەق لەگەڵ ئەودا بوو، بەهەمان شێوە رای گشتی جیهانیش. ئاپارتاید، ئەگەر نەشڵێین

داکۆکیکاری نەبووە، ئەوا ژمارەیەکی کەم بەرگرییان لێدەکرد. بەڵام دەرکەوت کە ئەو پیاوە حەفتا و یەك ساڵەی کە لە زیندان هاتووەتە دەر زۆر لەوە تەمومژاویتر بێت لەوەی خەڵك پێشبینی دەکرد. ئەو لە ترسی سپی پێستەکان و نائومێدی رەش پێستەکان تێگەیشت، ستایشی کاریگەریی خێڵگەرایی و هێزی مۆدێرنیزمی کرد، ئەو لە هێزی خۆماڵیکردن و سیحری بازاڕی ئازاد تێگەیشت، درکی کرد بە خۆشەویستی ئافریقاییەکان بۆ یاریی رەگبی و رقی جەنگاوەری ئازادی لێی. ئەو تەقریبەن هەمیشە دوو دیوی هەموو پرسێکی بینیووە و ویستەکەی ئەوە بووە پێگەیەك لەو نێوانەدا بدۆزێتەوە، رێگەیەکی ئاشتکردنەوەی هەردوو دیوەکە. ئەمە، تا رادەیەك لە پێویستیی قووڵییەوە هات بۆ رازیکردن و بەکێشکردنی خەڵك، بەڵام بەزۆری لەوەوە دەهات کە دیدێکی نائایدۆلۆژی هەبوو بۆ جیهان و درکی بە تۆڕی جاڵجاڵۆکەیی ئەنگێزەکانی مرۆڤ دەکرد.

من لە شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ دۆستەکانیدا، زیرەکیی تێگەیشتنی ماندێلام تێبینی کرد- ئەو هەمیشە تێکەڵەیەکی لە ئاوێتەکان دەبینی، باش و خراپ، شانازی و شەرمەزاری. لە شێوازی روانینیدا بۆ شتەکان بینیم- بە لەبەرچاوگرتنی ئەمەی کە هیچ لایەك بە تەنیا بانگەشەی فەزیلەت یان لەسەرحەقبوونی نییە. بیرمە باسی ململانێی لەسەر دوورگەکە بۆ کردم لەپێناو خواردندا. زیندانییە هیندی و نەژاد تێکەڵەکان خواردنیان کەمێك باشتر بوو و گۆشتەکەیان زیاتر بوو. زیندانییەکانی خەڵکی ئەفریقا نارەزاییان دەربڕی لەمەڕ ئەوەی کە دەبێ خواردنەکان



Scanned with CamScanner

وەکو یەك بن و تێگەیشتن لەم رەئیەیان ئاسان بوو. بەڵام ئەو بەهەمان شێوە خۆی تووشی گرفت دەکرد لەوەی کە قسە لەگەڵ زیندانییە هیندییەکان و نەژاد تێکەڵەکاندا بکات، کە نیگەرانی ئەوە بوون لە بەرژەوەندیی (یەکسانییەکی هەڵە)دا خواردنەکەیان خراپتر بکرێت. سەرەنجام، بەرپرسەکانی رازی کرد بەوەی خواردنی باشتر بۆ هەمووان دابین بکەن. ئەو هەموو لایەنەکانی دەبینی، قسەی لەگەڵ هەموو لایەنەکاندا دەکرد و هەوڵی دەدا هەموو لایەکان ئاشت بکاتەوە.

بێگومان، هەمیشە مومکین نییە هەمووان دڵخۆش بکەیت. هەندێ جار بارودۆخی ئازاربەخش هەبوون تیایاندا دەیتووانی هەردوو دیوەکە ببینێت بەڵام دەبووایە لەسەر دیوێکیان بگیرسێتەوە. ئەو لە خۆپارێزیی نەریتیی ئەفریقی لەبەرانبەر ئایدز و ئێچ ئای ڤی تێدەگەیشت، بەڵام دەیزانی ئەوە هەڵەیە کە دەرمانەکانی دژەڤایرۆس وەرنەگریت بۆ ملیۆنەها کەس کە لە وڵاتەکەیدا تووش ببوون. دەیویست (سیریل رامافۆسا) شوێنی بگرێتەوە، بەڵام تێگەیشت بۆچی نزیکترین دۆستەکانی (تابۆ مبێکی)یان پێ باش بوو. کاتێکیش وەختی تەڵاقدانی وینی هات، کە لەوانەیە ئازاربەخشترین بڕیاردانی کەسیی ژیانی بووبێت، هێشتا باشییەکی زۆری تێدا دەبینی، بەڵام دەیزانی ئەبێ چی بکات. کتومت لەبەر ئەوە بوو کە دەیتووانی لە یەك کاتدا چاکی و خراپی بەدی بکات- یادەوەریی ئەوەی کە بە باشترین شێوە لەودا خۆشی ویستبوو و بەئاگابوونیش لەوەی کە ئەو ئازاری ئەدا- ئەمەی کە بڕیارەکە زۆر بەئێشە بۆی.



Scanned with CamScanner

له دانوستانەکانیدا بۆ یەکەم حکومەتی وڵاتەکەی، زۆر سازشی کردن بۆئەوەی بگاتە ڕێکەوتنێك. هەرچەنە زۆرێك لە دۆستەکانی سەرسەختانە لەدژی ئەمە بوون، مافی ئەوەی دایە حزبی نیشتکانی کە لە پۆستە حکومییەکانیاندا بمێننەوە و حکومەتی یەکێتی پێ بەخشین، کە تیایدا (دی کلێك) جێگری سەرۆك بوو. بەڵام دەشیتووانی دیوی ناسیۆنالیستەکان ببینێت و دەیزانی ئامانجە باڵادەستەکە ئەوە بوو کە گرنگ بوو. بەڵێ، هەندێ پرەنسیپ هەبوون کە قابیلی دانوستان نەبوون- یەك کەس، یەك دەنگ، دیموکراسی گەردوونی- بەڵام دوای ئەمە، زۆربەی شتەکان لە سێبەری خۆڵەمێشیدا بوون.

سێبەری خۆڵەمێشی، دەربڕینی ئاسان نییە. ڕەش و سپی فریودەرە چونکە سادە و ڕەهایە. ڕوون و یەکلاییەکەرەوە دیارە. لەبەر ئەمە، ئێمە زۆرجار بەرەو وەڵامەکانی بەڵێ یان نەخێر، بەکێش دەبین کاتێك (هەردووك) یان (لەوانەیە) لە ڕاستی نزیکترە. هەندێ کەس تەنیا لەبەرئەوە بەڵێ یان نەخێری ڕوون دەردەبڕن چونکە پێیان وایە بەهێز دیارە. بەڵام ئەگەر خوی ئەوە پەیدا بکەین کە، وەکو ماندێلا، هەردووك دیوی پرسیارەکە لەمەڕ چاك و خراپ لەبەرچاو بگرین، لەوانەیە ئەو چارەسەرانە بەدی بکەین کە بەپێچەوانەوە درکمان پێ نەدەکردن. ئەم شێوازەی بیرکردنەوە قورسە. تەنانەت ئەگەر دەستیش بگرین بە تێڕوانینەکەمانەوە، ناچارمان دەکات خۆمان لە شوێنی ئەو کەسانە وێنا بکەین کە هاوڕا نین لەگەڵماندا. ئەمە هێزی ئیرادەی پێویستە و هاوخەمی



Scanned with CamScanner

و وێناکردنی گەرەکە. بەڵام پاداشتەکە، هەروەکو دەتووانین لە حاڵەتی ماندێلادا بەدی بکەین، شتێکە کە دەکرێ بە ژێری لەقەڵەم بدرێت.



Scanned with CamScanner

## ١٥

# باخی خۆت بدۆزەرەوە

هەرچەندە لە دوورگەیەکی لاتەریك بەڵام جواندا، ماندێلا پێویستی بە شوێنێکی جودا بوو. شوێنێك کە تیایدا دەیتووانی خۆت لەدەست بدات، بۆئەوەی خۆی بدۆزێتەوە.

ساڵانی سەرەتای دوورگەی رۆبێن، تەڵخ بوون. پاسەوانەکان رەق و بەکاربەر بوون. ئیش پشت شکێن بوو. زیندانییەکانیش تەنیا رێگەیان پێدەدرا هەر شەش مانگێك یەك کەس سەردانیان بکات و یەك نامەیان بەدەست بگات. بۆ ماندێلا، جیهانی دەرەوەش بەهەمان شێوە سەخت دیار بوو. کوڕە گەورەکەی لە رووداوی سەیارەدا مرد. وینی بەردەوام لەژێر هەڕەشەدا وو. کۆنگرەی نیشتمانی لە تاراوگە بوو. حکومەتی ئاپارتایدا دەسەڵاتی خۆی سەپاندبوو.

بۆیە، لە سەرەتاکانی ١٩٧٠کاندا، لە نێوەندی هەموو ئەم گرفتانەدا، نیلسۆن ماندێلا بڕیاریدا باخچەیەك دروست بکات. ئەمە ئێستا ئاسانتر دیارە لەوەی کە ئەو کاتە بەخەیاڵدا دەهات. یەکەم، دەبوایە داوای



Scanned with CamScanner

مۆڵەت لە بەرپرسانی زیندان بکات کە لە سادەترین داوا بەگومان بوون. تەنانەت لەوانەبوو داوایەکی سادە چەند مانگێك بخایەنێت. ئەو روونی کردەوە کە دەیویست خواردنەکەی خۆی و دۆستەکانی سەوزەی فرێشی لەگەڵدا دابنرێت و کامپەینێکی خستەگەڕ بۆ رازیکردنی بەرپرسان بۆئەوەی بە داواکە رازی بن.

لەناو ئۆفیسەکانی زیندانەکانەوە نامە رۆیشت و نامە هات. یادداشت نووسران. پارێزەر راوێژیان پێ کرا. دواجار، لە حەوشەی خۆڵی بەردەم ریزی زیندانەکان، ماندێلا رێگەی پێدرا باخچەیەکی بچوکی بەرتەسك چێ بکات.

رووبەری زەوییەکە وشك و بەردەلان و سەخت بوو. باخچەکە تەقریبەن سی و پێنج پێ درێژ بوو و هێندەی حەوشەیەك بەرین بوو و تەریب بوو بە ریزی زیندانە تاك ژوورەکان. پاسەوانەکان خرانە حاڵەتی ئامادەباشییەوە بۆئەوەی چاودێری کاری هەڵکەندن و چاندنەکەی بکەن.

سەرەتا دەستەکانی بەکار دەهێنا، بەڵام بەزوویی پێویستی بە هەندێ ئامێر هەبوون: خاکەناز و خاکڕن هەبوو. داوای لە هاوڕێیان و خێزانەکەی کرد کە تۆوی بۆ بنێرن. لەکاتێکدا کە پیاوەکانی تر یاری تاوڵەیان دەکرد یان دەیانخوێندەوە یان حەوشەکە دەمەتەقێیان دەکرد، ماندێلا خەریکی باخچەکەی بوو. زیندانییەکانی تر بزەیان بە پیرەپیاو و باخچەکەی دەهات. ئەو زۆر شانازی پێوە دەکرد.



Scanned with CamScanner

پێی وتم: ( خاکەکە زۆر باش نەبوو، بەڵام من دروێنەیەکی باشم لێی کرد).

ئەو تەماتە، پیاز، بیبەر و سپێناخی رواند. رێگەشی پێدرا سەوزەکە بداتە مەتبەخەکە بۆئەوەی لەگەڵ بەرنامەی خواردنەی ئاسایی زیندانییەکاندا تێکەڵ بکرێت کە هاڕاوەی گەنمەشامی و ناوبەناو پارچەیەك گۆشت بوو. لە ماوەی چەند ساڵی یەکەمدا، کاربەدەستانی زیندان لە ماندێلا و باخچەکەی بەگومان بوون. گومانی ئەوەیان هەبوو پاڵنەرێکی خراپی هەبێت کە ئەمان پەی پێنابەن. ماندێلا پێکەنینی بە کاردانەوەکەی ئەوان دەهات.

بەیانییەك پێی وتم (دەزانی سەرانسەری دوورگەی رۆبێن گۆڕی لێن. کاتێك لە حەوشەی زیندانەکەدا خاکم بۆ باخچەکەم هەڵدەکەند، ئێسقانی زۆرم دۆزینەوە. من ئێسقانەکانم دەبرد، کەمێك دەمشکاندن و پاشان لەبەر هەتاو دامدەنان بۆئەوەی وشك ببنەوە بۆئەوەی بتووانم بیانهاڕم و وەکو پەین بۆ باخچەکەم بەکاریان بێنم. رۆژێکیان ئەفسەری فەرماندە، کە کابرایەکی شڵەژاو بوو، بەلادا تێپەڕی، ئێسقانەکانی بینی و بە یەکێك لە دۆستەکانمی وت (ئەم ئێسقانە چین؟ ماندێلا چییان لێ دەکات؟) زۆر شڵەژاو بوو ئەزانیت. دۆستەکەم شانەکانی هەڵتەکاندن و وتی نازانم. پاشان هاتە لای من و وتی (ماندێلا، چی لەم ئێسقانە دەکەیت؟) وتم (وەکو پەین بەکاریان دێنم. وردیان دەکەم و دەیانکەمە پەین). ئەفسەر پێدەچوو بەگومان بێت. وتی (نا). وتم (ئێسقان بە پەینێکی بەهێز



Scanned with CamScanner

ناسراون). بەڵام ئەفسەر هێشتا پێدەچوو دوودڵ بێت و وتی (ماندێلا، لە ئێستا بەدواوە، لە شار پەینت بۆ دەکڕین. تەنیا پێمان بڵێ چیت پێویستە و چەنێکت پێویستە و ئێمە بۆتی دەهێنین. بەڵام چیتر بۆ ئێسقان خاك هەڵمەکەنە). دوایی بۆم دەرکەوت پێی وابووە کە من بە هەڵدانەوەی خاك بۆ ئێسقانی کۆن و وتنی ئەمەی کە زیندانییان بە نهێنی لە دوورگەی ڕۆبێن نێژراون، هەوڵی شەرمەزار کردنی بەرپرسانی زیندان و حکومەت ئەدەم.

ماندێلا دەستیکرد بە نووسینی نامە بۆ وینی و ئەوانیتر لەبارەی باخچەکەیەوە. ئەو گێڕایەوە کە چۆن ڕووەك و سەوزەکانی وەکو منالی خۆی وابوون. باسی وەرزەکان و خاك و بەروبوومەکەی کرد. لەوانەیە هەندێ کەس گومانی ئەوەیان کردبێت کە ئەو بە ڕەوانبێژی دەدوێت و مەبەستی لە شتی واقیعی نییە، بەڵام تەنیا باسی ئەو شتەی کردبوو کە خۆشی پێدەبەخشی. لە دواواکانی ١٩٧٠کاندا، لەکاتێکدا کە دوورگەکە ئیتر سەرکوتکارییەکەی کەم دەبووەوە، ماندێلا سەوزەکەی ئەدایە پاسەوانەکان بۆ خێزانەکانیان و ئەو ڕێگەی پێدرا دووەم باخچەی لە دەرەوەی حەوشەکە دابچێنێت. بەزوویی پاسەوانەکان دەستیانکرد بە دابینکردنی تۆو و ئەمیش بەروبوومەکەی بۆ دابین دەکردن.

لەو ماوەیەدا کە پێکەوە کارمان دەکرد، گەشتێکم بۆ کەیپ تاون ئەنجامدا بۆ بینینی دوورگەی ڕۆبێن. لە دانیشتنی دواترماندا لە دوای سەردانەکەم، بە ماندێلام وت چوومە دوورگەکە. یەکەم پرسیاری ئەوە بوو لە من ئاخۆ زیندانەکەی یان شوێنی کانە بەردەکە یان بلۆکی زیندانە

تاکەکەسییەکەم بینیووە. لێی دەپرسیم (پێیان وتیت باخچەکەم لە کوێیە؟)

لە راستیدا، پیشانیان نەدام. ئەو پاسەوانانەی کە شوێنەکانیان پیشان دەدام ئەو کاتەی ماندێلا لەوێ بووە لەوێ نەبوون. تەنانەت هیچیان لەبارەی باخچەکە نەدەزانی. من هەموو شتێکی ترم بینیبوو، بەڵام باخچەکە نەمابوو. ماندێلا نائومێد بوو.

لە دوورگەی رۆبێن، کە خۆشیی کەم هەبوون، باخچەکەی ماندێلا ببووە دوورگەی تایبەتی خۆی. مێشکی ئارام دەکردەوە. لە نیگەرانییە کتوپڕەکانی لەبارەی جیهانی دەرەوە، خێزانەکەی و خەباتی ئازادی، دووری دەخستەوە. لەکاتێکدا کە لە دەرەوە شتی زۆر بەرەو فەوتان دەچوون، باخچەکەی لە گەشەدا بوو. ماندێلا هەمیشە هێزی تەرکیزی گەورەی هەبوو و زیندانییەکانی تر تێبینی ئەوەیان دەکرد کە چەنێك قاڵ بووە کاتێك خەریکی باخەوانییە. تیایدا ون بووە. ئەحمەد کاسرادا پێی وتم (ئەو باخچەیەی زۆر خۆش دەویست).

***

ساڵی ۱۹۸۲ بوو، کاتێك ماندێلا گوازرایەوە بۆ زیندانی پۆڵسمور لە سەر خاکی وڵات، کە لەبارەی باخەوانییەوە جدیتر بوو. ئەو و سێ لە هاوتا زیندانییەکانی ژوورێکی پان و پۆڕیان لە نهۆمی سێی زیندانەکە پێدرا. وەکو سێ زیندانیی جیاوازی نهۆمەکە، حەوشەیەکی گەورە و فراوانیان هەبوو. لەوێ بوو ماندێلا باخچەیەکی سەرنجڕاکێشی بونیاد نا لە رێگەی



Scanned with CamScanner

بەکارهێنانی بەرمیلە نەوتی گەورەی دوو کەرتکراو و پڕکردنیان لە خاك.
ئەو، تەماتە، پیاز، باینجان، شیلك، سپیناخ، کەلەرم، برۆکۆلی، شێلم و
فەرنابیتی دەچاند. هەموو بەیانییەك پاش وەرزشەکەی، بۆ ماوەی دوو
سەعات ئیشی لەسەر باخچەکەی دەکرد و ئینجا پاش نیوەڕۆیانیش ئیشی
لەسەر دەکردەوە. ئەمە لە پیشەیەك زیاتر بوو.

ڕۆژێکیان بیری خستمەوە و وتی (ئێستا ئیتر خاکێکی زۆر بەپیتم هەبوو
کە لە دەرەوەی زیندان دەمانهێنا و پاشەڕۆیەکی زۆریشمان بەدەستهێنا و
ئاه، چەنێك گەشەی کرد!) کاتێك ماندێلا باسی ئەم باخچەیەی کرد دەم و
چاوی زۆر گەشایەوە.

ئەو توێژینەوەی لەسەر باخداری کرد. داوای کتێبی لەبارەی کشتوکاڵ
و باخداری کرد کە خۆی پارەکەی ئەدا. جارێکیان نیوسەعاتی بەوە
بەسەر برد کە بۆم باسی جۆرە جیاوازەکانی ئەو پەینە بکات کە بەکاری
هێنان. بۆ نموونە دەیگوت پاشەڕۆی کۆتر (زۆر مەترسیدارە، زۆر بەهێزە.
دەبێ زۆر وریا بیت. بیکەیتە تۆز بیکەیتە ناو ئاو و دڵنیا بیتەوە لەوەی کە
زۆر روونە). چەندەی لە سیاسەتدا قاڵ بوو، لە پەینەکانیشدا قاڵ ببوو.
هەستی بە پەشیمانی کرد کە بیری هاتەوە نەیتووانیووە عەلی بابا
بچێنێت. وتی (پێویستە دان بەوەدا بنێم کە زانیاریم لەبارەی چۆنێتی
رواندنی عەلی بابا زۆر باش نەبوو. قەت گەشەیان نەدەکرد). بەڵام بە
شانازییەوە ئەوەی باس کرد کە چۆن جارێکیان ئەفسەری فەرماندە داوای
لە پاسەوانەکان کردووە قەدێکی سپیناخەکانی ماندێلای بۆ بهێنن چونکە

زۆر بەرز ببوونەوە. (شانازیی زۆرم بەو باخچەیەوە دەکرد. هەموو یەکشەممەیەك، سەوزەواتم بۆ هەموو ستافی مەتبەخەکە دابین دەکرد).

لە ساڵی ١٩٨٥دا، بە مەبەستی نەشتەرگەریی پرۆستات گوازرایەوە بۆ کەیپ تاون و کاتێك گەڕایەوە، خرایە نهۆمی یەکەم، لە دۆستەکانی جیا کرایەوە. ئەمە کۆتایی باخچەکە بوو و بۆ ماوەی چەند مانگێك دواتر خەفەتی بەم لەدەستچوونەوە دەخوارد.

لە جیهانێکدا کە تیایدا نەیدەتووانی شتی شاراوە و ممتلکاتی خۆی هەبێت، باخچەکە بستە خاکێك بوو کە بە تەواوی هی خۆی بوو. لە جیهانێکدا کە نەیدەتووانی کۆنترۆڵی بکات، ئەمە تەحەدای ئەکرد و سزای ئەدا. ئەمە هاودژ بوو لەگەڵ بەهاکان و خەونەکانیشدا، ئەمە شوێنێك بوو بۆ جوانی و نوێبوونەوە. ماندووبوون پاداشتی بەدواوە بوو. وەرزەکان بەشێوەیەکی سیستەماتیك دەگۆڕان. تۆوەکان دەبوونە رووەك. لقەکان درێژ دەبوونەوە. گەڵاکان دەردەچوون.

لە کێڵانی باخچەکەیدا، ماندێلا بەهەمان شێوە یادەوەریی خۆشی سەروەختی منداڵێتی نوێ دەکردەوە. لە یادداشتەکانی زیندانیدا، باسی ئەوە دەکات کە پاش مردنی باوکی بردراوە بۆ (مقهێکێزوێنی)، شوێنەکە مەزنەکە، چاوی بە باخچەکەی پاشا کەوتووە (لە سێبەری دوو درەختی بنێشتدا...درەختی خۆخ و گەنمەشامی لە باخەکەی پێشەوە هەبوون و باخێکی گەورە لە پشتەوە هەبوو کە درەختی سێو، گەنمەشامی، سەوزە و ریزە گوڵی لێبوو). سەرسام بوو بەو باخچەیە.



Scanned with CamScanner

کاتێك دەمەتەقێمان دەکرد ئەو ناوبەناو خوازەی ڕەوانبێژیی باخی بەکار دەهێنان. دەیگوت، دەکرێ کەسەکان وەکو ڕووەك بچێنرێن. جارێکیان وتی هەر یەك لە ئێمە دەبێ باخی خۆمان بکێڵین، بەڵام بەهەمان شێوەش ڕوونیکردەوە کە، بە پێچەوانەی کتێبی (کاندید)ی ڤۆلتێر، پێی وانەبوو ئێمە خۆمان لە ژیان بسڕینەوە بۆئەوەی بژین. بەلای ماندێلاوە، ژیانی ئەو لە خزمەتی ئەوانیتردایە و باخەکە دوورکەوتنەوەیەکە لە پشێوی و زریانەکانی جیهان. لەو ڕووەوە، ئەمە یارمەتیدەری بوو لە کارە سەرەکییەکەیدا. ئەمە شوێنێك نەبوو بۆ پشوودان، بەڵکو شوێنی نوێبوونەوە بوو.

جارێکیان (سامویل جۆنسن) وتی هیچ شتێکی ئارامبەخش نییە ئەوەندەی تەرکیز خستنە سەر ئەرکێکی خۆش کە ئەقڵ قاڵ دەکات بەڵام زۆر فشاری ناخاتە سەر. بەلای جۆنسنەوە، ئەمە سنوقێکی ئامرازەکانی کیمیا بوو، بەلای ماندێلاوە باخ بوو. بەلای ئێمەومانانەوە، لەوانەیە شتێکی تەواو جیاواز بێت. شتە سەرەکییەکە ئەوەیە هەریەك لە ئێمە پێویستی بە شتێکە دوور لە جیهان کە خۆشی و قەناعەتی بداتێ، شوێنێکی جودا.

هەروەکو ماندێلا جارێکیان وتی (پێویستە باخی خۆت بدۆزیتەوە).



Scanned with CamScanner

## دیاریی ماندێلا

بەڵێ، من ئامۆژگاریی ماندێلام وەرگرت– من و ماری لە ساڵی ١٩٩٤دا هاوسەرگیریمان کرد. سێ ساڵ دواتر، لە ئێوارەی پێش ڕۆژی سەری ساڵ، تەلەفۆنمان بۆ کرد بۆئەوەی پێی بڵێم ماری سکی پڕە. گەشایەوە. دەیویست پێبکەنێت، پێم وت ئەگەر کوڕ بێت ناوی دەنێین (ڕۆلیهلاهلا). هەروەکو خەڵکێکی کەم بەمە دەزانن، ڕۆلیهلاهلا ناوی ڕاستەقینەی ماندێلایە. بە زمانی خوسی واتە درەخت لەقێنەر. قەت گوێم لێ نەبووە کەسێك بەم ناوە بانگی بکات و ئەویش قەت بەکاری ناهێنێت، بۆیە من وەکو نوکتەیەك وتم. بەڵام ئەو پێنەکەنی. بێدەنگییەك هاتە ئاراوە. دەبێ بە هەڵە گۆم کردبێت؟ ئایا پێی وابووە بێ چاوەڕووانەیە سپی پێستێکی ئەمریکی نوکتە لەسەر ناوەکەی بکات؟ پاش هەڵوەستەیەك، وتی ئەبێ لەگەڵ ماری قسە بکەم. تەلەفۆنەکەم دایە دەستی و هەر کە وتی هەلەو، گوێم لێ بوو بە دەنگە گەورە سافیرەییەکەیەوە وتی (ناتووانم چیتر چاوەڕوانی بینینی تۆ– و ڕۆلیهلاهلای بچکۆلە بکەم!)

چەند مانگێك دواتر، کاتێك لە نەخۆشخانە بووین پاش لەدایکبوونی یەکەم کوڕمان، پەرستارە جدییەکە پەڕەکەی بۆ هێنایین بۆ ئەوەی

ناوەکەی بنووسین. سەیری یەکتریمان کرد و پەیوەندییە تەلەفۆنییەکەی کریسمەسمان بیر هاتەوە. نەخێر، نەمانتووانی بیکەینە ناوی یەکەمی...پاشان بە مکوڕی و بەپیتی گەورەوە نووسیم گابرییێل ڕۆلیهلاهلا ستێنگەل.

کوڕەکانم هێشتا لاون، بەڵام هەریەکەیان چەند جارێك بەناونراوەکەیان بینیووە. کوڕە بچوکترەکەمان، ئەنتۆن، داوای ناوی ناوەڕاستی ماندێلای بۆ خۆی کردووە و ئێمەش پێمان وت (مادیبا)یە کە ناوی خێڵەکەی ماندێلایە و زۆرێك لە هاوڕێکانی بەو ناوە بانگی دەکەن. ئایا بە تەواوەتی دەزانن ماندێلا کێیە، رەمزی چییە و چ ڕۆڵێکی لە ژیانیاندا بینیووە؟ نەخێر نازانن. بەلای ئەوانەوە، ئەو پیرەپیاوێکی دەم بە بزەی قژ سپییە کە پێشوازییان لێ دەکات، دەستیان دەگوشێت و پرسیاریان لێدەکات حەزیان لە چ وەرزشێکە و بۆ نانی بەیانی چیان خواردووە. بەڵام رۆژێك دێت کە دەزانن. دەزانن ئەو کێیە، چی بەدی هێناوە و ئەمەی کە بەشێکە لەو شتەی لە خێزانێکدا کۆمان دەکاتەوە. درك بەوە دەکەن کە ماندێلا دەزوویەکی ئاڵتونیی تایبەتە کە دەیانبەستێتەوە بەم کەسایەتییە مێژووییە پاڵەوانە و ئەو بەهایانەی کە خەباتی بۆ کردوون. لە ناخەوە هیوادارم ئەمە بیانکاتە کەسانی باشتر و ئەمە دیارییەك بێت بیکرنەوە.

کاتێك وێنای میراتی ماندێلام بۆ کوڕەکانم کرد، ئەو وتوێژە دڵتەزێنەم لەگەڵ کوڕی یەکەمیدا بیر دێتەوە کە جارێکیان پرسیاری لە باوکی کردبوو بۆچی قەت شەوێك لەگەڵ خێزانەکەیدا بەسەر نابات. ماندێلاش لە وەڵامدا

وتبووی لەبەرئەوەی ملیۆنان منالّ هەن پێویستیان بەم هەیە. ئەمە چەنێك سەخت و تەنانەت زبر دیارە، مەزەندەیەکی سادە و لەگەلّ ئەوەشدا خەمناك بوو لەلایەن ماندێلاوە. یەکێك لەو شتانەی کە ماندێلا لە رێگەی قوربانیدانی سۆراخیکرد ئەوە بوو رۆژێکیان لە رۆژان باوکەکان و دایکەکانی تریش هەمان قسەی ئەو بەرانبەر منالّەکانیان نەکەنەوە، بەشکو کورەکەی ولاّتێکی ئازادی بە میرات بۆ بمێنێتەوە کە تیایدا پێویست نەکا شەڕی ئازادییەك بکات کە مافی زکماکییەتی. بە شێوازێکی فراوانتر، ماندێلا دەیەوێ دەزوویەك هەبێت لەنێوان ژیانی، بەهاکانی و دەستکەوتەکانی و هەموو کەسێك کە لەدوای ئەو دێت. چەنێك ئەشێت ناوازەش بێت، پێت دەلّێت ئەو بەشێکە لە زنجیرەیەکی درێژی رێبەرایەتی- درێژەی ئەو کەسانەی کە پێش ئێمە هاتن و ئەوانەی کە دوای ئێمە دێن، زنجیرەیەکی گەورە و بەهێزی ئەوانەی کە لە شەڕدان بۆ بەرفراوانکردنی ئازادیی مرۆیی.

لە حالّەتی ماندێلادا، هەر لە منالّییەوە خۆی خزاندبووە ناو مۆدێلەکانی سەرکردایەتییەوە. هەر لەو پاشایەوە کە بەخێوی کرد، گرنگی گوێگرتن و رێنوێنی نەك حوکمڕانی بە فەرمانپێکردن، فێر بوو. ئەو لەبەردەم پاشادا دادەنیشت، گوێی بۆ چیرۆکەکانی ئەو سەرکردە خوسییە کۆنانە هەلّدەخست کە شەڕیان لەپێناو خەلّکەکانیان دەکرد و خۆی بە میراتگری نەریتێکی لەمێژینەی پالّەوانەکانی ئەفریقا دەبینی. هەر لە بەڕێوەبەرە ئینگلیزەکانی قوتابخانەکانی، فێری گرنگیی خوێندن و شەرەف و



Scanned with CamScanner

دیسپلین بوو. لەکاتێکدا کە لە (فۆرت هێر)، گوێی لە وتارە بزوێنەرەکانی سەردەمی شەڕی وینستۆن چەرچڵ گرت و درکی بەوە کرد کە چۆن سەرکردە ئیلهام دەداتە گەلێك. لە والتەر سیسولوی یەکەم ئامۆژگاریکەری لە جۆهانسبێرگ، فێری ئەوە بوو چۆن پراگماتیك و واقیعی بێت لە سۆراخکردنی ئامانجەکانیدا. لە (ئۆلیڤەر تامبۆ)ی هاوکاری یاسایی و هاوڕێی فێر بوو بەسەر هەستەکانیدا زاڵ بێت، ئارام بێت و کاردانەوەی کتوپڕی نەبێت. لە گەشتێکدا کە بۆ دەرەوەی ئەفریقای باشوور ئەنجامیدا پێش ئەوەی بۆ ماوەی چەند دەیەیەك لە زیندان قایم بکرێت، کەوتە ژێر کاریگەریی دەرکەوتنی (جولیەس نیەرەر)ی سەرۆکی تانزانیایی وەکو خزمەتکاری خەڵك بە خانویەکی سادە و ئۆتۆمبێلێکی بچوکەوە. لە ئەدیس ئەبابا، سەرسام بوو بە شکۆمەندیی شاهانەی (هەیل سێلاسی)ی و یەکپۆشییە رەونەقدارەکەی. لە دوورگەی رۆبێن، لە زۆر رووەوە بووە مامۆستای خۆی، بەڵام لە والتەر سیسولوی دۆستی لەمێژینەیەوە فێر بوو چۆن کەڵك لە روانگەکانی تریش وەرگرێت، لەگەڵ رکابەرەکانیدا ئاشت بێت و سۆراخی کۆدەنگی بکات.

تەنانەت پاش دەرچوونیشی لە زیندان و بوون بە یەکەم سەرۆکی دیموکراتییانە هەڵبژێردراوی ئەفریقای باشوور، بەردەوام بوو لە فێربوون لە سەرکردەکانی ترەوە. پێی وتم چۆن دڵخۆش و سەربەرز بووە بەوەی جۆرج بوش ئەویشی خستووەتە ناو لیستی ئەو سەرۆکانەی کە پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵدا کردوون و بەخشندەییەکەی بەلاوە پەسەند بووە. زۆر

کارتێکراو بوو بە گەرم و گوڕی، وزە و گەنجایەتییەکەی بیلّ کلینتن و بۆی دەرکەوت کە دەشێ ستایلێکی نارەسمیتری ڕێبەرایەتی لەوەی ئەو، زۆر کاریگەر بێت. لە تۆنی بلێرەوە، بۆی دەرکەوت چەنێك گرنگە بۆ سەرکردە بتوانێت بیرۆکە و سیاسەتەکانی بۆ خەڵك ڕوون بکاتەوە، تەنانەت ئەو کاتەش کە دەنگدەرانیش هاوڕا نین.

زنجیرەی ڕێبەرایەتی بەشێوەیەکی دیاریکراو لەبەر چەمکی ئەفریقی (ئوبونتو) بۆ ماندێلا گرنگە- ئەوەی کە خۆرئاواییەکان پێی دەڵێن برایەتی. ئەم بیرۆکەیە کە لە بەشی چوارەم باسم کردووە، جەوهەرییە بۆ تێگەیشتن لەوەی ماندێلا چۆن بیر دەکاتەوە و خۆی دەبینێت. وشەکە لە پەندێکی (زولو)ییەوە دێت کە دەڵێت (کەس تەنیا لە ڕێگەی کەسانی ترەوە کەسە). بیرۆکەکە ئەوەیە کە ئێمە هیچ شتێك بە تاقی تەنیا ناکەین، چەمکێك کە لە بیرۆکەی ئەو تاککەراییە دادەبڕێت کە تایبەتمەندیی خۆرئاوایە لە سەروەختی ڕێنیسانسەوە. ئوبونتو، خەڵکی کەمتر وەکو تاکەکەسان و زیاتر وەکو تۆڕێکی ئاڵۆزی مرۆڤەکانی تر دەبینێت. ئەمە بیرۆکەیەکە دەڵێت ئێمە هەمووما‌ن بە یەکترییەوە رایەڵین، ئەمەی کە (من) هەمیشە پاشکۆی (ئێمە)یە.

ماندێلا هەندێ جار باسی نەوەکانی دەکات و من دەڵێم (فلان و فیسار منالّی یەکێك لە منالّەکانی تۆ نین). بزەیەکی دێت و سەری دەلەقێنێت و دەڵێت (لە کەلتووری ئێمەدا، منالّەکانی خزمەکانیشمان هەموویان نەوەن). ماندێلا پێکەنینی دەهات بە مانای وشەیی درەختە خێزانییەکان



Scanned with CamScanner

(شەجەرە عائیلیەکان)ی خۆرئاوا. بە تێڕوانینی ئەو، ئێمە هەموومان لقەکانی یەك درەختی خێزانیی گەورەین. ئەوەیە ئوبونتو.

هەرچەندە دەشێ ئێمە هەمووان رایەڵێکمان لەگەڵ ماندێلادا هەبێت، ئەو بەهەمان شێوە بە تەنیایە و لە دەرەوەی ئێمەدایە، بەرجەستەبووی شتێکی گەورەترە لە خۆمان، رەمزی باشترینی مرۆڤایەتییە. ئەزموونی ئەو هەم تاکە و هەم گەردوونییە. ئەو دەمانجوڵێنێت چونکە نموونەی پاڵەوانێکی رۆژگاری مۆدێرنە، پیاوێك کە لە ناشوێنەوە دەردەکەوێت، تەحەددییەکی چارەنووسساز دەگرێتە بەر، تووشی دادگایی و تراژیدی دەبێت و تەقریبەن شکست دێنێ و پاشان دەبوژێتەوە و هارمۆنی بەدەست دێنێت. ئەمە هەمان ئەو حیکایەتەیە کە لەبارەی بودا، موسا، موحەمەد و عیسا دەیبیستین. ژیانی ماندێلا هەمان کێش و سەروای هەیە.

***

وەکو کەسایەتییە مەزنەکانی تر، ماندێلا ئیلهامی مانایەك لە متمانە دەبەخشێت. متمانە بنەمای رێبەرایەتییە. ئێمە متمانە بەوە دەکەین کە سەرکردە راستگۆیە، بەتوانایە و روئیای بۆ ئامانج هەیە. بەڵام متمانە لە ئاستێکی قووڵتریشدا کار دەکات. ئێمە متمانە بەوە دەکەین کە رێبەر ئەو کەسەیە کە وا دەردەکەوێت رێبەر بێت، ئەمەی کە کەسە تەنیاکە و کەسەکەی ناو خەڵك هەریەکن. لەم بارەدا، نیلسۆن ماندێلا پیاوێکە وا دەردەکەوێت. ئەو بەهایانەی کە لەناو خەڵکدا پشتیوانییان دەکات هەر ئەوانەن دوور لە چاوی خەڵکیش پراوەیان دەکات. لە هەموو ئەو ماوەیەی



Scanned with CamScanner

که پێکەوە بووین، قەت سەری نەهێنایە بن گوێم و بڵێت (باشە، ئەمە با تۆمار نەکرێت، فڵانە شتە شتێکی قێزەونە). ئەو لە قسەکانیدا هاودژی هەیە، بەڵام دووڕوویەکی کەمی تێدایە.

بێگومان ئەمە بەو مانایە نییە کە ناتووانێت نائومێدت بکات، یان تەنانەت هەندێ جار بوغزن بێت. هەندێ جار رووبەڕووی شتەکان نابێتەوە یان بەڵێنەکان جێبەجێ ناکات. ئەو دەزانێت ئەشێ جدیبوون و خاکیبوون لە فەزیلەتە گشتییەکان بن، بەڵام مەرج نییە شەخسی بن. ئەو مەیلێکی مرۆییانەی هەیە و ئەمە ناشارێتەوە، هەرچەندە ئەوپەڕی هەوڵی خۆی دەدات کپی بکات. ئەو مەزنە، چونکە بەسەر کێماسییەکانیدا زاڵ بووە، نەک لەبەرئەوەی تیایدا هەن.

جارێکیان لێم پرسی ئاخۆ تووشی سەرسوڕمان بووە بەوەی کە چەنێك گەورە کراوە کاتێك لە زیندان هاتووەتە دەرەوە، روخساری لەسەر ملیۆنان پۆستەر و تی شێرت بووە. توانجی ئەوەم لێدا کە بووەتە ئەفسانەیەکی زیندوو.

تەقریبەن بە تۆنێکی خۆلادان وتی (نا...پێم وانییە شتێکی تەندروست بێ بۆ خەڵکی کە وەکو رزگاکەر بتبینن. لەو بارەدا، ئەوان تەنیا نائومێد دەبن. پێویستە بزانن کە سەرکردەکانیان لە گۆشت و خوێنن، مرۆڤن. دەمەوێ بەو شێوەیە بیر لە منیش بکەنەوە. ئەگەر پێیان وابێت تۆ رزگارکەریت، ئەوا چاوەڕوانییەکانیان زۆر بەرز دەبێت. با پێیان وابێت تۆ پاڵەوانیت، بەڵام نەك ئەفسانە.



Scanned with CamScanner

جیهان ماندێلا نەك تەنیا مەزن کرد، کردوویەتی بە وێنەیەکی سۆزی، کردوویەتی بە بابانوێلێکی رەش پێست، ئەو پیرە پیاوە بەخشندەیەی کە قوربانیی ناوازەی بۆ دۆزێکی ئەخلاقی ئەنجام دان، رەمزێکی دەم بە بزەی چاکەیەکی بێگەرد. بەڵام پاڵەوان بێت یان نا، فریشتە نییە؟ ئەو زۆر بڕیاری قورسی لە ژیانیدا داون- بڕیارگەلێك کە لەوانەیە هەڵە یان نادادپەروەرانە بووبن، بڕیارگەلێك کە خەڵکی ئازار داوە و بریندار کردووە، تەنیا بوونەتە هۆی مردنیان. ئەو دەزانێ کە رێبەرایەتی زۆرجار بە مانای ئەوە دێت لەنێوان دوو بژاردەی خراپدا یەکێکیان هەڵبژێریت و ئەمەی کە دەبێ کەسە باشەکان بڕیارگەلی وەها بدەن کە لێکەوتەی خراپی هەیە.

لە هەمان کاتدا، پێویست ناکات دانی بڕیاری قورس بە مانای پێشێلکردنی پرەنسیپە یەکەمەکان بێت. هەروەکو خۆی دەڵێت، پێویستە تۆ لە شێوازی سۆراخکردنیدا، لە ئامانجەکە ورد بیتەوە. هەندێ جار ئەو وتەیەی گاندی دەهێنایەوە کە دەیگوت: (ببە بەو گۆڕانەی کە بەدوایدا وێڵیت). ماندێلا لەگەڵ هەموو شتێکدا هەڵیدەکرد بەڵام لەگەڵ هەڵنەکردندا هەڵینەدەکرد. ئەو لە ئامانجەکەیدا بۆ کۆتاییهێنان بە جیاکاری، جیاکاری نەدەکرد. نابێ ئامانجی پیرۆز بە ئامرازە شەرمەزارییەکان سۆراخ بکرێت. ئامرازی کرداری، بەڵێ. ئامرازی سوودخوازانە، نەخێر.

رێك هەر ئەم کردارییبوونە-و نەك تەنیا خاکیبوون- وای لە ماندێلا کرد بینران وەکو رزگارکەر رەت بکاتەوە. قسەی وەها چاوەڕوانییەکان لە رادەی خۆی گەورەتر دەکات. سەرەنجام، ئەو نەیویست بەڵێنی قەبە بدات

و له جێبەجێکردنیشدا کورت بێنێت- ئەمە مەرگە بۆ سیاسەتمەدار و بەدڵنیاییەوە بۆ رزگارکەریش.

بۆیە لێم پرسی، کەواتە جیاوازیی چییە لەنێوان ئەفسانە و پاڵەوان؟ وتی (ئاه، ئەزانی، ژمارەیەکی کەمی ئەفسانە هەن. ئەفسانەکان زۆر دەگمەنن، شتێك کە نەبینراوە. بەڵام هەزاران پاڵەوان لە ئەفریقای باشووری ئەمڕۆدا هەن. پاڵەوان پیاوێکە کە بڕوای بە شتێك هەیە، بوێرە، لەوانەیە سەرکێشی بە ژیانی خۆیەوە بکات لەپێناو چاکەی کۆمەڵدا). ماندێلا دەزانێت پاڵەوان بووە، بەڵام تەنانەت پاڵەوانیش لەسەر شانی ئەوانیتر رادەوەستێت. هەزاران پیاو و ژن هەبوون کە سەرکێشییان بە ژیانی خۆیانەوە کرد بۆئەوەی ئەو بتوانێ سەرکێشی بەوەی خۆیەوە بکات، هەزاران ژن و پیاو کە کردارە نەزانراو و یادنەکراوەکانی بوێرییان رێگەخۆشکەر بوو تا ئەو بوێریی خۆی دەربخات.

بوێری رەگی لێرە و لە ئێستادا هەیە. ماندێلا بە مانا فەلسەفییەکەی ماددیگەرایە. ئەو متمانەی بە شتێك نییە کە ناتوانێت دەستی لێبدات و بۆ ماوەی ساڵانێك خۆی لە هەر گەڕانەوەیەك یان پشت بەستنێك بە هێزێکی باڵاتر لاداوە. ئەو پشتی بە هەڤاڵەکانی بەستووە نەك خوداوەندێکی دوورەدەست. نزای نەدەخوێند، تێدەفکری و هەنگاوی دەنا. بۆ ئەوانەی کە دەیانگوت هەموو شتێك لەبەر هۆکارێك روودەدات، وەڵامەکەی ئەوە بوو کە ئێمە هۆکارەکەین و ئێمە ئەو کەسانەین کە وا لە



Scanned with CamScanner

شتەکان دەکەین رووبدەن. چارەنووسێك نییە کە مەنزڵ و ئامانجمان دیاری بکات، خۆمان دیاری دەکەین.

***

ئەوە بووەتە قسەی سواو کە سەرکردەکان دەڵێن لە هیچ شتێك پەشیمان نین. وەك بڵێی دانانان بە پەشیمانی بەڵگەی لاوازییە. ماندێلا پەشیمانی زۆری هەن. لەسەر پرسە گەورەکان، بڕوای وایە رێڕەوێکی دروستی هەڵبژاردووە بەڵام دەشزانێ بەدرێژایی رێگاکە لادانی هەڵەی ئەنجام داون. خەمەکەی هی بیرکردنەوەیە لەو رێچکانەی پیایاندا نەڕۆیشتووە، لەبارەی ئەمەی کە ئاخۆ قوربانیی ژیانە کەسییەکەی قابیل بووە یان نا. ئەو سەرەنجام دەڵێ ئا، بەڵام ئەمە سوکنایی نییە بۆ ئازارەکەی.

پاش تیرۆرکردنی کریس هانی، من لەگەڵ ماندێلا چوومە ماڵی هانی، کە لەوێ چاومان بە بێوەژنەکەی کەوت. پاش قسەکردن لەگەڵیدا بەتەنیا، ماندێلا قسەی بۆ بیست کەسێك کرد کە لەوێ بوون. هاوخەمییەکەی بۆ خاتوو هانی بەهێز بوو. دەیگوت ئەو ژنێکی پایەدارە (بەڵام برینەکانی بە چاو نابینرێن. برینە نەبینراوەکان زۆر بە ئازارن تەنانەت لەو برینانەش بەئازارترن کە ناتووانیت بیانبینیت). بەلای منەوە روون بوو کە ئەو لەهەمان ساتدا مەبەستی خودی خۆشی بوو.

ئێمە دوایین چاوپێکەوتنی رەسمیمان بەیانییەکی کۆتا هەفتە لە ماڵەکەیدا ئەنجامدا لە (هوگتۆن). من هەمیشە هەوڵم دەدا زیاتر بە

شێوازی شاعیرانەتر و فەلسەفیتر بدوێت و ئەو تەقریبەن هەمیشە خۆی ئەبوارد. لەم کۆتا ڕۆژەدا، هەوڵمدا وای لێبکەم قووڵ بێت کەچی وەکو پێشوو وەڵامی کرداری و کارنامەیی بۆ هەموو پرسیارەکانم ئەخستەڕوو. بەڵام تاوەکو کۆتایی، پاش ئەو هەموو نقورچەم، هەڵوەستەیەکی کرد، لە پەنجەرەکەوە ڕوانییە دەرەوە و وتی (کەسان دێن و کەسان ئەڕۆن. منیش هاتووم و لەکاتی خۆمدا ئەڕۆم). تەنانەت ڕەوانبێژییەکەشی واقیعییە.

کە کاتەکەمان تەواو بوو، هەڵسایە سەر پێی و من چووم دەستی بگوشم. دەمزانی لەوانەیە جارێکی تر تا ماوەیەك نەیبینمەوە و ئەمەی کە ئێمە گەیشتووینەتە کۆتایی گەشتێکی تەواو گەرم و گوڕ و من دەستەکەی ترم دەخەمە سەر شانی. ماندێلا لەڕووی جەستەییەوە کەسێکی زۆر گەرم و گوڕ نییە، بەڵام پاش کورتترین سات، دەستی خستە سەر شانم و لە خۆی نزیك خستمەوە. لەو ساتەدا، خۆم بۆ نەگیرا و بە توندی باوەشم پیا کرد. دەمزانی ئەتووانێت درك بە هەستم بکات و ئەوپەڕی هەوڵمدا فرمێسکەکانم بوەستێنم. تەنانەت لە حەفتا و پێنج ساڵیدا، پایەدار و تۆکمە بوو. لەو ساتەدا، (ئێدی دانێڵز)م بە خەیاڵدا هات، ئەو زیندانییەی دوورگەی ڕۆبێن کە وتبووی کاتێك بە تەواوی بێهیوایە، تەنیا بە بینینی ماندێلا، دەستی لێدان و لە باوەشگرتنی، بەس بوو بۆئەوەی سوکنایی بێت، ببووژێتەوە و ویستی ژیانی دووبارەی تیا پەیدا ببێت. بیرم لەو سەدان و بگرە هەزاران کەسەی سەرانسەری چەند دەیەیەك کردووەتەوە،

کەسانی ناو بارودۆخی خەمناك و ترس و نائومێدی، کەسانێکی بەئازار و تەنانەت روو لەمەرگ کە پەنایان بۆ ئەو بردووە بۆ ئاسودەیی و هێز. ئەو لەمە تێگەیشت و رێگەیدا ئەم بیرکردنەوەیەم هەبێ.

پاش ساتێکی درێژ وتی باشە، با برۆین، من لەدواوە وەستام و تەماشام کرد کە بە خاوی رێگەی قادرمەکانی سەرەوەی گرتە بەر.

***

لەوەتەی ئیشمان پێکەوە کردووە چەند جارێکی تر ماندێلام بینیووەتەوە، بەڵام درۆزن دەردەچم ئەگەر بڵێم جارێکی تر هەستم بە هەمان گەرم و گوری دەکردەوە یان ئەوە بووە کە من خۆم تامەزرۆی ئەم هەستە نەبوومەتەوە. لە راستیدا، من بووم بە یەکێك لەو سەدان کەسەی کە لە سەختترین بارودۆخدا لە تەك ئەودا ژیانیان بەسەر دەبرد و کە لە زیندان ئازاد بوو پەیوەندییە گەرمەکەیان پچڕا. لەکاتێکدا کە قسەم لەگەڵ دە دوانزە زیندانی کرد و ناسیمن، یەکێك لەو تاکە شتانەی کە لەوانەیە ئەوان بیری بکەن، ئەو پەیوەندییە گەرم و گوڕ، بەهێز و رۆژانەییە بووە کە لەگەڵ زیندانیی ژمارە ٤٦٦٦٤دا هەیانبووە. منیش بیری ئەم پەیوەندییە دەکەم. بەڵام دەشزانم، وەکو چۆن ئەو پیاوانەش دەزانن، ناکرێ دووبارە بێتەوە، لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا سەریهەڵدا. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمە لە هێزی پەیوەندییەکەی کەم نەکردەوە. هەریەك لە ئێمە پارچەیەکی بچوکی ماندێلای بۆ خۆی هەڵگرتووە.



Scanned with CamScanner

جێی سەرسوڕمانە، لە کارکردنمدا لەسەر بیرەوەرییەکانی ماندێلا، دەبووایە ئەو و بیروباوەڕەکانی بکەمە بەشێك لە خۆم. زۆرجار دەبووایە لە خۆم بپرسم (لەم بارەدا نیلسۆن ماندێلا چی دەکرد؟) ئەمە وەرزشێکی بەهێز بوو. ئەمە، لانی کەم لەو چرکەساتانەدا، هەمیشە منی دەکردە کەسێکی باشتر- هێمنتر، ئەقڵانیتر، بەخشندەتر. دەمەوێ بتووانم بڵێم ئەو گۆڕانکارییانە لە مندا مانەوە، بەڵام زۆرجاریش ون دەبوون. بەڵام نموونەی ماندێلا لەگەڵ مندا مایەوە، هەروەکو هیوادارم لەگەڵ ئێوەشدا هەر بمێنێ. هەرچەندە دەشێ بارودۆخی ژیانی ئەو لەوەی ئێمە دوور بێت، نموونەکەی ئەو شتێکمان دەداتێ کە دەستی پێوە بگرین، رستێك لە پرەنسیپ و بەهاکان کە دەشێ بەناو سەردەمە سەختەکاندا رێنوێنیمان بکەن.


رۆژێکیان، پێش ئەوەی من و ماری هاوسەرگیری بکەین، ماندێلا پێی وت (من موبارەکت دەکەم چونکە ریچارد کوڕی منە). پێم خۆش بوو بە یەکێك لە کوڕەکانی ناوی بردم-و منیش خۆشم ویست- بەڵام بەهەمان شێوە دەشزانم کە ملیۆنان ملیۆن برا و خوشکم هەن.



Scanned with CamScanner

لە ئەفریقا چەمکێك هەیە بە (ئوبونتو) ناسراوە - واتە ئێمە تەنیا لە رێگەی مرۆڤبوونی ئەوانیترەوە مرۆڤین، ئەگەر ئێمە هەر دەستکەوتێکمان لەم جیهانەدا هەبێت، ئەوا بەهۆی دەستکەوت و کاری ئەوانیترەوەیە. "ریچارد ستێنگەل" یەکێکە لەو کەسانەی کە لەم بیرۆکەیە تێدەگات. ئەشو نووسەرێکی دیارە و تێگەیشتنێکی قووڵی لە مێژووی ئێمە هەیە. ئێمە زۆر سوپاسی دەکەین لە بەرانبەر هاوکارییەکەی لە نووسینی کتێبی (گەشتی درێژ بەرەو ئازادی). ئێمە چەند سەعاتێکی گەرم و گوڕی پڕ یادەوەریمان لە گفتوگۆ و کاری سەخت بەسەر برد بۆ پێکەوەنانی ئەو پڕۆژەیە. ئەو تێگەیشتنێکی قووڵی بەرانبەر ئەو تەحەدییە زۆرانەی بەردەم رێبەرایەتی خستووەتەڕوو کە هێشتا رووبەڕووی جیهانی ئەمڕۆ و کەسەکانی ناوی دەبنەوە. هەموو کەسێك دەتووانێ وانەی لێوە فێر ببێت.

نیلسۆن ماندێلا،
تشرینی دووەمی ٢٠٠٨




لەبڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما

Scanned with CamScanner